نووسینی
کریستۆفەر هیچنس

گۆڕینی لە ئینگلیزییەوە
محەمەد حەمەساڵح تۆفیق



ناوی کتێبەکە بە ئینگلیزی

**Christopher Hitchens**

# REGIME CHANGE

**Translated into Kurdish by:**
**Mohammed H. Tofiq**

**Penguin Books**
**USA – Great Britain**
**2004**

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان

www.roshnbiri.org

khanaywargeran@yahoo.com

- ناوی کتێب: گۆڕینی ڕژێم
- ناوی نووسەر: کریستۆڤەر هیچنس
- وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق
- بابەت: سیاسی
- تایپ: جیهان محەمەد
- نەخشەسازی کۆمپیوتەر: نازەنین ساڵح
- نەخشەسازی بەرگ: کەمال حامد
- زنجیرە:٦٤
- تیراژ:١٥٠٠
- ژمارە (٤٠٤) ی وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی پێدراوە.
- چاپ: چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم
- ساڵی ٢٠٠٤

# گۆڕینی ڕژێم

کریستۆفەر هیچنس نووسەرێکی بەناوبانگی بواری وتارو مشتومڕی سیاسییە و موعەلیقی بەردەوامی ڕادیۆو تەلەفزیۆنە. دانەری گەلێ کتێبە، لەوانە: سەرکەوتنی ئۆروێڵ، نامە بۆ نەیارێکی لاو، دادگایی کردنی هێنری کیسنجەر، هاوکات لەگەڵ کتێبی تر لەسەر قوبرس و کودستان و فەلەستین، لەنێوانیاندا گلەیی لە قوربانیان، کە پێکەوە لەگەڵ ئێدوارد سەعید دیانناوە. هەروەها نووسەرێکی هاوکارە بۆ ڤانیتی فەیر*Vanity Fair* و لەگەڵ کەسانی تریشدا دەنووسێ بۆ سلەیت *Slate*، ئەتلەنتیك مانتلی *Atlantic Monthly*، واشنتۆن پۆست *Washington Post* و بەشی پێداچوونەوەی کتێبی نیۆیۆرك تایمز *New York Times Book Review*. کریستۆفەر هیچنس ئێستا لەگەڵ خێزانەکەیدا لە واشنتۆن دەژی.

## بەرایی

ئەمە ئەزموونێکە لە ڕۆژنامەنووسیدا پێدەچێت کەڵکی خۆی هەبێت و لەدووتوێیدا هێمنی و تووڕەییش لەخۆدەگرێت. لە لووتکەی مشتومڕی نێودەوڵەتیدا، سەبارەت بە "گۆڕینی ڕژێم" لە عێراقدا و لەکاتێکدا وایدەگەیاند کە حوکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئیتر بەتەواویی پابەندی ئەو سیاسەتە بووبێت، من دەستم کرد بە نووسینی زنجیرە مشتومڕی توند بۆ گۆڤار و ماڵپەڕی Slate. بۆچوونەکە بریتی بوو لە تاقیکردنەوەی شیکاریی مەودا کورت لە بەرانبەر مەودا درێژدا، لە هەمان کاتیشدا هەڵوێست و قەناعەتەکانی مەودا درێژ بخرێتە بەر پەرچدانەوە و بەرەنگاربوونەوەی مەودا کورت.

من بە نیازم ئەم تاقیکردنەوەیە بەجۆرێ لێبکەم کە لەوانیتر بێلایەنتر و سەربەخۆتر بێت. من لە ڕوانگەی کەسێکەوە دەستم پێکرد کە لایەنی بەرهەڵستکاریی عیراق و کوردی گرتبێت لە دژی سەدام حوسێن، کەسێك کە هیوای سەرکەوتنیانی خواستبێت و هاتبێتە سەر ئەو بڕوایەی کەوا سەرەکیترین و گەورەترین هەڵەی ڕۆژئاواییەکان و بەتایبەتیش ئەمریکاییەکان لە میانەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، جێگیرکردنەوەی سەدام حوسێن بوو لە دەسەڵاتدا، ساڵی ١٩٩١.

من هیچ شتێکم لەوانە نەگۆڕی کە نووسیبوومن یان قسەم لەسەر دەکردن، پێش ئەو هێرشەی لە ٢٠ ی مارت تا ٩ ی نیسانی ٢٠٠٣ بەڕێوەچوو بەڵام لەڕاستیدا مەسەلەکەمان گەیاندە ئاستی



لەسەروەستانی ڕەحنەگرانەی هەر خوێنەرێك. پاشان ئەم بەراییە کورتە و پاشەکییەکم داڕشت. ئەمانە هەموو مێژوویان بۆ دانراوە و بەهەمان شێوە ئەوانی تریش بۆیان دادەنرێت. ئەڵبەتە ئەو کاتەی ئەم کتێبە بچووکە دەگاتە دەستی خەڵك گۆڕانی تر ڕوودەدەن، چاك بێت یان خراپ. کەسیش ناتوانێ ئەو هیوایە بخوازێت وەك مێژوونووسێك لەبارەی ئێستاوە بنووسێت، بەڵام دەکرێ وەك وتارنووسێك بێنە و بەرە لە سەر چەواشەکاریی بارێکی مێژوویی بکرێت کەوا هەندێك ڕووداو یان ئەنجام کە بە دوای هێرشەکەدا هاتن دەبوو بە پێچەوانەوە هەرگیز ڕوونەدەن. بەهەر حاڵ "لە خەونەکاندا بەرپرسیارێتی دەست پێدەکات" و ئەوانەی کەوا خەونی عیراقێکی ئازادیان بە زیندوویی هێشتووەتەوە دەبێ بەرپرسیارێتی لۆجیکی و ئەگەری ئەنجامەکانی داواکاریەکانیان قوبووڵ بکەن. یەك لە چالاکیەکانی ناسینی ئەوانەی بەمجۆرە مشتومڕ دەکەن ئەوەیە کە هەرگیز نەگەڕاون بەدوای خۆلادان لە مەترسیی ئەم حاڵەتە، ئەمەشە کەوا گشت ئەو جیاوازییەی دروستکردووە. من ئەم کارە بچووکەم پێشکەش دەکەم بە بەرهەم ساڵح و کەنعان مەکییە و ئەحمەد چەلەبی کە هاوڕێی ئەم خەباتە ڕەوایە و دۆستی دیرێنمن، هەروەها پێشکەشی دەکەمە دۆست و هاوکاری ئەم دواییەم میشێڵ کێڵی Michael Kelly کە لە ڕۆژی سانت پاتریکی ١٩٥٧دا لە دایکبووە و لە ٣ ی نیسانی ٢٠٠٣دا لە دەوروپشتی فڕۆکەخانەی بەغدا کوژرا ( کە پێشتر بەناوی سەدامەوە بوو ).

بیرۆکەی بنەڕەتیی، لە بینینی شێوازێکی ئاوها خێرای قسە و باسدا کە لە گێڕانەوە بچێت، بە تەوافوق دێت لە نێوان جاکۆب و

وایزبێرگی *Slate* و جەی مانێلی لەمەڕ ئاژانسی ولیەم مۆریس و ترێنا کیتینگی دەزگای کتێبفرۆشیی *Plume/Penguin* دا، کە پێشەکی و پاشەکیی درێژتریان بۆ نووسراوە. سوپاسی گەرمم بۆ ئەوان و بۆ گرەیدۆن کارتەر و ئەیمی بێڵی *Vanity Fair* کە هانیان دام سەر لە عێراق بدەمەوە، هەروەها بۆ پییێر مۆرگان و کۆنۆر هەننا لە دەیلی میرۆر *Mirror Daily*، کەوا گەلێك لە سەرنج و تێبینیەکانی رۆژانەمیان بڵاودەکردەوە لە سەر کێشە و ململانێکە. من بە تایبەتی منەتباری گرەیدۆن و پییێرم چونکە هەردوکیان پێیان وابوو من زۆر بە توندی و گەوجانە و بێمانا دەدەوێم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچکامێکیان نەیاندەویست قسەم پێ ببڕن.

**کریستۆفەر هیچنس**
**ستانفۆرد، کالیفۆرنیا**
**١٩ی نیسانی ٢٠٠٣**



# پێشـــــەکـــی

## دووربینی

## "مشتومڕ لەسەر جەنگ"

**١٨ ی مارتی ٢٠٠٤**

لە رۆژێکی بەستەڵەك و خۆرەتاوی مانگی شوباتی ٢٠٠٣دا بە سواری فرۆکە چووم بۆ مەشیگان، بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەیەکی بەیانیانی یەکشەممەدا لە دێربۆرن کەوا پۆڵ وۆڵفۆویتز Paul Wolfowitz ی جێگری وەزیری بەرگری ئامادەی بووبوو. ئەم شارۆچکەیە نیشتەجێی گەورەترین رێژەی دانیشتوانی ئەمەریکیە عەرەبەکانی ئەمەریکایە و لەنێوانیاندا دەیان هەزار پەنابەری عێراقیشی تێدایە. یانەیەکی شارۆچکەکە هۆڵی کۆبوونەوە گشتیەکانی خۆی خستبووە خزمەتی ئامادەبوونی زۆرێك لەو کۆچبەرانە و هاوڵاتیان تاوەکو پرسیارەکانیان ئاراستەی پێنتاگۆن بکەن. لێرە تارادەیەك شتێك لە ئەنجامی کۆبوونەوەکە بەرچاوکەوت کەوا خەڵکی ئەکادیمی و پرۆفێشناڵی زمان پاراوی عێراقی تێدا تێکەڵ بووبوو لەگەڵ شۆفێری تەکسی و خاوەن بازاڕ و کرێکاراندا کە پێویستیان بەهەندێك یارمەتی وەرگێڕان هەبوو. بەڕێوەبەری کۆڕەکە ژنە پزیشکێکی بەغایی ئاغر و رێکپۆش بوو بەناوی دوکتۆرە مەها حوسێن کە سەرۆکی بەشی توێژینەوەی شێرپەنجە بوو لە زانکۆی

مەشیگان. هەندێك مەلای مێزەر بەسەری سوننی و شیعەش بەڕێزەوە لەپێشەوە لەبەردەمیدا دانیشتبوون. من گەلێ کەسم لە ئامادەبووان بەشەخسی دەناسی و هەروەها لای هەندێکی تر ناسراو بووم لەو سۆنگەیەوە کە لە تەلەفزیۆنەوە داکۆکیم لە دید و بۆچوونی ڕژێم گۆڕین دەکرد. زۆرتری ئامادەبووان کلدانی مەسیحی یان نەستوریی کاسۆلیك بوون لە پێکهاتەی مەزهەبەکانی مەسیحی لە عێراقدا، بەڵام ئەمە ڕێی لەوۆڵفۆویتز نەگرت کەوا باس‌و سەرنجەکانی بە سڵاوێکی ئیسلامیانە"السلام علیکم" دەست پێبکات و هەروەها ڕێشی لەومەسیحی‌و بێدینیانەش نەگرت کە ئامادەی کۆڕەکە بووبوون بە چەپڵە لێدان پێشوازی مەبەستە"گشتییەکان" بکەن. دێربۆرن بوو، نەك دیترۆیتی نزیکی، کە ڕێخۆشکەربوو بۆ ناوبانگی هێنری فۆرد کەوا گەلێك ساختمان‌و شوێنی دیاریان بەناوەوەیە.

ڕۆژنامەکەی مستەر فۆرد، دێربۆرن ئیندیپێندانت *Dearborn Independent*، ئەودەم تەکنیکی ئەمی بەکاردەهێنا لەمەڕ بەرهەمهێنانی بەکۆمەڵی ساختەی بەد و درۆی چەوساندنەوەی، پرۆتۆکۆڵەکانی دەمڕاستانی زایۆن، کەوا سەرکۆنەی خراپەکاریی جیهانی دەکرد لەمەڕ گەلی جوولەکە و لە نێو سیناریۆی ڕووخانی ڕووسیای قەیسەریدا فریشکی گرت و توانی گەوهەری پرۆپاگەندەی دژمنکارانەی نازی پێکبێنێت. دێربۆرن ئیندپێندانت ئەم خڵتە و خاشاکە زۆرەی کرد بە زنجیرە، کە دواتر بوو بە کتێبێکی هەزاران بایی‌و لەم سەر بۆ ئەوسەری ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بڵاوبووەوە. لەم شارۆچکەیەدا کە ئەمە تێیدا دەستی پێکرد، من پێی لێدەنێم کەوا هەستم بە سووکە مووچڕکەیەك کرد کاتێ عەشاماتێك لە عەرەبی



دڵگەرمم بینی کۆبوونەتەوە و دەستخۆشی لە ئەکادیمییەکی جوولەکەی نموونەی گاڵتەجاڕی و فێڵباز دەکەن. ئەوان تەنها یەك پرسیاریان بۆ ئەم کابرایە هەبوو یان با بڵێین دوو پرسیار لە یەك شێوەدا. بۆچی ئەوسا ئەم ملهوڕەتان لە کۆڵمان نەکردووە و؟ دەتوانن دڵنیامان بکەن لەوەی کە بە دوای خۆتاندا دیموکراسی بێنن؟

مستەر وۆڵفۆویتز هیچ بەهرەیەکی نەبوو وەك هەر دیماگۆگییەك و ئەو بۆ ئیدارەیەکی کۆماری قسەی دەکرد نەك بۆ خۆی، بەڵام پێدەچوو کەیفخۆش بێت بە پێداگرتن لەسەر ئەم گومان و داواکاریانە. ئەو لەساڵی ١٩٧٨ەوە ئاگاداریی دەدرایە لەدژی سەدام حوسێن، زیاتریش بەم دواییە پتر وەك هەڕەشەیەکی دەرەکی دەردەکەوت وەك لەوەی ملهور و خودسەرێکی ناوەکی بێت. ڕاستێکەی ئەم و هەندێك لە هاوکارانی بەردەوام هێرشیان دەکرایە سەر بەوەی کە ڕقی سەدامیان لەدڵدایە ( تەنانەت لەپێش ١١ی ئەیلوولیشدا وەك هەندێك دەیانەوێت پێی لە سەر دابگرن ) و ئەم جیاکاریەشیان وەك باجی شەرەف بەخۆدا کردووە. ئەو بەچاکترین شێوە ئاستێکی نمایشکردنی سیمینار ئامێزی پێشکەش دەکرد بەڵام بەردەوام پرسیارکەران بەرەنگاری دەبوونەوە بەچیرۆك و بەسەرهاتە لەیادنەچووەکانی ئەشکەنجەو کوشتن‌و سووکایەتی پێکردن و تا لە توانایدا بوو دڵسۆزیی بۆ قسەکانی بوش دەردەبڕی لەمەڕ پابەندبوون بە دەستوور و یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەبارەت بە چەکسازی و بڕیارەکانی چەك داماڵین. بەڵام پاشان چەندی توانی ئاماژەی بەوەدا کەوا ئیدارە بەو ئاستەش بایەخ دەدات بە

دیموکراسی و ڕزگارکردن.هەروەها بەڵێنی ئەوەشیدا کە هێزەکانی ئەمەریکا ئەوەندە لە عێراقدا دەمێنێتەوە کەوا پێویست بێت.

ماوەیەکی بەرچاو پێش ئەم ساتەی ئێستای دێربوۆرن من گەیشتبوومە ئەو بڕیارەی کە داواکاریی ئەم کەسانەی لێرە ئامادەبوون ڕەوایە. وەك خەڵکێکی زۆری تر، منیش کەیفم بە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی دیموکراتخوازی ساڵی ١٩٨٩ هات کەوا مەیدانی تیان ئان مین بوو بە ڕەمزی و کەوتنی میانڕەویی پاش ستالینیزمی بەدوادا هات و ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی ترۆ کرد.

من ئامادەی هەندێك لە درامای ئەم دواییە بووم کاتی ڕووخاندنە خوێناوییەکەی بنەماڵەی چاوچیسکۆی فەرمانڕەوای ڕۆمانیا. ئەمە واکەوتەوە لای من کە وەهم و فریوی کۆنینەی حوکمی تاکەحیزب و تاکەکەس ( یان لێکگرێدانی چەپەڵی هەردوکیان ) لەڕووی مێژووییەوە هێند ئیدانەکراون زیاد لە هەر تیۆری و پراکتیکێك. دەست هەڵتەکاندنی خواحافیزی بۆ فرانکۆ و سالازار و دیگۆڵ و پاپادوپۆلس و پاشانیش خواحافیزی کردن لە هۆنیکەر و هوساك و ئەوانیتر، هەروەها یەکلاکردنەوەی حیساب لەگەڵ بینۆچێ و بۆسا جیهانی شارستانیی بڕێك حەوانەوە و ئاسوودەیی بۆ گەڕاوەتەوە و تەنانەت ڕەنگە چەردەیەك ئاشتیش کاتێ کە جەنگی سارد وەلاخرا.

ناکرێ دیموکراسی بسەپێنرێت بەڵام دەکرێ بەری بەرەڵابکرێت و لێبگەڕێی گەشە بکات. ڕەنگە نەکرێ هەموو چەکەکان تەفروتوونا بن بەڵام دەشێ بەدەربن لە پێویستی. جاڕدانی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە شتێکە ڕەنگە لەسەرخۆو پلە بە



پلە بکرێ بە سیاسەت ئەگەر بەزۆر جێبەجێ نەکرێت. "ڕێکخراوە ناحوکوومیە" مرۆڤدۆستەکان کە زۆر بوێرانە لە ئەفغانستان و شوێنانی تر کاردەکەن دەتوانن بۆشاییەکی زیاتر داگیربکەن و ئەڵتەرناتیڤ بن بۆ دەوڵەت و سوپا و میلیشا.

من ئێستا هەست بەجۆرە ساویلکەییەك و تاڕادەیەکیش خیانەت دەکەم لەو بارەیەوە، چونکە بۆ سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ کاتێکی ئەوتۆی نەویست بۆ ئەوەی لە دەوڵەتێکی سەرنەکەوتووی نیمچە سۆشیالیستی بڵحەوە بگۆڕێت بۆ نموونەیەکی زیندووی دەوڵەتێکی سۆشیال نەتەوەیی دژمنکار. سەدام حوسێن، کە هەردەم ئایدیۆلۆجیایەکی سۆشیالیست نەتەوەیی هەبوو، وایدانا کە ئەمە کاتێکی تەواو گونجاوە بۆ ئەوەی سەروەت و سامانی کوەیت بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ڕەنگە لە هەمووشی خراپتر ئەوەی کوڕە نازدارەکەی کیم ئیل سۆنگ بێت ــ کە گەورەترین دکتاتۆری پەرستراوی ئەم ڕۆژگارەمانە ـ کەوا کۆششی سەخت دەکات لەپێناو تێپەڕاندنی پەرستن و مەترسیی باوکی. دوانموونە و ڕەنگە خراپترینیان بێت ( ئەگەر سادەترین تێرمیش بەکاربێنین ) لەبەر ئەوەی کیم دای جۆنگی کۆریای باشوور بوێرانە بەرەوڕووی زیندانی کردن و مەرگ بووەوە بەدرێژایی ساڵانی هەشتاکان تاوەکو وڵاتەکەی بگۆڕێتە سەر ڕێبازێکی دیموکراسی و هەوڵ بدات چارەسەری ئەو دەردانە بکات کە لە دابەشبوون و دابڕانی جەنگی ساردەوە هاتبوونە کایەوە. من ساڵی ١٩٨٤ لە سەفەری گەڕانەوەیدا بۆ وڵات لەگەڵی چوومەوە و بەچاوی خۆم گرتنەکەیم بینی بەڵام بۆڕی نەخوارد و نەبەزی. کاتێکیش کە لەدواییدا هەڵبژێردرا قورسایی خۆی خستە سەر سەرەتاتکێی پێونگیانگ. هەموو کاتێکیش کیم جۆنگ ئیل ی

مرۆمۆچ گەلەکەی خۆی برسی دەکرد و ناچاری دەکردن کوڕنۆش بەرن لە بەردەمی خودای مەرگدا.

قسەکردن لەبارەی خوداوە بازدانێکی نوێی ئایدیای تۆتالیتێرە و لەهەمان کاتدا هێزێکی بزوێنەری زاڵە بەسەریدا. لە ئەفغانستان ڕژێمی تاڵبان مۆسیقا و گۆرانییان قەدەغەکرد و تەواوی ئاسەواری فەرهەنگی پێش ئیسلامیان تێکشکاندو وێران کرد و ژنیشیان کردە کۆیلە و کاڵا. بە پارێزگاریی ئەم رژێمە، توندڕەوە دەمارگرژەکانی ئەلقاعیدە خۆیان ئامادە دەکرد بۆ جەنگێکی ناوخۆی نێو جیهانی ئیسلامیو پلان دادەنێن بۆ چەسپاندنی ئامادەگییان لە ڕێگەی ناردنی ئەم جەنگەیانەوە بۆ ڕۆژئاوا.

بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمگەلێکی لەم چەشنە، کەوا هاولاتی تێدا ملکی دەوڵەتە و تەنها زەبروزەنگ و هونەری داهێنان تێیدا بەها و ڕەوشتی ڕەسمییە، پێدەچێت کارێك بێت دواخستن قبووڵ نەکات، ئەگەرچی ئەم مەسەلەیە زۆر دواخراوە. لەم ڕووەوە دیاردەیەکی گشتی لەئارادایە و کاریگەرە. سەدام حوسێن، تەنانەت پاش دەسدرێژیە شێتانەکەی ساڵی ١٩٩٠ ی وبگرە پاش بەزاندن و بۆڕخواردنیشی لە کوەیتدا ڕێگەی پێدرا لە دەسەلاتدا بمێنێتەوە و بەردەوام بێت لە کۆنترۆڵی کۆماری ترسەکەیدا. سلۆبۆدان میلۆسۆڤیج لە بۆسنیا و کۆسۆڤۆدا هەرچی هاتەڕێی کوشتی و سووتاندی و تالانی کرد پێش ئەوەی کۆمەڵی نێودەوڵەتی ئۆقرەی لەبەربڕێت. کۆریای باکوور داوای بەرتیلی دەکرد لە شێوەی یارمەتی خۆراکدا و تەنانەت کوورە ئەتۆمیەکانیشی تا ئاشکرا بوون هەر ساختە و



چاوبەستییان تێدا دەکرا. پیلان و دەست تێکەڵ کردنی نێوان ئەم سێ فەرمانڕەوا مۆتەکەیە، دەمێکە ئاشکرا و بەڵگەدارە. سربیا و عێراق چەکیان بەیەکتر دەدا و کۆریای باکوور"قەیرانەکانی" بەجۆرێك ڕێکدەخست کە چاو لە سەر سەدام لابچێت. گرنگ نەبوو بەلای بەغداوە میلۆسۆڤیج ڕقی لە موسڵمانانە و دەیانکوژێت بەقەدەر ئەوەش فاشیستەکانی سربیا بەلایانەوە گرنگ نەبوو کەوا بن لادن ڕقیە لە مەسیحییەت. ئەوانە هەر هەموو لە سەر یەك باوەڕ بوون کەوا ١١ ی سێپتەمبەر سزایەك بوو بۆ سەر ئەمەریکاییە نەگریسەکان. ( ئەم ئەقڵیەتە، بە شێوەیەکی فێڵبازانەتر، لەلایەن چەپڕەوە نوێکانەوە ڕەنگیدایەوە و بە ڕادەیەکی کەمتریش لەلایەن ئۆرگانەکانی مافی مرۆڤەوە لە ئەورووپا و ئەمەریکا. بەهەمان شێوەش لەلایەن زۆرێك لە ئەکلیرکە کۆنەخوازەکانی هەموو تایفە و مەزەبەکانەوە ).

درۆشمە سێ چوار وشەییەکانی چەپەکان هەموو جار پووچ و بێمانا نین. "نا بۆ جەنگ لە دژی عێراق" لە ساڵی ٢٠٠٣دا ڕەنگە ئەو بۆچوونە هیچ و پووچە پەردەپۆش بکات کەوا ئێمە شەڕمان لەگەڵ سەدام حوسێن نیە، بەلام هاواری ساڵی ١٩٣٠ "فاشیزم واتە جەنگ" شیاوی وەبیرهێنانەوەیە. ئەمە ئەو ئایدیایە دەپارێزرێت کەوا ڕژێمە تۆتالیتارەکان لەناوەرۆکدا دەسدرێژکار و ناجێگیرن و دەبێ و پێویستە شەڕێکیان لەگەڵ بکرێت. دواجار ئەوە ئامۆژگارییەکی خراپە کە لێبگەڕێی ئەوان کات و شوێنی ئەو پێکدادانە هەڵبژێرن. ستراتیجیەتی بوش - بلێر بۆ عێراق بەنیازی ڕاگرتن و بگرە پێچەوانە

کردنی ماوەیەکی دوورودرێژی پەلاماردان و تەنانەت پاشەکشەشە لەم بوارەدا و من ئەمە بۆ چەسپاندنی دیدو بۆچوونی ئەوانە دەنووسم کەوا هاتوونەتە سەر ئەو ڕایەی کە ئەمە ڕاست بوو.

سەبارەت بەو مەترسیە ئاشکرایەی کەوادێتە بەرچاو شتێکی ئەوتۆ نەبێت، من دەمەوێ بەوە دەست پێبکەم و بڵێم کەوا لە بەشێکی زۆری ژیانمدا هەوڵم داوە قسەکانم بە جۆرێك بنووسم کە دوای مردنی خۆم بخوێنرێنەوە. هیوادارم ئەمە ڕێگەیەکی میلۆدرامی یان خودپەرستی نەبێت بۆ گومان کردن لەوەی کەوا هەوڵدانی من لە نووسیندا بەو شێوەیەیە کە گوێ بە قسەی ئەو کەسانە نادەم پێیدادەچنەوە، ئەو برادەرانە چۆن بیردەکەنەوە، یان بیروڕای گشتی و باو چۆن بێت. ئەڵبەتە کەس ناتوانێ هەمیشە ڕاست بێت لەگەڵ ئایدیادا و منیش هەر ئەوەندەی کەسێکی تر توانای گەڕانم هەیە بەدوای پێکەنین یان چەپڵە یان کاریگەریی کورتخایاندا. من بە دڵسۆزییەوە دەڵێم کەوا بۆچوونی پاش مەرگ خوێندنەوەی بابەتەکانم هەرگیز بە تەواوی دەسبەردارم نابێت و من ئەمە لە ساتەوەختێکی سەرەتای مارتی٢٠٠٣ دا دەنووسم لەکاتێکدا بەتەواوی ڕوونە کەوا گەلێ کەس گرەوی مەعنەوی و سیاسیی خۆیان خستووەتە سەر نووچدانێکی ئەمەریکی یان بگرە بەزینێکی ئەمەریکیی نزیك لە بەرەنگاربوونەوەی عێراقدا. من ماوەیەك لەمەوپێش بڕیارم دا کەوا، بەمێشك و بەدڵ، لە پێگەی "گۆڕینی ڕژێم" دا بم و بەمجۆرە ئەمەم تۆمارکرد و بێ هیچ دوودڵییەك گرەوم لەسەرکرد و چاوەڕێی چەند هەفتەیەکی کەم بووم بزانم چی ڕوودەدات. ڕاستێکەی من هەوڵدەدەم مشتومڕ لە داهاتوو و لەبارەی



داهاتووەوە بکەم. ( تێبینی دەکەم کەوا یارییەکە لە هەفتەی سێیەمی مارتدا وای لە تۆماس فریدمانی لەمەڕ *نیویۆرك تایمز* کرد کە دواجار ئەعسابی لەدەست بدات و لە ڕاپۆرتێکدا دڵەڕاوکێی ژنەکەی، کە دژی جەنگە، دێنێتەوە یاد و دەڵێ  سەدام حوسێن خەریکە دەرووخێت بەڵام "ئەمە" ڕووخان نیە و من لە ململانێیەکی سەختدام بۆ ئەوەی ئەعسابی خۆم ڕابگرم ).

بۆ نموونە، ئەمشەو من وەڵامی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا دۆمینیك دوڤیلیپان دەدەمەوە لەسەر تەلەفزیۆنی ئینگلزی ــ فەرەنسیی کەنەدا. زۆر باشە مسیۆ، من نیازمە بڵێم ئایا ئەوە مەسەلەکە نیە کەوا سیاسەتی فەرەنسا "هەمووی لەبارەی نەتەوەوەیە"؟ ئایا سەدام حوسێن بڕێکی هێجگار زۆر پارە قەرزاری کۆمەڵەی کۆمپانیا فەرەنسیەکان نیە لەمەڕ کۆنتراکتەکانی جاران کە گۆرانییان بەباڵای یەکتردا دەوت؟  ئایا ڕاست نیە کە سیاسەتی "سەربەخۆی" ئەم دواییەی جاك شیراك تاقیکردنەوەی چەکە ناوەکییەکانی فەرەنسا بوو لە پاسیفیکدا بێ گوێدانە خواستی وڵاتە دەراوسێکان؟ ئەی باشە فەرەنسا کوورەیەکی ئەتۆمی بۆ سەدام حوسێن دروست نەکرد، لەکاتێکدا کە ەیزانی بۆ چ مەبەستێکێتی؟ ئەوە سیاسەتی فەرەنسا نیە کە "یەك لایەن دەگرێت"؟

بەهەرحاڵ، من زۆر بە داخەوەم کەوا گفتوگۆ لە سەر ئەم ئاستە سۆزئامێزە دەکەم لەگەڵ دیپلۆماتێکی ئەوروپاییدا کە دەبوو خاوەنی ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری و کاروباری سیاسەتی جیهان بێت. بەڵام من چیبکەم کاتێ کە ئەو دەڵێ "ئەنجامە ترسناکەکانی" کە لەلایەن

بڕیاری ١٤٤٢ ی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ئەستۆگیراوە دەبێ لەڕاستیدا ترسناك بن و پشکنینی زیاتری بەدوادا بێت.

هەر سیاسەتێکی تر و لە ژێر هەر باروزروفێکدا بێت ئەوا فەرەنسا ڤیتۆی لەدژ بەکاردێنێت. ئایا مسیۆ دوڤیلیپان دەزانێت کە من نازانم ڕاڵف ئیکیۆسی سوێدی، کە لەلایەن کوفی ئەنانەوە بە گەورەی پشکنەران دانراوە، پێشتر لەلایەن وەفدی فەرەنسییەوە لە UN ڤیتۆی لەدژ بەکارهێنرا؟ ئایا ئەمە لەبەر ئەوە بوو کەوا ئیکیۆس تۆمارێکی هەیە وەك پشکنەرێکی ورد و پابەند لەپاش ساڵی ١٩٩١ەوە، لەکاتێکدا هانز بلیکس ( کەوا فەرەنسا بە باشتری دەزانێ) بەدرێژایی ساڵانی نەوەدەکان پشتگیریی ئەوە دەکات کە عێراق و کۆریاری باکوور دوو هاولاتیی نێودەوڵەتیی باشن؟ <u>پاش بەینێك یەکێکیان دەبێتە بەندیی زانیاریی ئەویتریان و ئۆقرەی لێدەبڕێت لەگەڵ ئەوانەدا کە بە درۆ ئەو سادەییە دەردەبڕن و بەحاڵ و نەحاڵ گاڵتەجاڕییەکەیان دادەپۆشێت.</u>

لەوکاتەوەی ئەم قەیرانە دەستی پێکردووە من لەگەڵ ئەو کەسانە دەدوێم کە دەڵێن ئەگەر مەسەلەکە ترسناك بوو و هەڕەشەی توندی تێدا بەکارهات ئەوە سەدام حوسێن سوود لە چەکی قڕکردنی بەکۆمەڵ وەردەگرێت کە بەعادەت دەڵێن شکی نابات. من خۆم وا ڕاهێناوە گوێم لەوە بێت کەوا کۆمپانیاکانی نەوت لە ئەمەریکا، کە دەیانویست تەنانەت ئابلووقە لە سەر سەدام هەڵبگیرێت، ئێستا کۆنترۆڵی کۆشکی سپییان کردووە. پەنجەکانی خۆمم بەیەکتردا دەدا بەدەم چاوەڕوانی کردنی قسەکەری بەرامبەرمەوە بۆ ئەوەی بڵێ ئەمە جەنگێکە بۆ بەرژەوەندی و قازانج و زۆر زیاتری تێدەچێت لەوەی



ئێمە بتوانین بیدەین و ناکرێ ببێتە جەنگێك بۆ دیموکراسی لە عێراقدا چونکە دەبێتە هۆی جیاوازیی ئاشکرا لە نێو عێراقیەکاندا.

هەندێك دەڵێن ئەم سیاسەتە لە سەر ئەو ڕاستییە داڕێژراوە کەوا ئەمریکا ئیمپراتۆر یان زلهێزێکی نائاسایی بێت. ئەمەش تێڕوانینێکە ڕەنگە بەتەواوەتی ڕوون و لەجێی خۆیدا بێت ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان بە لای سەدام حوسێندا بیشکاندایەتەوە ( وەك لە ڕابردوودا کردی ). هەندێ کەس زۆڵانە ئاماژە بەوە دەدەن کەوا ئەگەر بە تەنها ئیدارەکەی بوش ڕێکەوتننامەی کیۆتۆی ئیمزا بکردایە . کە بەتەواوی دەنگی نەهێنا لە سەناتی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ـ ئەوە هەوڵێکی باشتری لە بەردەمدا دەبوو کە قەناعەت بە خەڵك بکات کەوا سەدام حوسێن جێی مەترسییە. هەندێکیش دەڵێن لەبەر ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشتر هەڵە بوو ئەگەری ئەوە هەیە ئێستا نەتوانێ ڕاست بێت، یان مافی ئەوەی نیە کە ڕاست بێت. ( ئیمپراتۆرێتی بەریتانیی ئوستوولێکی نارد بۆ ئەفریقا و ولاتانی کاریبی بۆ بەردەوامی پێدانی بازرگانیی کۆیلە، کەچی هەمان ئیمپراتۆریەت پاشتر ئوستوولێکی نارد بۆ پشتگیری کردن و بەهێزکردنی هەڵوەشانەوەی ئەو بازرگانیە. من ناڕازی نەبووم لە سیاسەتی دووەم چونکە یەکەمم بەدڵ نەبوو، لە گەڵ ئەوەشدا سیاسەتی دووەمم وابینی کە پێویستییەکی ئەخلاقی بێت بۆ داپۆشینی یەکەم ). لە کۆتاییدا من بەردەوام گوێبیستی ئەوە دەبم کەوا سەدام هێرشی نەکردووەتە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەم پێیە دەبێ هێرشی نەکرێتە سەر، تەنانەت عێراق بە ئاشکرا ئەمەشی بکردایە، پێویستی نەدەکرد ئیدارە بە دوای جێبەجێ کردنی

پێشێلکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشدا بگەڕایە بەڵکو دەیتوانی بە ئاسانی بڕگەی داکۆکی لەخۆکردنی دەستووری نەتەوە یەکگرتوەکانی بورووژاندیە و ئەوەی لە پێشدا بکردایە، لەجیاتی هەوڵدان بۆ گەڕانەوە سەر بڕبڕەپشتی یاسای نێودەوڵەتی.

پاشان من ڕۆژانە پێمدەوترا کەوا ئەم سیاسەتی گۆڕینی ڕژێمە لەلایەن لۆبییەکی ئیسرائیلی یان زایۆنی یان "لیکۆدییەوە" هاتووەتە ئاراوە. حوکوومەتی ئیسرائیل لانیکەم لە ساڵی ١٩٨١ ەوە ڕقی لە سەدام حوسێنە، کاتێ کەوا کوورەی ئەتۆمیی ئۆسیراك ( یان ئۆشیراك Oh Chirac ) ی تێکشکاند ( لێرەدا مەبەستی گاڵتە کردنە بە جاك شیراکی سەرۆکی فەرەنسا کە یارمەتی عێراقی داوە بۆ دامەزراندنی ئەم کوورەیە ـ وەرگێڕ ). هەمان ساڵ خاڵێکی وەرچەرخان و دیارە لە بڕیاری ڕێگندا بۆ چەکدارکردن و یارمەتیی دارایی عێراق دژ بە ئێران. بەم ڕەنگە کاریگەریی جوولەکە لە واشنتۆندا پێدەچێت هەموو شتێك یان هیچ لێکداتەوە لەم مەسەلەیەدا و تاڕادەیەکیش بەرگی خۆی دەکاتە بەر تیۆریی هەر هێزێکی لێکدانەوە و شیکاریی. ڕاستیی ئەوەی کەوا گەلێ لەو موحافزەکارە نوێیانەی لە بواری گۆڕینی ڕژێمدا کاردەکەن ناوی جوولەکانەیان هەیەو سەرنجی گاڵتە ئامێزی جۆراوجۆر ڕادەکێشێت و تاڕادەیەکیش زیاتر ... چۆن ئەمە دابنێم ... هەندێ کەس بە قەشمەری کردنەوە ماوەیەکی زۆر خاودەبنەوە لە گۆکردنی ناوی وۆڵفۆویتزدا Wolfowitz. بەهەرحاڵ ، من لە ماوەی بیست و یەك ساڵی نیشەجبیوونماندا لە واشنتۆن سەرنجی ئەوەم داوە کەوا WASPsو غەیرە جوولەکەکان بەردەوامن لە جێی خۆ گەرمکردندا و بە شێوەیەك لە شێوەکان لە داگیرکردنی پێگە و پلەی



بەرزدا. هەروەها من دەزانم کەوا زۆبەی لۆبی کاری چالاك بۆ سیاسەتی نوێی عێراق عێراقیەکانن ـ بە عەرەب و کورد و موسوڵمان ومەسیحی و عیلمانی و باوەڕدارەوە. ئەو هێرشە بێبەزەییانەی بە چاودێریی CIA کرایە سەر ئەحمەد چەلەبی وەك بەڕێوەبەرێکی بەنکی و دارایی و پیلانگێڕێکی بەدڕەفتار نزیکترین بەدیلە بۆ هەمان ئاماژە و وەهەم کە بکرێتە سەر کەسێکی غەیرە جوولەکە کەوا لایەنەکەی تری ئەم مشتومڕە بتوانیٚ بەرهەمی بێنێت.

ئەگەر سیاسەتی ئەمەریکایی بەرانبەر بە ئیسرائیل ڕەگەزی یەکلاکەرەوە بێت لێرەدا، دەبوو شوێن ئەوە بکەوتایە کەوا سەدام حوسێن دەکرا گوناهی هەموو شتێکی بخرێتە ئەستۆ، لەوانەی کە ڕەخنەگرانی ئەمەریکا نکوولیی لێدەکەن و سەرەڕای ئەوەش حەسانە و پارێزگاریی دەدەنیٚ. عێراق بە دەستووری هاوردنی پلۆتۆنیۆم یان ناردنی خۆکوژ و خۆتەقێنەوەکان و ئەو ڕاستیە سامناکەی ناکۆکیی ئیسرائل ـ فەلەستین فوو دەکات بە هەموو شتێکدا. تا ئێستاش دوو ستاندارد دەکرێتە بەهانە، لەوەش زیاتر ئەگەر هیچ شتێك لەبارەی سەدام حوسێنەوە نەکرێت تاوەکو کۆنترین کێشەی بەردەمی نەتەوە یەکگرتووەکان چارەسەر دەکرێت و پاشانیش ڕاگەیاندنێك دەدرێتە بەغدا کەوا تا ئاشتی لە ئۆرشەلیم ( قودس ) دا بەرقەرار بێت ڕژێمەکەی سەلامەت دەبێت. ئەمە بەتەواوی پەیوەستنامەیەکی بەکرێدانە کە پێشەکی بدرێت و بێگومان لەم ماوەیەدا سەدام هەموو بزوێنەرێکی دەبێت بۆ تێکدانی پەیوەستنامەیەکی ئاوها و بەمەش درێژەی پێدەدات و بەردەوام

ئەوەش هەڵدەبژێرێت کە بیکات. من بە ڕاستی نازانم عێراقیەکان بکرێنە بارمتەی مەسەلەی ئیسرائیل ـ فەلەستین، بەهەمان شێوەش بە هەڵەی دەزانم ئیسرائیلی و فەلەستینیەکان بکرێنە بارمتەی هەڵبەزودابەزی حوکمی سەدام.

لە کۆشش کردندا بۆ یاخیبوون لەمە، من بەردەوام زۆر دابەزیوم بۆ ئاستی شێتانە و نامۆ کە هەندێ جار سوودیان بووە بۆ چەردەیەك ڕەتکردنەوە وەك لەوەی بۆ دەربڕین بێت، بەڵام تەنها چەردەیەك. ئیدارەکەی بوش بۆیە ئەمە دەکات تاوەکو سەرنج لە سەر نوشوستهێنانی لاببات لە تێکشکاندنی ئەلقاعیدەدا. چەند نەشازە ، پاشان ئەو ئاگاداریە ڕەسمیە چەسپاوانە هەڕەشەی بەردەوام وەبیر خەڵکی دێنێتەوە ( بەڕای من بە شێوەیەکی زۆر سامناك ). باشە کەوابوو ئێوە ناتوانن لەیەك کاتدا شەڕی ئەلقاعیدە و سەدامیش بکەن. بەڕاستتە؟ هەندێ هۆکار لە ئارادان بۆ بڕواهێنان بەوەی کەوا بن لادن ڕەنگە کوژرابێت و گەلێك لە شانە و یاریدەدەرەکانی لە پایز و بەهاری ٢٠٠٢ / ٢٠٠٣ دا خۆیان کۆکردبێتەوە. بەهەرحاڵ، وایدانێ ئەوە ڕاست بێت کە سەدام تاڕادەیەك پاڵپشتی ئەلقاعیدەی کردبێت، ئایا ئەوە ئەقڵە کە بە ئاشکرا پێی بڵێیت کەوا ئێمە هێند جەنجاڵین بە بەرەیەکەوە کە ناتوانین هیچ شتێك بکەین؟ ( باشە ئەگەر سەدام هیچ بەینێکی لەگەڵ بن لادن نیە ئەی مستەر زەرقاویی دۆستی گیانی بە گیانی ئەو، چۆن توانی لە ئەفغانستان هەڵبێت و پەنا بێنێتە بەر بەغدا، ئەو شارەی کەوا چوونە ناوەوە و لێدەرچوونی کارێکی ئاسان نیە ! ).



ڕەنگە کەسێك سەرنج بدات کەوا ئوسامە بن لادن، یان تۆمارەکانی دەنگی کە تاقمەکەی ژێر بە ژێر ڕێکیدەخەن، بەئاشکرا لایەنگری سەدامە، بەکەمێك دەمارگرژیی ئایینی پەڕگرەوە، هەروەها سەدام لە چاوپێکەوتنێکی دان ڕاڎەردا هیچ کاتێ نکووڵی لەوە نەکردووە کەوا بە شێوەیەکی بنەڕەتی خۆی بە تەواوکەر دەزانێت. لەکاتێکدا کە من ئەمە دەنووسم، خەڵك هەن لە ڕووی نەزانیینەوە لەبارەی ( عیلمانیەتی ) ڕژێمی سەدامەوە منجەمنجیانە. ڕەنگە ئەوانە سەرنجی وتەکانی سەدامیان نەدابێت کە هەفتانە لەبارەی جیهادەوە دەدوێ و ئەو مزگەوتانەی درووستیان دەکات ــ کە زۆربەیان بە مەبەستی گڵاو ناوی خۆی هەڵدەگرن ــ و ئەو پارانەی کەوا بە شانازییەوە دەیانبەخشێتە ئیسلامییە خۆکوژەکان لە فەلەستیندا.

سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەمێکە دابەشبووە و گیریخواردووە لە نێوان ئەو "عەرەبخوازانە" ی کە باوەڕیان وایە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێ بەلای هێزە نەوت بەرهەمهێنەکاندا دایشکێنێ و ئەوانەی کەوا مشتومڕ لە سەر هاوپەیمانێتی ستراتیجی لەگەڵ ئیسرائیلدا دەکەن. ئێستا دەرکەوتووە کەوا بەرەنگاربوونەوەی سەدام لەلایەن هەردوك ئیسرائیل و ئۆڵیگارکییەتی نەوتەوە بەڕێوەدەبرێت. ئەڵبەتە ئیسرائیلیەکان کۆتایی سەدامیان زۆر پێخۆش دەبێت و هەر حوکوومەتێکی تریان پێخۆش دەبێت و هەرگیز دروستکردنی نتیشتەجێگانیشیان نەوەستاندووە تەنانەت لە کاتی"پرۆسەی ئاشتیی" کامپ دێڤید و ئۆسلۆشدا. بەمجۆرە لە حاڵەتی ئەماندا شتێکی نوێ ڕوونادات و پێناچێت سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕەنگڕێژ بکات، بەڵام سعوودیەکان، کە

پاڵپشتی سەرەکیی ئەلقاعیدەن بەئاشکرا دژی لابردنی مەقاشەکەی دەستیانن لە عێراق و نەیانهێشت بوشی باوك بیرووخێنێ لە ساڵی ١٩٩١دا. ئەوان تەنانەت نایانەوێت خاکەکەیان بە مەبەستی پەلاماردان بەکاربهێنرێت. ئەمەش ڕێگەیەکی شوومە بۆ تاقمی مەراییکەران بۆ دەربڕینی جیاکاریی. بەڵام یەك لە ئەنجامە گەورەکانی گۆڕینی ڕژێم لە عێراقدا بەسەرکەوتوویی هەڵتەکاندنی مۆنۆپۆڵی سعوودیەیە، کاتێ عێراق کۆنترۆڵی سەرچاوە سروشتیەکانی خۆی دەکاتەوە.

( بەم بۆنەیەوە کێ بەڕاستی بڕوای وایە نەوت ئەوە ناهێنێ شەڕی بۆ بکەیت؟) ئەگەر ئەمە بوو بە"خوێن بۆ نەوت" و تێبینی بکە چۆن خەڵك زاراوەی "نەوت" بەکاردەبەن وەك دەرهاوێشتەیەکی ناونەبراوی جەستە، یان وەك مادەیەکی بێهۆشکەری پیس کەوا هەرگیز بیریان لەبەکارهێنانی نەکردووتەوە. کەوا بوو ئەمە تەنانەت لە"خوێن بۆ نەوت" زیاتریشە کاتێ کە هێزە گەورەکان مامەڵەی قازانجدار دەکەن لەگەڵ سەدامدا، لەکاتێکدا کە ئەو کورد دەکوژێت و عێراقیەکانیش دەخاتە ژێر باری ئەشکەنجەدان و کۆیلەکردنەوە.

کاتێ کە من ئەمە دەنووسم بۆ ئەوەی پاش ڕوودانی بەزین یان کارەسات بخوێنرێتەوە، کەوابوو پێویست دەکات کاتی تر بکوژم لە دەمەتەقێ و مشتومڕدا؟ ئەی بۆ نە؟ من وەستام لە هۆنینەوەی کاتدا. بۆماوەی دوانزەساڵیشە سەدام بە ئاشکرا پیسایی دەکاتە سەر هەلومەرجەکانی ئەو بارودۆخەی UN سەرپەرشتی دەکات کەوا خۆیشی و ڕژێمەکەیشی هێشتووەتەوە. دوانزە ساڵیشە ناوچەیەکی "دژە فڕین" کورد و شیعە لە قڕکردن دەپارێزرێت و فڕۆکەکانی



ئەنگلۆ ـ ئەمەریکی کە پشتگیریی ئەم سیاسەتە دەکەن، دەکەونە بەر ئاگری هێزە زەمینیەکانی عێراق. بە واتایەکی تر، بڕیاری "شەڕکردن" لەگەڵ سەدام حوسێن دەمێکە دراوە و دواجاریش ئە و کات و شوێنی ئەو بەرەوڕووبوونەوەی هەڵبژارد. گەلێ کەس پێیان لە سەر ئەوە دادەگرت کەوا ئەمجارەش دەبێ هەمان مافی بدرێتێ. لەبەر ئەوەی کە ئێمە دەزانین تیمەکانی پشکنین بە ئاشکرا لەلایەن پۆلیسی نهێنیی سەدامەوە بنکۆڵ کراون و کڕراون و دەیزانی کەوا کەی و لە کوێ "پشکنەرەکان" بانگەشە دەکەن بۆ داواکارییەکی کاتێکی زۆرتر کەوا لەڕاستیدا داواکارییەکی پڕ لە سەرشۆڕی بوو، بۆ چەسپاندنی زیاتری ئەو خەسێنراوییە.

گوێم کەڕبوو ئەوەندە هات و هاواری ئەوەم بیست کە سەدام حوسێن "کوڕێکی خراپە"، ڕاستە وایە بەڵام ئەو یەکێکە لە چەندین "کوڕی خراپ". باشە ئێمە دەبێ مشووری ئەم کوڕە خراپانە بخۆین، هەر لە ڕۆبەرت موگابیەوە تا دەگاتە جەنەراڵەکانی بورما؟ ئایا ئەو خەڵکەی ئەمە دەڵێن هیچ بیروبۆچوونێکیان هەیە لەبارەی ئەوەوە کە باسی دەکەین؟ دەتوانین چەند کوڕی خراپ ناوبێنین لەوانەی پێشێلکاریی ڕێکەوتننامەی جینۆسایدیان کردووە لە ناوچەکەیانداو دەستدرێژییان کردووەتە سەر جووتێ وڵاتی دراوسێ و بە ئاشکرا یارمەتی دارایی خۆکوژ و خۆتەقێنەکانیان کردووە، بە دوای وزەی ئەتۆمیدا دەگەڕێن یان تاڕادەیەك بەدەستیان هێناوە و ٩٪ ی ئیحتیاتی وزەی جیهانیان لە بندەستدایە؟ خەڵك دەڵێن کەوا سەدام لە بەربەست و خۆپارێزیی تێدەگات ـ ئەمە کەسێك کە بیرە نەوتەکانی کوەیتی وێرانکرد پێش ئەوەی بیانداتە دەستەوە و پاش ئەوەی

هەڕەشەی لێکرا کە خراپی بەسەردێت. ئەو کەسەی کە نەک تەنها ڕەخنەگرە میانڕەوەکانی کوشت بەڵکو ئەندامانی بنەماڵەکەی خۆی و حوکوومەتەکەشی کوشت.

( ناجی سەبری، وەزیری دەرەوەی، بە بەرچاویەوە برایەکی ئەشکەنجەدرا تامرد و برایەکی تریشی هەر بە ئەشکەنجە وازیان لێهێنا. تاریق عەزیزی جێگرە نەرم و بەئەدەبەکەی بە بەرچاویەوە کوڕەکەی حوکمی بیست ساڵ درا وەک بیرخستنەوەیەک کە کێ سەردار و سەوٚکێتی. سەدام خەڵکی نیوە مردوو و تێکشکاو بەکاردێنێ وەک نوێنەری خۆی ).

تاقە کەس کە بگونجێ بە هاوکووفی سەدام ناوی بێنیت کیم جۆنگ ئیلی کۆریای باشوورە کە ناتوانێ زۆر هەڕەشە لە ڕاڕەوی بازرگانی و دەریایی بکات بەڵام چەکی ترسناک شک دەبات ( کە ئەمە تاقە شتە بایەخی تەواوی هەبێت لە وڵاتە سواڵکەر و بە کۆیلەکراوەکەی ئەودا ). سەدام و کیم هەردوکیان هەمان عەیبیان هەیە کەچی دوو پێوەر بەکاردێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیان. ئەمە ڕاستییەکە، بەڵام ئەم خاڵە سادەیە مەسەلەکەی ئاڵۆز و تەمومژ کردووە و ئەوەش دەردەخات کە کیم لەڕاستیدا هێزی بەرپەرچی هەیە کەچی سەدام نیەتی. "کاتێکی زیاتر" بەهانەیەک بوو بدرێتە سەدام وەک هەلێک بۆ ئەوەی بگاتە یانەی چەکی کۆکوژی ملهوڕەکەی کۆریای باکووردا و لەم حاڵەتەشدا پەلامارێکی سەربازی لە عێراقدا کاری کردە نەدەبوو. ئەز دەزانم دوو شت دەکرا ڕووی بدایە ئەگەر پشکنین کات و دەرفەتی زیاتری بدایەتە سەدام. ئێمە دەزانین کەوا لە میانەی چەند هەفتەیەکی کەمدا کوورەکەی کۆریای باکوور، ( کە زۆڵانە لە



ماوەیەکی دووردورێژی دیموکراتیزەکردندا لە کۆریای باشوور بنیات نرابوو) ئامادە دەبێت بۆ بەستن و بەرهەمهێنانی چەکی پلۆتۆنیۆم کە دەکرێ لە سەر ڕەف داگیرێت. بە هەمان دەستوور ئەوەش دەزانین کەوا پاپۆڕێک ڕۆکێتی شاردراوەی سکۆدی کۆریای باکووری هەڵگرتبوو لە دیسەمبەری ٢٠٠٢ دا لە نزیک بەندەری عەدەنی یەمەن ڕێگەی پێگیرا، هەروەها دەشزانین کەوا یەمەن پێویستی بە سکۆد نیە. کەوابوو باری داهاتووی نهێنی لە پیۆنگیانگەوە بۆ کەنداو دەبێ چی هەڵگرتبێت؟ سەرنجی دووەم تاڕادەیەک شتێکی ئەوتۆ نیە بەڵام لەڕووی مەجازییەوە گرنگ بوو. لە مایسی ٢٠٠٣ دا سەرۆکی کۆمیتەی چەکداماڵینی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەبوو بسپێردرێتە عێراق. ڕەنگە ئەمە هەندێک خەڵک پێی ڕازی نەبێت و پێی قووت نەچێت. من خودی خۆم بەردەوام دەخوازم کە لە مایسدا حوکوومەتێک لە بەغدا بێتە سەر کار و ئەم چەکداماڵینە بە گەرمی بگرێت و داهاتی نیشتمانی بە زەحمەت دەستکەوتووی خۆی بەفیڕۆ دانەنێت لە سەر ئۆڵیگارکیەتی سەربازیی مشەخۆر.

ئەمە ڕەنگە یارمەتی بڕیاردانی خەڵک بدات لە سەر مەسەلەی"کوڕە خراپەکە". بێجگە لەمەش، دەبێ ئەوە بڵێم کەوا ئەو خۆپیشاندانەی لە لەندەن و واشنتۆن و سان فرانسیسکۆ و شوێنانی تر بینیم بەڕاستی لەلایەن خەڵکانێکەوە وا ڕێکخرابوون کە بیریان بۆ ئەوە نەدەچوو سەدام حوسێن بەهیچ جۆرێک کوڕە خراپەکە بێت. ئەوانە لەلایەن ئەو گرووپانەوە ڕێکخرابوون کە یان بە ئاشکرا سەدام و میلۆسۆڤیچ و مۆگابی و جۆنگ ئیل یان خۆشدەویست یان ئەوانە بوون کە بە جۆرێک بیریان دەکردەوە گوایە ئوسامە بن لادن

ڕۆڵی موسڵمانێك دەنوێنێ و هاوار دەكات بۆ یارمەتی. ئەندام و هەواخوای تاقە حیزب وەك یەكتاپەرستیی خەڵك دێتە بەرچاو. كارێكی چاكە، من بەردەوام پێمدەوترێ كەوا باسكردنی ئەم بوارە هیچ سوودێكی نیە، چونكە خەڵكێكی هێجگار زۆر بەشداری لە خۆپیشاندانادا دەكەن بەوپەڕی دڵسافییەوە ( وەك پاكیزە كریستیانەكان و مامۆستایان و خەڵكێكی پایەبەرز ). ڕەنگە وابێت، بەڵام ئەوانە زۆرێكیان كابانی ماڵ و مێردەكانیان، پیاوانی ئاین، هاوڵاتی ڕەش پێست و ئیسپانی ڕەگەز و خەڵكی ئەمەریكایی ئاسایی و هەمەڕەنگن ڕژاونەتە نێو خۆپیشاندانی كاریگەر و سۆز ورووژێنەوە و سەدان هەزار خۆبەخشیان پێكهێناوە و( ڕەنگە بڵێی خەڵكی مەدەنیی ڕێكوپێك باشتر بێت لە"خەڵكی مەدەنیی دڵساف") و بە هەموو ڕێگە و شێوەیەك دەچن بۆ كەنداو. گوێگرتن لەم تێكەڵە كۆلكەزێڕینە ئاسای قەشەنگ و میزاج تەواو و هەڵسوكەوت خۆشانە زیاتر وەك ئەوە وابوو شوێن بڕێك منداڵی گەوج و نەفامی گوڵفرۆش بكەویت.

ئێستا لە دژواریی و هەراوزەنایەكی بریقەداردا، ئیدارەكەی بوش دەوروخولی ڕووخاندنی هەموو كوڕە خراپەكانێتی، وەك ئاشتی تەڵەبان ئەو توانجەی تێدەگرن، كەچی لە ڕاستیشدا نەیكردووە. پاشان ئەوە بە واقیع مافی دەداتێ كە دەستپێشخەریی تێدا بكات، بەڵام ئەو مافە چۆن دەستێوەردانێك دەبێت لە عێراقدا، كاتێ كە دەستی پێدەكرێت بۆ بەهێزكردنی بڕیارێكی چەسپاوی یاسای نێودەوڵەتی؟ سەدام ئاگاداركراوەتەوە و خراوەتە ژێر تێبینی و مشتومڕی تەواو لەسەر پشتگیریی چەكداری ئاپ و ئاشكرا



بەڕێوەدەچێت و مەسەلەكە ئارامی و ئۆقرەیی تێدانەماوە. هیچ پەلامارێكی سەرسامكەر لێرەوە ئامادە نەكراوە، لانی كەم لە نیازی ئەمەریكادا. ئەوە شتێكی ڕاستە كەوا زۆرێك لە بیرمەندانی پێنتاگۆن بە هیوای كاریگەرییەكی دۆمینە ئاسان لە ڕووخانی سەدام حوسێندا و بە جۆرێك كە پەل بهاوێ بۆ ئێران و سوریا و عەرەبستانی سعوودی و بگرە میسریش. خراپترین شت كە بتوانم لەم بارەیەوە بیڵێم ئەوەیە كە لە ناخی دڵمەوە هیواخوازم ئەمە ڕاست بێت و سەربگرێت. من لە چەند سەردانێكمدا بۆ ناوچەكە، سەرنجم داوە كە هەماهەنگییەك هەیە لە نێوان ئەقڵیەتی دیموكرات و مەیلدار بەلای ئەمەریكاوە. بەراوردەكە زیاتر نزیك دەبێتەوە ئەگەر بێت و پێشگری "عیلمانیەت" ی بۆ زیاد بكەیت. ئەمە شتێكی تازەیە، ئەگەر بەشەرمێكیشەوە نەیڵێین كەوا كاتی بەسەرچووە. بە بەرچاویشمانەوە نموونەی باكووری عیراق هەیە ( كە شەش یەكێكی عیراقە ) و زیاد لە دە ساڵە لە دەست حوكمی بەدفەساڵی سەدام دەرباز بووە. لێرە ئێمە سەرەتاكانی سیستەمی فرەحیزبی دەبینین، لەگەڵ هەڵبژاردن و بیست و یەك ڕۆژنامە و چوار دادوەری ژن و داهاتی نەوت لە ئاوەدانكردنەوەی شارستانیدا خەرج دەكرێت نەك موقەدەراتی وڵاتێك بە دەست ئەنجومەنێكی كوودەتایی سادییەوە بێت. ئەمە یۆتۆپیا نیە و یۆتۆپیاكاریش نیە بگوترێ كەوا گۆڕینی ڕژێم لە كوردستاندا، ( كوردستانێكی خێڵەكی، شاخاوی، گاز پیاداكراو و پاكتاوكراو )، بە كردەوە سەلمێنراوە. خۆش خەیاڵانی ڕاستەقینە ئەوانەن كەوا بیردەكەنەوە ئەم بارودۆخە نەچەسپاوەی ناوچەكە ئاوها بمێنێتەوە، چونكە لەڕاستیدا ئەمە پشێوی و ئاڵۆزییە. عێراقێكی شێواو و پڕ لە

تراوما لە داهاتووی ئێمەدا نازانرێ چی لێبکرێت و پێدەچێت زۆر ڕەق و نەکوڵۆك بێت و بابزانین چی ڕوودەدات.

لە هەندێ سەرەوە هەمیشە زیادەڕۆییەك هەیە لە باسکردنی هەڕەشەی چاوەڕوانکراوی پێکدادان لەگەڵ سەدامدا وەك "جەنگێك". لەکاتێکدا کە بوونی ئەمەریکا ـ بەریتانیا لە ناوچەکەدا زیاد دەکات و پەرەدەستێنێ، ئەگەری ئەوەش ڕوو لە زیادبوونە کەوا بە بێ شەڕ لابرێت و ڕەخساندنی هەلومەرجێك کە لەلایەن فەرەنسا و ڕووسیاوە پێشنیازکراوە بیری لێناکرێتەوە. واپێدەچێت کە ئەمە ــ دەست لەکارکێشانەوەی یان پەنابەریی ــ ئەوە بێت کەوا گەلێ لە وڵاتە عەرەبەکانە بە درێژایی ئەم ماوەیە ویستبێتیان. سەرەڕای ئەوەش، وەك تەواوکەرێکی ناڕاستەوخۆ بۆ زۆرێك لەو ڕەخنانەی هێزەکانی دژە شەڕ ساڵانێکە ئاڕاستەی دەکەن، وەزارەتی بەرگری چەك و تەقەمەنیی هەڵبژاردەی پەرەپێداوە کە بە تەواویی زەرەر و زیانی گیانی و مادیی کەم دەکاتەوە.

ئەو مەترسی و پێشبینیانەی لەبارەی ڕوونەدانی شێواندن و زیانی بەرفراوانەوە دواجار دەرکەوت درۆ و دەلەسە بوون، کاتێ کە چەکەکان ئەو وردییەیان نەبوو لە ئامانج پێکاندا. کۆبوونەوەی هەندێك لە بارودۆخی "جەنگی پاك و ڕەوا" کە تەنها لەلایەن ئۆگستین و ئەکویناس و گرۆتیۆسەوە بەڵێنی پێدەدرێت، ئەمەش ئێستا پێشنیازێکە بەکردەوە گونجاوە و تۆ دەتوانیت شەڕ دژی ڕژێمێك بکەیت نەك دژی میللەتێك یان وڵاتێك.

بەڕێکەوت ـ ڕاستێکەی زۆر بەڕێکەوتیش نە ـ من هیواخوازم کۆدی نهێنیی ئۆپەراسیۆنی داهاتوو وشەی "بیابان" نەگرێتە خۆی



وەك ناونیشان. حاڵی حازر وا بەخەیاڵدا دێت کە عێراق وڵاتی حوشتر و ئەسپ و هێستر بێت نەك وڵاتی کۆمەڵگایەکی گەشەکردوو کە سەدامی هێشتووەتەوە و وا تووڕیشی دەدات. حەز دەکەم ئەو گوزارشە قەدەغە بکەم لەو باس و وتارانەدا کە ئیدیعای ئەوە دەکەن گوایە سەدام لە ژەهراوی کردن و سووتاندنی کوردستاندا هێرشی کردووەتە سەر گەلەکەی"خۆی". من بەڵێنم داوە بە دۆستە کوردەکانم بڵێم کەوا ئەوان هەرگیز میللەتی"خۆی" نین.

من دوا مشتومڕی قێزەون و هیچ و پووچی نەیارەکانم پاراستووە. ئەوان سکاڵاو بۆڵە بۆڵی ئەوە دەکەن گوایە ئەگەر ئێمە سەدام حوسێنمان لابرد ئەوە دەبینە ئامانجی ئەوانەی ڕقیان لێمانە. لە کوێوە ئەمە دەست پێبکەین؟ ڕەنگە بە تاقیکردنەوەیەکی تێفکرین ئەگەر هەر ئیدیعا و داواکارییەك لەلایەن دوژمنانی سەدامەوە بخرێتەڕوو وەك ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر ( وەك کە ڕوویدا زۆربەشی وابوو ) پێدەچێت تووڕەیی و هەڵچوونی ڕەشە خەڵکەکە هەر بەردەوام بێت لەدژی هەر دەستێوەردان و پەلامارێکی ڕۆژئاوا بۆ سەر عێراق. ئەمە لەبنەڕەتدا لەگەڵ ئەوانە یەکدەگرێتەوە کە دەیانەوێت خیلافەتی ئیسلامیی لەدەستچوو بگێڕنەوە بە ئەقڵی نەخۆشی بن لادن و لەلایەن ئەوانەشەوە پشتگیری دەکرێت کەوا بیردەکەنەوە ئەمەریکا کازینۆیەك بێت و جوولەکە کۆنترۆڵی کردبێت. بەهەمان شێوەش خەڵکێکی نەزان و چەوساوە وا بیردەکەنەوە. باشە کەس هەیە وا بیر بکاتەوە کە ئێمە "ئێستا" لەجەنگدا نین دژ بەو یەکەمین دوو تاقمە؟ کەواتە ئێمە چەند بەختەوەرین کە ئەوان هێندە سەرلێشێواو و چەواشەن لە

پێناسەکردنی دکتاتۆریێتی لەرزۆکی سەدامدا. ئەمەیە کە لە ئاستیان دادەبەزێنێت نەك بەرزی دەکاتەوە. ئەوان دەیانەوێت خۆ بهاونە نێو کەشتییەك لە نوقمبووندایە و کەشتیوانەکەشی شێت و وێتە. من تا بتوانم کەس لەوانە دەرباز ناکەم، لەهەمان کاتیشدا ڕێزی خۆگرتن ڕێگەم لێدەگرێ بڵێم خۆ بە دوور دەگرم لە سیاسەتێك کەوا یاریی بە تووڕەیی ئەلقاعیدە دەکات. بێگومانم لە پێچەوانەکەی ئەگەر شتێك هەبێت، ئەمە بەرەنگارییەك نیە بکوژێتەوە و کپ ببێتەوە. بۆمبێکی ئەنتراکس لە مەیامی بە مۆرکێکی ڕوونی عیراقەوە ڕەنگە دەمارگرژێك وایلێکبداتەوە کە پیلانێکی جوولەکە بێت بۆ ناوزڕاندن. ئێستا شەڕیان دەکەیت یان دواتر؟ هەردوك هەر یەکە و سڵکردن لە ئەگەری دڕدۆنگی و تووڕەبوونیان بە هیچ جۆرێك هەڵبژاردن نیە، من پێم خۆشە ئەمە بڵێم.

لە کێشەکانی پێشتری سربیا و ئەفغانستاندا، بەهەمان شێوە پێمان دەوترا دەستێوەردان و هێرش ڕەنگە بەرەو زەلکاومان بەرێت و دەبێتە هۆی پشێوییەکی بەرفراوان لە بەشە ئۆرسۆدۆکسەکەی یەکەم کێشەدا و بەشە ئیسلامیەکەی دووەم کێشەدا. کاتێکیش ئەم پێشبینی و ئامۆژگاریانە بە درۆ دەردەچن، ڕەخنەکە خۆی پێچەوانە دەبێتەوە. ئەمجارەیان گریە و زاریی ئەوەیانە کەوا میرەکانی جەنگ لە ئەفغانستاندا هەر وەکو خۆیانن و بن لادن دەستگیر نەکراوە. پێرفێکشنیزمی ئاوها، بە هەموو مانایەك، دەستێوەردانی زۆرتر دەخوازێت نەك کەم. پاش ساڵێك لە ڕووداوەکان، ئەوانەی کەوا فەرمانیان دەرکرد و کوشتارەکەی سریبرێنیکایان جێبەجێ کرد هەر



نەگیرابوون، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە سەر خاکی ئەوروپا خۆیان شاردبۆوە. ( پێدەچێت زیاد لە جارێك ڕادۆڤان کارادزیچ و جەنەراڵ ڕاتکۆ ملادیك لەلایەن فەرەنسایییەکانەوە وریاکرابێتنەوە کەوا دەسگیرکردنیان نزیکە ). هەرچۆنێك بێت، سەرەڕای ئەو هەموو ستەم و پێشێلکارییە و مردنی هەنووکەی سەرۆك وەزیرانی سربیا، بارودۆخ لە هەرکام لە کۆمارەکانی بەڵکاندا باشترە لە قۆناخی پێش دەستێوەردان و هێرشکردنە سەر و زۆریش باشترە لەوەی کەوا میلۆسۆڤیچ بیتوانیبایە کەفوکوڵی ڕەگەز قڕکردنی تەواو بکردایە. من بە تەواوەتی بڕوام بەو ڕەخنەگرانە نیە کەوا زۆر توند کۆشش دەکەن بۆ ئەوەی دوژمن بەجوان پیشان بدەن و بە تایبەتی کاتێ بە قسەی لووس و بریقەدار دەیانەوێت کرداری قێزەونیان پەردەپۆش بکەن و لەجیاتی دزێویی بە جوان بیخەنە ڕوو.

واپێدەچێت کەوا کەسێك پێویستی بە وتنی هەندێ شت بێت لە ژێر سەردێری " تیرۆریزم"دا یان بۆ پشتگیریی سەدام حوسێن لە پێناوی چەتەیی و ڕێگری و بێڕەوشتیی نێودەوڵەتیدا. ئەگەر دەتوانی لەو کۆبوونەوەی نێوان سەدام حوسێن و سەرۆکی ئاسایشەکەی ڕابمێنە، لە ١٢ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ دا. سەدامی سەرکردە داوای زانیاری دەکات دەربارەی ئەو کەسانەی ناوجەرگەی نیویۆرکیان خڵتانی خوێن کرد و سەرۆکی پۆلیسی نهێنیەکەشی دەڵێ ڕاستێکەی من هەرگیز ناوی ئەم قارەمانانەم نەبیستووە. کەوابوو هەرگیز چاوی پێیان نەکەوتووە. کەسێکی چەپەڵی وا کە ئەمە وەڵامی بێت، نەدەبوو ئەو ڕۆژە تا ئێوارە بژی، بۆچی بۆ ئەو هەموو گرووپانەی خۆیان

تەرخان کردبوو بۆ مەرگ و وێرانکاری، ئایا دەبێ دکتاتۆرێتی عێراق تاقە بواردنێکی هەبێت بۆ تاقە ئەم کێشەیە؟ کارێکی نموونەیی دەبێت ئەگەر لانی کەم بڵێی، ئەبولعەباس، کە قارەمانەکانی تەخت و تاراجی کەشتیەکەیان لە لیۆن تێکوپێکدا ڕاستەوخۆ هەڵفڕی بۆ بەغدا و پەنای تێدا گرت. ئەبونیضال، کە فڕۆکەخانەی ڕۆما و ڤیەننای وێرانکرد و گەلێ "لێدانی" تری جێبەجێکرد باڵێکی دەوڵەتی بوو نەك کەسێکی پەنابەر. هەڵاتنی کەسانی سەر بە بن لادن و داڵدەدانیان لە عێراقدا، نەك لەپێش، بەڵکو لەپاش ستەمکارییەکانیان بوو لە ئەفغانستان و نیۆیۆرك و پەنسلڤانیا و واشنتۆن. لقێکی پەیوەندیداری ئەم جیهادخوازییە کە بەپەلە لە ئەفغانستانەوە خۆی دەگەیەنێتە کوردستان و ناوی خۆی دەنێ ئەنسارولئیسلام، بڕیاری ئەوە دەدات کەوا ئامانجی سەرەکی ئێستای جەنگە ئاینیەکەی کوشتنی کوردە نەیارەکانی سەدام حوسێنە. داوای لێبووردن دەکەم وا بەگومانەوە دەڕوانمە ئەم مەسەلەیە کاتێ ڕووداوەکان هاوزەمان دەبن. بەڵام گەلێك لە سەرکردەکانی ناتۆ NATO پێیان چاکە وای شیبکەنەوە وەك ئەوەی گریمانەیەکی تەواوی بێگوناهیی تێدا بەدەستهێنرابێت.

لەبەر ئەوەی یەکێك لە باپیرانم لە ڕۆژئاوای ئینگلاندەوە هاتووە و یەکێکی تریشیان لەو شوێنەوە هاتووە کە ئێستا پۆڵەندایە و جاران سەر بە ئەڵمانیا بوو، مافی داواکردنی ئەوەم هەیە کە ئەوروپایی بم، وەك با بڵێین، چۆن جاك شیراك ئەو مافەی هەیە.



حوکوومەتەکانی ئەلبانیا ( تاقە وڵاتی ئەوروپایە کە موسڵمان تێیدا زۆرینە بێت )، بولگاریا و کۆماری چیك، پێچەوانەی فەرەنسا و ئەڵمانیا وەستانەوە، وەك ڕوویدا و پشتگیریی گۆڕینی ڕژێمیان کرد. بەڵام ئەمە، هەرچەندە مایەی خۆشحاڵییە، لەولاوە دەوەستێ. مۆسکۆ پشتگیری ویلایەتە یەکگرتووەکانی کرد. ئێمە دەبێ سەرزەنشتێکی توند بکرێین چونکە ڕازی بووین بە قوبووڵ کردنی ئەوانەی چیچانی موسڵمانیان ناچارکرد دەست بداتە شمشێر ( ڕەخنە لێرەدا هەندێك زیندوویی خۆی ماوە ). هەمان شت ڕاستە ئەگەر تورکیا بێتە سەر خەت، کە بە سوپاسەوە وا دەردەکەوێت ئەوە ناکات. سیاسەتێکی بنەڕەتی ناتوانرێ بە ژمارەی ئەو خەڵکانە بپێورێت کە قوبووڵیان کردووە، چ لە سندووقی بیروڕای بەپەلەدا یان لە تاقیکردنەوەی ستێرنەری بەرژوەندیی نیشتیمانیدا. ئەوە شتێکی سەرسامکەرە بۆمن کە پێم بگوترێ من دەبێ هەڵەبم چونکە وا دەردەکەوم کە لە کەمینەیەکدا بم ...

لە ڕێگەیەکی ترەوە لێی بڕوانە: ئەگەر ئەمە ئەوروپا بوایە و بیویستایە دەست بەکاربێت تێیدا و ئەمەریکا نەیکردایە، وەك یەکەمجاری کێشەکە لە بۆسنیا و کۆسۆڤۆدا، کەوا ماندێتی وەرگرت کاری بۆ بکرێت وەك لەوەی بۆی بگرین و هاواریان لێبەرزبێتەوە. ئەڵبەتە هەموو جار هەر ویلایەتە یەکگرتووەکانیشە کە بانگهێشت دەکرێ هێز بنێرێت. دیمەنی ئەو وڵاتانەی کە دەیانەوێ کاریگەربن و دەستێوەردەن بێ ڕەچاوکردنی هیچ بەرپرسیارییەك زۆر خۆش نیە. ئەگەر مەسەلەکە بە دەست ئەمان بێت کەوابوو چ فشارێك ناکەوێتە

سەر سەدام کاتێ مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت و پابەندیەکان چ پاڵپشتێکی یاساییان نابێت. هەوڵ مەدە وام لێبکەیت زۆر شانازیی بەخۆمەوە بکەم کە بەریتانی بم ( تۆ دەزانی ئێمە چۆن بە ئاسانی دەپەشۆکێین ). بەڵام من پتر شانازی بە دڵسۆزیمەوە دەکەم بۆ حیزبە کرێکاریە کۆنەکەم وەك لەوەی بۆ ماوەیەك تێیدا بووم. با بە کورتی بیڵێم: من ناچار بووم لە پارتی کرێکاران بێمە دەرەوە لەبەر ئەو پشتگیرییە قێزەونەی حوکوومەتەکەی ویڵسن بۆ جەنگە دڕندانەکەی لیندن جۆنسن لە ڤێتنامدا. هیچ شتێك ئەو خەوش و ناتەواویە پڕناکاتەوە، بەڵام وتارەکانی تۆنی بلێر لەبارەی عێراقەوە دەیانەوێت کۆسپ بخەنە بەردەم ئەو کەسانەی لەپڕمەی پێکەنین دەدەن کاتێ سەرۆك بوش مامەڵە لەگەڵ وشەدا دەکات و بەجۆرە ترس و خۆنواندنێکی نەزانانەوە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان قەناعەتی زیاتر پەیدا دەکەن ئەگەر تەنها شارەزایی خستنەڕووی کۆشکی سپی نەرمتر و جوانتر بێت.

چەند پێکەنیناویە، کەوا بە ڕێکەوت کەسێك پەنجە بۆ بلێر ڕادەکێشێت کە تەنها لە کۆیلەیەکی زەویبەند یان دووبارە بوونەوەی ژمارەیەکی ماتماتیك یان سەگێگی تیسکن دەچێت. ئەو هانی کلینتنی دەدا بۆ ڕزگارکردنی کۆسۆڤۆ، هەرچەندە کلینتن حەزی بەوە نەدەکرد و یارمەتی دروستکردنی کێشەی بنەڕەتی‌دا لە دژی سەدام لە کاتێکدا کە زۆرێك لە کۆمارییەکان وەك کێك ئامادەیان کردبوو، هەروەها لە مەسەلەی سێرالیۆندا لای خۆیەوە پشتگیری ڕێکەوتننامەیەکی کرد بۆ گەرەنتی کردنی ئەو وڵاتە دژ بە بزووتنەوەیەکی جەردە و ڕێگر کە لەلایەن لیبریاوە پشتگیری دەکران و



بازرگانیی ( ئەڵماسی خاو ) دەکەن لەگەڵ خاوەن بەنکەکانی ئەلقاعیدەدا. بلێر لە کاتی کۆنفراسەکانی پارتی کرێکاراندا یان لە کاتی وتاردانیدا بۆ پەرلەمان، تەنها گەڕاوەتەوە بۆ دیماگۆگی سەبارەت بە پشتگیریی هێزەکانی بەریتانیا چونکە ڕێکوڕەوان لە مەترسیدا بوون. ئەو هەمیشە پێشنیاری سیاسەتی دەکرد وەك بابەتێکی بنەڕەتی.

ئاسانە بۆ من کە بڵێم ڕەنگە تۆ وڕێنە بکەیت. من ناڕۆم بۆ بیابان تووڕەکەیەك و تفەنگێکم هەڵگرتبێت. بە دڵنیاییەوە وانیە و هیچ سوپایەکی جیددیش پێویستی بە سەربازیی من نیە. بەڵام من لە سەروەختی جەنگدا لە عێراق بووم و بەنیازم جارێکی تر بڕۆمەوە و ئەگەر هەر شتێك سەلمێنرابێت لە ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ەوە ئەوەیە کەوا مەدەنیەکان لەماڵەوە سەلامەتتر نین لە سەربازانی دەرەوە لەم جەنگەدا. ئەمە دەمهێنێتە سەر خاڵێکی نزیك. لە سەردانەکەی ئەم دواییەمدا بۆ کوردستان هەندێك برادەری هەتاییم بۆ پەیدابوو کە بەردەوام پەیوەندیم پێیانەوە هەیە. ئەوان و هاوپەیمانێتییان لە بەرهەڵستکاریی دیموکراتی عێراقدا، وایکردووە کە هەریەکەیان چیرۆك و بەسەرهاتێکت بۆ باس دەکات کەوا ڕۆحت ئازار دەدات. تۆ چۆن بیرێکت لادروست دەبێت کاتێ گۆڕە بەکۆمەڵەکان و زیندانە نهێنیەکان دەکرێنەوە. چوار ملیۆن عێراقی ( لە نزیکەی ٢٣ ملیۆن ) ناچارکران بە خۆیان و توانا و بەهرەیانەوە ڕەوبکەن و لە ئاوارەییدا بژین. ئەوانە دەبێ مافی گەڕانەوەیان هەبێت. دوانزە ساڵ ملکەچی و ترس و لەرز، ئەوانەی لە عێراقدا دەژیان کەوا شێتێك کردبووی بە ژووری تاقیگە و ئازاردان بۆ خۆی. زۆرێك لەو

خەڵکە بەرەوڕووی ئەم کالیگۆلا هاوچەرخە بوونەوە و بەردەوام خۆیان دەخستە مەترسییەوە لە کۆششیاندا بۆ ڕزگارکردنی گەلەکەیان لە سیستەمێکی دڕندە و دەسدرێژکار. من وا هەست دەکەم کەوا ئەوان هەموو ئەم ماوەیە لەبری من شەڕیان کردووە. تەنها لەپاش زنجیرەیەکی دوورودرێژ لە هەڵەی کوشندە و دوودڵی و ڕاڕایی و تەفرە و چاوبەستی ویلایەتە یەکگرتووەکان بڕیاریدا بچێتە هەمان سەنگەری بەرگرییەوە، بێگوێدانە ئەوەی کە ئەنجام چی دەبێت و چۆن دەکەوێتەوە یان چۆن ئەم هاوپەیمانییە هەڵدەوەشێتەوە. من هەرگیز کەمترین گومانم نیە کەوا ئەمە لایەنی ڕاستەقینەیە تێیدابێت.

## ماکیاڤیللی لە میزۆپۆتامیادا
## کێشەی دژی "ڕژێم گۆڕین" لە عێراقدا



### ٧ ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢

بەشێك لە خۆشیی مشتومڕی گۆڕینی ڕژێم ( لە دیدی ئەوانەوە کە پشتگیری دەکەن ) ئەوەیە کە پشت بە پێشەکی و ئامانجەگەلێك دەبەستێ کەوا ناتوانێت، لانیکەم لەلایەن ئیدارەوە، بە ئاشکرا جاڕی بۆ بدرێت.

لەبەر ئەوەی پۆڵ وۆلفۆویتز لە قوتابخانەی فکریی لیۆ شتراوسەوە لە ڕوخساری چیرۆکە خەیاڵیەکاندا دەردەکەوێت چەشنی ئەوەی لە ڕۆمانی ڕاڤڵشتاین دایە ـ وایدادەنێی کەوا ئەم کەیفی بەم لوغزە دێت و بواری لێدوان و مشتومڕی داخستووە. بۆ ئەو کەسانەی بەهرەی لەم چەشنەیان نیە بۆ مانای شاراوە باشترین ڕێگە بۆ تێگەیشتنی کێشەی تەمومژی جەنگ ڕەنگە تاقیکردنەوەی ئاستی ڕەخنەی نەیارانی بێت. ئەو ڕەخنانەی کە لە سەر گریمانەی دژواری و دووفاقیی لایەنی جەنگخوازان بەندن، هەر خۆیان بەپێچەوانە و دژواری لێکدەدرێنەوە.

یەکەم، نەیارانی جەنگ دەڵێن، باشە بۆچی هەر بە سەدام حوسێنەوە گرتوویانە لەکاتێکدا کەوا پیاوخراپی تر گەلێك زۆرن؟ دووەم ( کە پەیوەندیی هەیە )، بۆچی عەرەبستانی سعوودییان بواردووە، لەکاتێکدا کە پەیوەندیی بە ئەلقاعیدەوە سەلمێنراوە؟ سێهەم ئەی دەربارەی فەلەستین، کە ئێمە ئێستا بەرپرسیارێتیەکمان لە ئەستۆدایە؟ چوارەم، باشە دەزگا و دامەزراوەی کۆماریەکان لە دیك

چینی‌یەوە بۆ دۆناڵد ڕامسفیلد بە بزەی لێوانەوە جاران پارێزەر و یارمەتیدەری دارایی سەدام نەبوون؟ خاڵی تریش هەن، بەڵام تۆ دەزانی لە ئێستادا میزاج چۆنە. بەڕێکەوت ئەم وتارە لیبراڵە یارمەتی دەرخستنی ئەو ڕاستیە دەدات کەوا نەیارە سەرەکیەکانی ستراتیجیەتێکی "گۆڕینی ڕژێم" لە واقیعدا موحافزەکارن. ئەوان لە دۆستەکانی عەرەبستانی سعوودی و تورکیا پێکدێن ( ئەم دەوڵەتانەش بەرهەڵستکاری ستراتیجەکەن ) و لانی کەم لە دەوروپشتی دامودەزگا بەدناوە چەسپاوەکەی کیسنجەردان. دەتوانین تا ئەو ڕادەیە بیشڵێین کەوا باوکی سەرۆکن. ( گەورە ئاو دەڕێژێ و بچووک پێی تێدەخات ) و ئەوەی باوك دەستی پێکردبوو دواجار کپ بووەوە وەك چۆن دەستەکانی کۆنە سیاسەتی دەرەوەی گەورە پیاوانی بوش لەگەڵ ئەوانەدا کە ئاشتییان بەرقەرار دەکرد بۆ یەکیان هەڵدەبری.

باخاڵەکان بە ڕیز وەربگرین، کارێکی تەواو ئاسانە بیسەلمێنی کەوا سەدام حوسێن پیاوخراپی کوڕی پیاوخراپە. ئەو هەر لە خودی خۆیدا خراپ نیە بەڵکو سەبەبکاری بەدی و خراپییە لەخەڵکی تریشدا. لە کاتێکدا کە ئەو دەرباز دەبێت، نەك تەنها خەڵکی عێراق و کورد ناچار دەکات بە ترس و لەرز بژین بەڵکو دراوسێکانیش ناچاری هەمان بارودۆخ بوون ( شەفافیەتی کێشەی ئەخلاقیی گۆڕینی ڕژێم بێ دوودڵی یەخەی دەگرێت ). بەهەرحاڵ، سەدام حوسێن نامێنێت و



( ئەمەش خاڵی یەکلاکەرەوەیە ). ڕژێمی سەدام لە لێواری هەرەسدایە و دەمێکە لە حوکمی تەواوبووندایە و وەك تەلارە زەبەلاحەکەی چاوچیسکۆی ڕۆمانیا ئەمیش هەرەمێکە و سەرەوژێر لە سەر قووچەکەکەی وەستاوە و ( بناغەی هێزیشی کەمینەی سوننەیە) و کاتێ دەکەوێت هەموو دەرەنجامەکانی عێراقی پاش سەدام هەرچۆنێك بووە دەکەونە خانەی ئێمەوە. دەرەنجامەکانیش لەمانەی خوارەوەدا خۆیان دەردەخەن: ململانێی سوننی و شیعە، ناکۆکی لە سەر سنوورەکانی کوردستان، ئەگەری دەستێوەردانی تورکیا یان ئێران، هەڵبەزودابەزی نرخ و بەرهەمهێنانی نەوت و پشێویی کۆمەڵایەتی و ئەمانە ڕاستییەکی نزیك ڕوودانن. هەڵبژاردە تەنها دوانن و بەس، بۆ تاقیکردنەوەی ئەم دەرەنجامانە لەگەڵ بوونێکی ئەمەریکی یان نێودەوڵەتیدا یان هەروا لێیانگەڕێین بەو حیسابەی کەوا کاری ئێمە نین. ( ڕێزم هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە دەڵێن پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکشێتەوە، ئەم ڕێزەشم لەبەر هیچ شتێك نیە ڕاستگۆییان نەبێت ).

هەموو کات ئەم خاڵە بەدیهییە جێی ڕێز بووە و مایەی کاریگەریی پێویست بووە. ئەگەر دەستێوەردانێك یارمەتی ڕزگارکردنی عێراق بدات لە گێژاوی بێسەروبەری و تۆڵەسەندنەوە ئەوە ئەم خاسیەتە شاردراوانە حیسابی پێشتری بۆ کراوە. چاککردنەوە و گێڕانەوەی پیشەسازیی نەوتی عێراق بۆ دۆخی خۆی کۆتایی بە مۆنۆپۆڵی سعوودیە دێنێت و ئەوەش دەزانین کەوا

کەسانێکی زۆری چەشنی وۆلفۆویتز هەن دەستکەوتیان لەمەدا دەبێت بەڵام ناتوانن ئاقڵانە ئاشکرای بکەن. مەلاکانی ئێران لە سەدام زیاتر ڕقیان لە ئەمەریکایە، لەکاتێکدا کە ڕای گشتی ئێرانی، یان بە واتایەکی تر "شەقامی ئێرانی" زیاتر بە لای هەواداریی ئەمەریکادا دایدەشکێنێت.

وێناکردنی نەمانی ڕژێمی سەدام کارێکی ئاسان نیە بەڵام هاندەرە بۆ هێزە مەدەنی و دیموکراتیەکان لە تاران و بەحرێن و قەتەر و وڵاتانی تری کەنداودا کەوا ئەزموونی هەڵسوکەوتیانە لەگەڵ دیموکراسی و مافی ئافرەتدا. تورکیا نیگەران دەبێت بە هەر زیادکردنێکی ئۆتۆنۆمیی کورد ( کە ئەمەیان هۆکارێکی باشی دیکەیە)، بەڵام ئیسلامیەکان لە تورکیادا سوورن لە سەر ئەوەی پەیوەندییەکی نزیکتریان هەبێت لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپادا و ئەمەش بە ئاشکرا دەڵێ کەوا دەبێ دانی زیاتر بنرێ بە کوردی تورکیادا پێش ئەوەی پەیوەندییەکە توندوتۆڵتر و بەتەواویی جێگیر بێت. وا چاوەڕوانیش دەکرێت هیچ ئەمەریکییەکی لیبراڵ لەوە کەمتر داوا نەکات.

لە فەلەستین و ئوردوندا بارودۆخەکە گرژتر و ئاڵۆزترە، چونکە بێزکردنەوە لە ئارێڵ شارۆنی چەپەڵ و قێزەون گەلێ جار بە هەواداریی سەدام لێکدەدرێتەوە لەبەر ئەوەی کە سەدامیش فەلەستینیی توندڕەو و ڕەفزکەری تێدا چاندوون. بەهەرحاڵ، بە تیاچوونی سەدام ئەم پشتگیرییە نامێنێت و دارودەستە بێکەڵکەکەی سەرۆك یاسر عەرەفات هەڵبژاردەی جددیی"ڕەفز" یان بۆ نەماوەتەوە.



ئەمە دەبێتە تاقیکردنەوەیەکی بنەڕەتیی دەوڵەتداریی: باشە دەکرێ قووبووڵکردنێکی ڕیالیستانەی فەلەستینی بۆ چارەسەرێکی ناوچەیی کە هەردوولا بییسەلمێنن لە شێوەی هەڵوەشانەوەی نیشتەجێکاندا؟ من مەبەستم لە "دەوڵەتداریی" دەقاودەقی وشەکەیە، چونکە بوش یەکەم سەرۆکە وشەی"دەوڵەت"و "فەلەستینیەکان" ی لە هەمان ڕستەدا بەکارهێناوە. کارێکی ئاسان نیە لێرەدا گەشبین بیت، بەڵام دەبێ ئەوە بڵێین کەوا هەندێ شت لە کیس دەچن چونکە ئەوەی بە پرۆسەی ئۆسلۆ ناوی دەبرێت سەرنەکەوتنێکی سەلمێنراوە لە ڕوانگەی بنەڕەتی و پراکتیکیشەوە.

لەو گفتوگۆیەی لەم بارەیەوە لە واشنتۆندا هەمبوو دەتوانم بڵێم کەوا باشترین ئەنجامی ئەمە بوو: لە پاش ١١ ی ئەیلوولی ٢٠٠١ زۆر لە بڕیاردەرە سیاسییە موحافزەکارەکان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کەوا "هۆکاری ڕیشەیی" لە پشت هێرشە مەرگ چێنەکانەوەن. ئەم هۆکارە ریشەییانەش لە نێو ئەو پۆخڵەواتە سیاسییەی ئەمەریکادایە کە لە ناوچەکەدا بەڕێوەیدەبات هەروەها لە نێو ئەو هاوپەیمانێتیە بۆگەنەی دەوڵەتە شوێنەکەوتووەکانە لە ڕیازەوە بیگرە تا ئیسلام ئاباد. ناشکرێ بە ئاشکرا پێ لەم هۆکارانە بنێی و ناشکرێ هەر هەموو بەجارێك باسی بکرێت، بەڵام بەرنامەیەکی پاکسازیی ئەم پۆخڵەواتە کەوتووەتە ئەوەی لە ئەقڵی سیاسیدا پێکبێت.

عێراق، لەبەر هۆکاری ئاشکراو ڕوون، لێرەدا دەوڵەتێکی بنەڕەتی و یەکلاکەرەوەیە. بەم جۆرە من وای بۆ دەچم کە مشتومڕکردن بێسوود بێت چونکە سیاسەتێکی شێوە چالاك بەزەروورەت دەبێتە هۆی درووستبوونی دوژمنانی زۆرتر. من هەمیشە

نەمویستووە بە قووڵی مشتومڕ لە سەر ئەمە بکەم، چونکە من بەئارامی خۆم لە نارەزایی زیاتری ئەوانە دەپارێزم کەوا بێئەندازە ڕقیان لێمە و بڕوام وایە کە هاوکارییەکی چەکدارانە بۆ ئەو شۆڕشەی عێراقی و کوردەکان کە هەڵایسانی لە ئان و ساتدایە نەك هەر تەنها دۆستانی بەهێز و توانامان بۆ دروست دەکات بەڵکو وا لە تیۆکراتەکان "پیاوانی ئایین" و پارێزەرە ملهوڕەکانیشیان دەکات کە بەڕاستی ڕقیان لێمان بێت.

**"جەنەراڵی سەر تەخت "**

**ئایدیایکی دزێوە کەوا هیچ سەربازێك مافی مشتومڕ کردنی نەبێت لە سەر جەنگ.**



## ١١ ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢

بەردەوامبوون لەگەڵ زمانی گشتیی"گۆڕینی ڕژێمدا" دەبێ تاوێك بۆی بوەستی تاوەکو زاراوەیەکی بۆ دەردەپەڕێنێ، بۆ خانەنشینکردنی، بۆ ناوبانگ زڕاندنی، بۆ تەوزیفکردن و بەکارهێنانی زیاتری وەك شپرزەییەك بۆ ئەوانەی بەکاری دێنن.

وشەکەش لێرەدا" تەخت "ە

چاکە، کەواتە گوێت لێبوو. چەمکەکە بەکارهێنانێکی بێزلێکراوی بەرجەستە کردووە کە ئەمەیە: هەندێك کە دەستێوەردان و هێرشیان دەوێ، دەڵێن دەبێ عێراق ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی بچین شەڕی تێدا بکەین. ئەنجامێکی سروشتی ئەوەیە کەوا ئەوانەی بەڕاستی جەنگیان بینیوە زۆر مەیلیان بەلای داکۆکییەوە نیە لەسەری. یەکەم شت کە سەرنجی بدرێتێ لەم پڕۆپاگەندەیەدا ئەوەیە کە ئەمە چەند کۆن و کات بەسەرچووە. خاڵی تەواوی قۆناخی ئێستای ناکۆکی ئەوەیە کە ئێمە بەرەورووی ئەو تەکتیکانە بووینەتەوە کە بەشێوەیەکی سەرەتایی ئاڕاستەی مەدەنیەکان دەکرێت. بەمجۆرە، کاتێ ساڵی پار لە پاکستاندا گەشتم دەکرد، لە سەر سنووری ئەفغان و لەناو کشمیردا و ئەمساڵیش لە ناوچەی کەنداودا، ژنەکەم بە پەلەپرووزێ خۆی گەیاندە واشنتۆن، لەکاتێکدا کەوا پێنتاگۆن لەناو گڕو کڵپەدا بوو، بۆ وەرگرتنەوەی کچەکەمان لە قوتابخانەیەکی لەناکاو داخراودا، کەوا هەوڵی دەدا لەگەڵ ئەگەری ئەنتراکسدا مامەڵە بکات، لە سندووقی پۆستەکاندا و، لەبارەی

کوتانی دژە تیراوێوە هەندێ شتی دەخوێندەوە و لەگەڵ هەڕەشەکانی موسڵمانێکی چاولێکەری گەوج کە دەستی ڕادەوشێنێ وەك دوژمنگرێکی نیشتەجێی قەراخ شاردا بەراوردی دەکرد. ئایا شت لەمە زیاتر گەرم دەبێت، چونکە زۆر سەلامەتترە کە لە بەرگی ڕەسمیدا بیت لە دۆحەی قەتەر و قەندەهاری ئەفغانستاندا وەك لەوەی لە شارێکی گەورە و بەربڵاوی وڵاتی خۆتدا بیت. سەیرە کەوا ئەم توخمە بنەڕەتیەی قەیرانەکە هێندەی خایاندووە بۆ ئەوەی نوقمی ئەم هەموو کەللەسەرە بێت.

ژنەکەم لە تەمەنی سەربازیدا نیە و دەرفەتیش کەمە بۆ بەسەربازگرتنی دایکان و بیروبۆچوونی ئەویش لە سەر عێراق نەگونجاوە لەگەڵ ئەو دۆخەی لە ئارادایە؟ ئەی سەبارەت بە هەڤاڵە کۆنترەکان بڵێین چی کەوا پێشتر چەکیان لەشان کردبوو؟ ئەی برادەرو دۆستەکانی من کەوا لە جەستەدا کەمئەندامن؟ باشە توانا و پسپۆڕیی ئەوانیش ـ کە زۆرجار ڕەچاو دەکرێت ـ دەخرێتەلاوە، لەبەر ئەوەی ناتوانن بە برینی نێزەیەکەوە بقووچێنن؟

هەندێك تووشبووی تری تاقینەکراوەی ئەم تاکتیکە گەوجە هەیە. بۆ نموونە، وا باسدەکرێ کە هەندێ کەسی وەك سیناتۆر بۆب کێریی نوێنەری جارانی نیبراسکا زیاتر مافی ئەوەی هەیە کە ڕای خۆی لە سەر جەنگێك دەربڕێت لە هەندێ کەسانی تر کە لە ڤێتنامدا خۆیان لەخزمەت دزییەوە. چاکە،ساڵی پار کێری ناچارکرا پێ لەوە بنێ کە فەرماندەیی پەلامارێکی کارەساتاویی کردووە لە گوندێکی ڤێتنامدا و بەرپرس بووە لە کوشتن و سەربڕینی ژمارەیەکی زۆری



منداڵ و خەڵکی بەتەمەن. ( ئەو بەشێوەیەك لە شێوەکان مەسەلەکەی تەمومژاوی و پەردەپۆش دەکرد سەبارەت بەو بەرپرسیارێتیە ـ ئایا ڕاستەوخۆ بووە یان ناڕاستەوخۆ). کەوابوو ئایا ڕاستە من ئاوڕ لە پیاوێکی ئاوها بدەمەوە بۆ ئامۆژگاریی چۆنێتی هەڵسوکەوت و مامەڵە کردن لەگەڵ سەدام حوسێندا؟

تۆ دەخوازیت کەوا تووشبوونەکەی تر لە بێئاگاییەوە بێت بەڵام پێشنیازی ڕوون ئەوەیە کەوا کۆنترۆڵی مەدەنی بە سەر کاروباری سەربازییەوە نابێت. چۆن، بێ پەڕوباڵێکی بێ ئەزموونی شەڕنەکەر فەرمانی توندوتیژ بداتە سەربازی بۆر و بەڵەك؟ چۆن لینکۆڵن توانی جەنەراڵ جۆرج ماکلێلانی شەیدای کۆیلەگیریی دەرپەڕاند یان ترومان کە دۆگلاس ماك ئارثە ری شکۆداری تڕۆکرد؟ لە کاتی بەرگریکردندا  لە واشنتۆن، لینکۆڵن یەکەم و دوا سەرۆك بوو گوێی لە دەنگی گوللە بێت کەوا لە تووڕەییدا دەیانتەقاند. ( سەرۆك مادیسۆن هێند ژیر و دووربین بوو ساڵی ١٨١٢ پێش ئەوەی بەریتانیەکانماڵەکەی بسووتێنن ئەو بەجێیهێشت ). دۆناڵد ڕامسفێڵد لە ئۆفیسەکەی خۆیدابوو لە پێنتاگۆندا کاتێ کە فڕۆکەکە لێیدا، بەڵام ڕەنگە وەزیرێکی بەرگریی باشتر یان خراپتر نەبووبێت بۆ ئەوە. "چیکن هۆك chicken - hawk" زاراوەیەکی پەیوەندیدارە بەم بوارەوە و بە ئاشکرا بۆ ناوزڕاندنی بیرمەندە سەربازییەکان بەکاردێت کە پتر سیاسەتی دەستێوەردان پەسەند دەکەن. سیناتۆر چۆك هاگڵ ی نوێنەری نیبراسکا سوودی لەو تووشکردنە بینی کاتێ کە بانگهێشتی ڕیچارد پیرڵ ی کرد یەکەم کەس بێت لە بەغدادا.

هەندێك دەیانەوێت كەوا زاراوەی "چیكن هوك" بگێڕنەوە سەر تێرمێكی ناشیرینی تایبەت بە نێربازی یان داوێن پیسی و تاڕادەیەكیش وابەستەی تێرمی نێرەمووكە. ئەمە كارێكی چەپەڵ و پووچە لەبەر ئەو هۆكارانەی سەرەوە و دەكرێ ئەمانەی خوارەوەشی بخرێتە سەر: ویلایەتە یەكگرتووەكان ئێستا سوپاكەی هەموو خۆبەخشە و لەو كەسانە پێكهاتووە كەوا دەسكەوت و مووچەیەكی باشیان هەیە لە گەڵ سوودێكی زۆری بواری خوێندن و تەندرووستیدا. ئەوان كاتێ دەچنە نێو سوپاوە ئیمزا لە سەر قازانج و دەسكەوتێكی باش دەكەن و هەلومەرجی قازانجەكە پابەندی بڕیارەكانی سەرۆكێكی‌مەدەنی و كۆنگرێسە. كێ ڕێگایەكی دیكەی هەیە؟ ئەگەر تەواوی ئەفسەرە گەورەكان و دەرەجەداران نەیاری جەنگێك بن لە گەڵ سەدامدا ئەوە دەبێ بەناچاری ڕاكانیان بۆ خۆیان هەڵبگرن.

كۆڵن پاوڵ زۆر زیادی تێپەڕاندووە لە دەسەڵاتی خۆی وەك سەرۆك ئەركانی هاوبەش كاتێ وتارەكانی دژ بە ڕزگاركردنی سەربازیی بۆسنیای دەنووسی و دەبوو سنگی بۆ ڕەخنە ئاوەڵا بوایە كاتێ بانگهێشتی داگیركردنی سربیای دا. ئەمە دیوارێكی جیاكەرەوەیە و نابێ كەلیی تێبكەوێت، لەبەر خاتری یاسا و دەستوور. ( بۆ وەبیرهێنانەوە، من بۆچوونێكم هەیە كەوا ئەگەر مشتومڕكەرانی "تەخت armchair "ڕێگای خۆیان ببینیایە و تەنها پرسیاریان لە جەنگاوەرانی دێرین بكردایە چی بكرێ لە بارەی سەدام حوسێنەوە ئەوە زۆر دەمێك بوو ڕژێم گۆڕین لە عێراقدا بەرپا بووبوو).



چێستەرتۆن دەڵێ كاتێ پیاوێك بیردەكاتەوە كەوا هەر دارێك چی دەكات، حەز دەكات بارێكی لێ هەڵبگرێت. باشە ئێمە لە "تەخت" بكۆڵینەوە یان بەپێچەوانەوە لە ژیانی تەوەزەلی و پڕ لە دانیشتنی ئەوانەی دڵیان بە میلۆسۆڤیچ دەسووتێ، یان جوانكاریی لەبارەی ئەلقاعیدەوە بڵاودەكەنەوە، یان ئەوانەی خەریكی گەشتی میوانداریی گەوجانەن بۆ بەغدا و تەپڵ بۆ پرۆپاگەندەی بەعسیەكان لێدەدەن؟ تۆ دەتوانی دڵنیابیت لەوەی كە ئەوانە هاواری "سیاسەتی ڕووخاندنی شەخسی" یان ڕەنگە "ماكارثیزم " بكەن ئەگەر بردنەوەسەرێكی ئاوها بگونجێت. چاكە، دواجار لێیان بگەڕێ كە بەسڵەوە مۆڵەتی شێوازێكی ئاوها هەرزانی مشتومڕی سۆزئامێز وەربگرن. ڕێك وەك هەندێك نووسەر و شاعیری دژە جەنگ سەربازی بەجورئەت بوون، ئاوهاش هەندێك لە باشترین بیرمەندی جەنگی جیهانیی دووەم ستراتیج داڕێژی مەدەنی و یاساشكێن بوون و هەندێك لە باشترین جەنگاوەرانی بەرگری هێندە ئەقڵانی و بیرمەند بوون كە چەكیان هەڵگرت. ڕێگایەكی دیاریكراو پاڵپشتی ئەم جیاوازیانە نیە لەڕووی ئەخلاقییەوە، تاوەكو تاقیكردنەوەی ڕاستی نەیەتە پێشەوە. بەڵام ئێستا مەدەنیەكان لە سەر هێڵی بەرەن بە شێوەیەكی وا كە هەرگیز پێشتر نموونەی نەبووە و ئێمەش پێویستمان بە زاراوەی ورد هەیە بۆ دەربڕینی ڕاستیە دراماتیكیەكان.

## تیرۆریزم
## تێبینی بەرەو پێناسەیەك

## ١٨ ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢

ئەگەر هەر کام لەو زاراوانەی لە فەرهەنگی نوێماندا هەن توانای لەخۆگرتنی پرۆسەی کەمکردنی بەرهەمی diminishing returns لێبکەوێتەوە ئەوە وشەی "تیرۆریزم"ە. ئەمەش تاڕادەیەك بەو هۆیەوەیە کە کە لە فەرهەنگێکی کۆنەوە هاتووە، هەروەها بە هۆی ئەوەوەیە کە فەرهەنگی پێشتر کەمێك توندوتیژیی پیادەکردووە، لە ئەنجامی وشەگەلی تەمومژاوی و ڕیاکاردا. سەرۆك خۆی، کە جەختمان لە سەر ئەم وشەیە بۆ دەکاتەوە لە جەنگدا، لە نەستیدا وا دەردەکەوێت هەوڵی ئەوە بدات بە ڕاگوزار تێیپەڕێنێن و چڕی بکەینەوە بۆ"تێریزم" ( واتە ترسناك ـ و.) یان هەندێ جار بۆ "تۆریزم" ( واتە گەشت و گوزار ـ و ).

بەڵام ئێمە پێویستمان بە پێناسەیەکی فراوانتر و تایبەت و جیاکەرەوەی زاراوەکەیە، یان سەلماندنێتی. کلیلیمەسەلەکە ڕەنگە بە هەڵەماندا بەرێت کاتێ لاپەڕە فەرهەنگییەکان بۆ دواوە هەڵدەدەینەوە. لە ساڵانی ١٩٧٠دا کلۆد کابرۆل فیلمێکی قەشەنگ و نایابی بەرهەمهێنا بە ناوی نەدا Nada. فیلمەکە بە وردیی هیچ و پووچی و قێزەونیی خۆهەڵکێشان و خۆ بەزلزانینی هەندێك لە بزووتنەوەکانی توندوتیژیی دەپێکێت کەوا ئەو ساڵانەیان شێواندبوو. تاقمە چەتەکانی بادەرماینهۆف لە ئەڵمانیا، لیوا سوورەکان لە ئیتاڵیا، سوپای سوور لە ژاپۆن، هەر هەموویان هەقیان بەخۆیان دابوو بکوژن و ببڕن بێ ئاشکراکردنی هیچ ئامانجێك لەپشت زۆربەی ئەو



قەتڵوعامانەوە. هەندێ کۆمەڵ و تاقمی تریش لەو سەردەمەدا پەیدابوون وەك ئیتای باسك یان "ئەیلوولی ڕەش" ی فەلەستینیەکان کەوا تاکتیکی بێویژدانانە و پڕ لە ڕق و کینەیان بەکاردەهێنا بەڵام دەزانرا ئامانجیان چیە. تایتڵەکەی کابرۆڵ بەکارهێنانێکی پێشتری زەبروزەنگی کوێرانە، کە نهلیستیە، یان عەدەمیەت. پاشان تیرۆریزم تاکتیکی داواکردنی مەحاڵە و داواکردنیشێتی بە زەبری گوللە.

لە لەندەن و بێڵفاست، لە هەمان سەردەمی ساڵانی ١٩٧٠دا، زیاد لە جارێك تووشی تەقینەوە و تەقەکردنی سوپای ئیرلەندیی کۆماریی IRA بووم و تێگەیشتم کە وشەی "جیاوازی نەکردن" ئەوە دەگەیەنێت کە منیش وەك هەر تەماشاکەرێکی تر ڕەنگ بوو بکوژرێم. هەروەها تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێکی مینڕێژکراویشم بیرە لە دەرەوەی دادگای باڵای لەندەندا و هاوڕێیەکی خۆشم بیرناچێت وەك بارمتە لەلایەن باندەکانی IRA وە گیرا. بەهەرحاڵ، لەم سەردەمەدا هیچ کاتێ هەست ناکەم کەوا سیاسەتی ئەو دەمەی بەریتانیا لە ئێرلەندادا گەوجانە بووبێت و نوشوستیی هێنابێت و لە هەمووشی گرنگتر بەڕووی گۆڕاندا کراوە نەبووبێت.

هەمان شت، بەڵام بە پلەی جیاواز، بۆ زیمبابۆی و فەلەستینیەکان ڕاستە. شتێکی سەرپێی و ساختەیە ئەگەر بڵێین "پیاوێکی تیرۆریست پیاوێکی تری جەنگاوەری سەربەستییە ".
لەبەرئەوەی"جەنگاوەرانی سەربەستی" بەزۆری دەخوازن مەدەنیەکانی"خۆشیان" بکوژن، هەروەها هی وڵاتانیش. لە

ژمارەیەکی نایابی نیوزویکدا *Newsweek* فەرید زەکەریای موحافزەکار سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کەوا وەك لە نێوان ڕووسیا و چیچاندا، بەسادەیی دەتوانین بڵێین کەوا هیچ بەراوردێك لە مەبەست و پێوەر و ڕادەی لێقەومانی مەدەنیەکاندا نیە و لێرەدا یەڵتسن و پووتن هەموو کات خەڵاتی بەدی و چەپەڵی دەبەنەوە. من ڕقمە لە حیزبوڵلا و خۆکوژە فەلەستینیەکان و بێزیان لێدەکەمەوە، دەبێ وەك پێویستە ئاوها ناویان بێنیت، بەڵام ئەوان دەبێ شەو و ڕۆژ کاربکەن تا ماوەی چەندین ساڵ بۆ هاوتاکردنەوەی ژمارەی ئەو مەدەنیانەی تەنها لە لوبناندا کوژران یان تەنها لەلایەن شارۆنەوە. سەربازە نانیزامیەکان بەپێی یاسای نێودەوڵەتی ڕاسپێردراون بۆ بەرگری کردنی دەستدرێژیی بێگانە، کەوا لەڕووی نێودەوڵەتییەوە ئیدانەکراوە. ڕاستە، بەمجۆرە کاتێ کە شارۆن دەڵێ ـ وەك ئەو وتەیەی لە کاتی سەردانیدا بۆ شوێن دوو تەلارە سووتاوەکە Ground Zero ـ کەوا "تیرۆریزمی باش و تیرۆریزمی خراپ" نیە و پێشنیازی شتێکی چەند بارەی کرد کە لە سەر ئەرکی خۆی لەکاردا بێت. هەموو حیزبەکان بۆ هەموو جەنگەکان لە هەندێ کاتدا شێوازی تیرۆر بەکاردێنن. بەڵام پاشان هەموو کەس، جگە لەوەی دژە توندوتیژییە، دەبێتە پاڵپشتێکی تیرۆریزم وەك ئەگەرێك. هەروەها ئەگەر هەموو شتێك تیرۆرە کەواتە هیچ ـ کە مانای ئەوەیە ئێمە وشەیەکی بایەخداری ئیدانەکردنمان دۆڕاندووە.

ئەمە مانای ئەوە نیە کەوا ئێمە خاوەنی هەندێ شتی مەعنەویی داماوین. سوپای کۆماریی ئێرلەندەیی یان کەتیبەکانی ئەقسا، دەکرێ وەك دەوڵەتان و حوکوومەتەکان بیریانخەیتەوە کەوا



هەندێ کار و کردەوەی وەك ( تەقاندنەوەی بۆمب بە بێ ئاگادارکردنەوە لە شوێنە مەدەنیەکاندا. فڕاندن، دەستدرێژی کردنە سەر ناموس ) تاوانن بەپێی هەموو یاسایەك. بەڵگەش هەیە کەوا ئاگادارییەکی لەم چەشنە، لە چوارچێوەیەکی ئەخلاقی دیاریکراودا، بۆ ئەوانە دەڕەخسێت. ( هەمان بیروبۆچوون دروست دەکرێ بەهۆکارێکی پێداگۆگیی کەمتر ). تۆ تەماشای نیلسۆن ماندێلا یان سلڤادۆر ئەللێندی بکە ـ کە سەرکردەی میللەتانێك بوون بەڕاستی هێز و گوڕی خۆیان هەیە و فەرمانیان بە لایەندار و خەڵکە مەدەنیەکانیان دەکرد بۆ تێکشکاندنی فڕۆکە لە ناو ماڵ و خانووی مەدەنیەکاندا. داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر بڵێم با بەس بێت، ئەگەرچی ماندێلا لەڕاستیدا لە نێو لیستی "تیرۆریزم" ی وەزارەتی بەرگریدا بوو لە سەرەتای هەشتاکانەوە.

ئێستا بابێینە لای مەسەلەی ئەلقاعیدەوە. لایەنگرانی ئەلقاعیدە لەژێر داگیرکردنێکی بێگانەدا ناژین، تەنانەت ئەگەر بەڕوونی بێسوودیش بێت و، ئێستاش کۆسپن لە ڕێی بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکادا لەعەرەبستانی سعوودی. ئەمە تاڕادەیەك کۆمپانیایەکی فرە ڕەگەز و نەتەوەی خراپە، تاڕادەیەك خێزانێکی تاوانە، تاڕادەیەك بریکاری ئۆلیگارکیەتی سعوودی و پۆلیسی نهێنیی پاکستانە، تاڕادەیەك تایفەیەکی ئاینیی دەمارگرژن و تاڕادەیەکیش ڕێکخراوێکی فاشیستن. یەکێك لە بەیانە بەکاسێت تۆمارکراوەکانیان، کە ئایا لەلایەن سەرکردەکەیانەوە دەرچووبێت یان نە، سەرکۆنەی ئوسترالیا دەکات و خۆشحاڵە بە کوشتنی ئوسترالیەکان ـ لەبەر

تاوانی پشتگیری کردنی وەرگرتنی سەربەخۆیی تیمۆری ڕۆژهەڵات لە ئیندونیسیای "موسوڵمان"! بەڵام ئەمە دەستپێکردنی مەسەلەی دژ بە بن لادنیەت نیە. باشە چییان دەوێ لە کۆمەڵگا نا موسڵمانەکان؟ بێگومانە ئەوەیان دەوێ کەوا دان بە لاف و گەزافی قێزەونی پیرۆزیی ئەواندا بنێیت و ئەقڵیەت و بۆچوونیان بسەلمێنیت لەبارەی وێرانکارییەوە. باشە بن لادنیەت چی دەوێ لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکان؟ بێگومان دەیانەوێ یاسا و ڕێسای ئاینیی ڕەهای سەدەی حەوتەم بسەپێنن. ئەی چۆن داوای ئەمە دەکات؟ بەڵێ بەهۆی جیاوازی نەکردن لە هێرش و پەلاماردانی دانیشتوانی مەدەنیی لە دوو سەرەوە ( بەڵێ لە دوو سەرەوە: دانیشتوانی ئەفغان و هەزارە شیعەکان ژمارەیان هاتووەتە کزی چونکە تاڵبان درێغی نەکردووە لە کوشتنیان ). ئەمە داوایەکی مەحاڵە و داوایەکە بە هۆی تاکتیکی ئەوپەڕی بێبەزەییانە و قێزەونەوە دەیانەوێت جێبەجێی بکەن.

"تیرۆرزم" خۆی لە هەر پێناسەیەکدا ببێچێتەوە، بۆ من وا دەنوێنێت کە ئەنجامێکی ڕوونی نائەقڵانیەتی ئوسووڵی بێت. ئەلقاعیدە هەموو ئەم پێودانگانەی لەخۆگرتووە و تێپەڕاندوون بەجۆرێکی وا کە تەواوی گرووپە نیهلیستیەکانی لە دوای خۆیەوە بەجێهێشتووە. ئامرازەکانی، ئەمانجەکانی و ئایدیۆلۆجێتی هەر هەموو بریتین لە پیادەکردنی توندوتیژییەکی پەڕگر و دەمارگرژ و هیچی تر و ئەلقاعیدە ڕێکوڕەوان "تیرۆریستە".



ئەم ئامرازانە لە پراکتیکدا ئەنجامێکی سروشتیی مەحاڵ بوونی هەر سازش و ساتوسەودایەکە لەگەڵیدا. زۆر ڕوون و بەرچاوە کاتێ بیر لە سەرکردەکانی حیزبوڵڵا و حەماس بکەیتەوە چی دەڵێن لە مێزگرد یان کۆنفراسێکدا و دەبینی کەوا هێزە "لاسارەکانی" پێشووی توندوتیژی و نادیموکراتی، بە کۆنتراکانی نیکاراگوا و تیمەکانی مەرگی لەمەڕ سلڤادۆر و ئیرگونیشەوە گۆڕانکاریی باشیان بەسەردا هاتووە. تەنانەت سەدام حوسێن، کە بێگومان نائەقڵانییە بەڵام هەموو جارێکیش بە تەواویی وانیە، ڕەنگە بڕیاری ئەوەی دابێت ژیانی خۆی و ڕژێمەکەی بپارێزێت. هەندێ پێناسە ناتوانێ خۆ بکێشێتەوە بۆ پشت خاڵێکی تایبەتی و دیاریکراو، چونکە حەز و خولیای مەرگی تۆتالیتێرە ئاینیەکان، چ بۆ خۆیان یان بۆ خەڵکی تر، زۆر لەوە کاریگەرترە پشتگوێی بخەیت و چاوپۆشی لێبکەیت. دەتوانی زۆر بە توندی بڵێی: ئەگەر تۆ حەزت لە شەهیدبوونە، ئێمە لێرە یارمەتیت دەدەین، بەڵام باهۆکەی بزانین.

دژە ئەمەریکایی

## جۆراوجۆریەکانی ڕاست و چەپ، دەرەکی و ناوخۆیی

٢٧ ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢

لە زۆربەی شێوە ڕوون و ئاشکراکاندا زاراوەی "دژە ئەمەریکایی" شتێکی بێمانا و پووچە چەشنی "نائەمەریکایی UN - American" لەبەکارهێناندا. هەردوو زاراوەکە زۆر ورد و مەبەست پێکن لەهەمان کاتیشدا زۆر تەڵخ و تەمومژاوین. تۆ تێفکرێ لە کام ولاتی تردا کەسێك دەڵی "کۆمیتەی خانەی چالاکیەکانی نائیتاڵی" بەڕێزەوە کۆدەبێتەوە. هەروەها زاراوەی "ئەنتی سۆڤییێت" بەکارهێنانێکی دیماگۆگی بەربڵاوی هەبوو لەماوەی جەنگی سارددا و ماناکەی نە بەتەواویی"دژە ڕووسیا"و نە بە ڕێکوڕەوانی دژە کۆمۆنیستیش بوو. "سۆڤییێت" بە شێوەیەکی تیۆریی پێکهاتەی کۆکراوە بوو نەك حیزب. بەهەرحاڵ، وەك زۆرێك لە وشە لێکچووە بەرفراوان و هاوزەمانەکانی تر ( چەشنی تیرۆریزم و دژە سامی ) پێدەچێت ئێمە پێویستمان بە وشەیەك بێت بۆ ئەمەش. ئەوانەی لە جیهانی ئیسلامدا دروشمیان مەرگ بۆ ئەمەریکایە ئەوە دەلالەتی واقیعی بۆچوونیانە، هەندێکیش لە ئەوروپا و شوێنانی تر وشەی "ئەمەریکایی" دەبێتە هۆی هەڵقرچاندنی کونە لووتیان، هەیشن لە ئەمەریکا خۆیدا ولاتەکەیان بە ڕاست نازانن. من هەر چۆنێك بووە و ڕەنگە بێسوودیش بێت، دەمەوێ شتێك لەبارەی ئەم دیاردەیەوە بزانم کاتێ کە دەیبینم.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە تەنها هەر دەوڵەت یان ولاتێك نیە بەڵکو گەلێکیشە و تاقە گەلێکیشە کە لەڕاستیدا گریمانەی ئەوە هەیە لە سەر کۆمەڵێ بنەما و ئایدیا دروستبووبێت. دوکیومێنەتەکان و جاڕدانی سەربەخۆیی پێش میللەت ـ دەوڵەت کەوتن. چین ڕەنگە هەر بە چینی بمێنێتەوە لە ژێر ڕکێفی هەر



ڕژێمێکدا بێت، بۆ ئایسلاند و میسریش هەمان شتە، بەڵام بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان بێجگە لەوە کۆنسێپتیشە ( ئەوەی زیاتر شاراوەشە، من وایدادەنێم، دەکرێ بڵێی ئەمە تاڕادەیەك ڕاستە بۆ ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، کۆریای باکوور، ئیسرائیل، پاکستان وعەرەبستانی سعوودی، کە هەموو ئەو ولاتانە لە سەر بناغەی حیزب و ئایدیۆلۆجیا و ئاینن. بەڵام بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان واناکەوێتەوە چونکە لە سەر بناغەی فرەییە لە بواری ئاین و هەواداریی سیاسی یان ڕەگەزدا ).

ئەمە ڕەنگە لەخۆیدا جۆرێکی تایبەتی شێوازی دژە ئەمەریکایی ڕوون بکاتەوە ـ ئەو شێوازەی کە ڕقی دەردەبڕێت لە ئاوێتەکردن و کۆسمۆپۆڵیتی. ئەمەیان، کە تێکەڵە لە هەردوك ڕەگەزپەرستی و لووتبەرزی، بە شێوەیەکی زۆر باو لە ڕاستڕەوە ئەوروپاییەکاندا دەبینرێ، کەوا هەمیشە ئەمەریکا بە بازاڕی و ڕەشۆکی و پرۆژەی لێکجیانەکردنەوە لە قەڵەم دەدەن. بە هەندێك دەسکارییەوە ـ کە لووتەلابوون لە مەتیریالیزم و ملهوڕییە ـ ئەمە تاڕادەیەك لەگەڵ هەندێك شتی مەجازیدا یەکدەگرێتەوە کە دەکرێ بەرەوڕووی چەپە ئەوروپاییەکان ببێتەوە. هەردوو تێکەڵەکە دیسانەوە لە دژە ئەمەریکایی موسڵماندا تێکەڵ دەبنەوە کە بەزۆریی ویلایەتە یەکگرتووەکان وا دەخەنە ڕوو کە جۆرێك بێت لە تێکەڵە و ئاوێتەیەکی ڕەگەزی و بازرگانی کەوا لەلایەن جوولەکەی فێڵبازەوە یاریی پێدەکرێت.

لە کێشەی پەڕی ئەوپەڕدا، کەوا ئیمپریالیزمی ئەمەریکایە، دوژمنە هەرە ئازاکانی لە برادەرانی سەربازی و سیاسی هەمیشە پێ

لەسەر ئەوە دادەگرن کەوا ئەوان شەڕی حوکوومەتی ئەمەریکایان کردووە نەک ئەمەریکاییەکان. ئەمە پڕۆپاگەندەی نەگۆڕی کۆمۆنیستە ڤێتنامیەکان و خودی هۆ شی مینە خۆی بوو کە بەیانی سەربەخۆیی ڤێتنامی دارشتەوە لە ساڵی ١٩٤٥دا، لەسەر پێشەکیەکەی تۆماس جێفەرسن، ڕەنگە هەندێ شتی پووچ کە لە ئایدیای دژە ئەمەریکاییدا ئاڕاستە دەکرێت لەو نەوەیەوە هاتبێت کە ڕاستەوڕاست بەرهەڵستکاریی ئەو جەنگەی دەکرد و لەخۆڕایی تاوانبار دەکرا کەوا نیشتمانپەروەر نیە لەبەر ئەو هەوڵوێستەی.

بەڵام ئەی چۆنە ئەگەر کەسێک، بۆ تاوێکیش بووە، بیەوێت هەندێ شت ڕیزبەند بکات وەک دژە ئەمەریکایی و لەو پێناوەدا؟ من ناوی پات ڕۆبەرتسن دێنمە ئاراوە کە دەسبەجێ لە گەرماوگەرمی پاش دڕندایەتیەکەی ١١ی ئەیلوول لە سەر شاشەی تەلەفزیۆن دەرکەوت و جاڕی ئەوەی دا کەوا کوشتارە بەکۆمەڵەکەی نیۆیۆرک و واشنتۆن و پەنسلڤانیا سزایەکی خواوەند بوو بۆ کۆمەڵگایەک کەوا نوقمی عیلمانیەت و بەڕەڵڵایی و هاوجنسبازی بووە. لێرەدا پیاوێک بە ئاپ و ئاشکرا کۆمەڵگاکەی خۆی خۆش نەگەرەکە و بێ ئەوەی بیشارێتەوە هەواداری ئەوانەیە کە توندوتیژی و دەمارگرژی بەکاردێنن بۆ وێرانکردنی. ئەو زیاد لەوەش ئەم کۆمەڵگایەی خۆش ناوێت لەبەر ئەو شتانەی کە وڵاتەکە خۆی جاڕی بۆ دەدات و بەتایبەتی جۆراوجۆری و بواردان بە هەموو شتێک. ئەمە ئەگەر دژە ئەمەریکایی نەبێت کەواتە زاراوەکە هیچ مانایەکی نامێنێ.

من هەنگاوێک زیاتر دەڕۆم و دەڵێم کەوا ڕەیسیزم و دەمارگرژیی ئاینی دژە ئەمەریکایین و بەڕادەیەکی زۆر دەچنە ژێر ئەو



پێناسەیەوە، چونکە ئەم شتانە ئیدانەکراو و لە یاسا بەدەرن، لە دەسکاریەکانی دەستووردا ئەگەر هەر لە خۆیدا نەبن. بەڵام ئەمە بەرەوڕووی بەرهەڵستکارییەکی بەهێز دەبێتەوە لەلایەن هەندێ کەسی ڕادیکاڵەوە، کە وایدادەنێن ڕاستەقینەترین ئایدیای ئەمەریکا بریتییە لە ئاهەنگی جینۆساید و کۆیلەیەتی لەو دەمەوە کە کۆڵۆمبس و کۆچبەران پێیان خستووەتە سەری. ئاشکراشە کەوا ئەم دوو قوتابخانەیە ناکرێ لە یەک کاتدا هەردوکیان ڕاست بن. بەڵام ئەمە ئەمەریکاییەکان دەخاتە هەمان ئەو خانەیەوە کەوا کاتی خۆی لەلایەن کۆسمۆپۆڵیتیی ترەوە داگیرکراون، سەرباری ئەو مێژووەیان کە هەموو شەڕ و داگیرکاری و لووتبەرزیی ئیمپریالیانە بووە، ئەوان بۆ نموونە ئەگەر بەوە گوناهبار نەکرێن کە حوکوومەتی دەوڵەمەندەکانن ( پلۆتۆکراسی )، ئەوە بە ڕووخێنەر و بەدڕەفتاری و بێڕەوشتی و هەموو خەوشێک گوناهبار دەکرێن وەک پاشماوەی خواردن، سینەمای هەرچی و پەرچی، جینزی ( کاوبۆی ) هەرزانبایی. ئەمە تاڕادەیەک بەسە بۆ ئەوەی شانازیی پێوە بکەیت ( ئەو هەندۆکە خواردن و فیلمەی لێبەدەر ).

جەنگی سارد سەرکەوتنی وەدەستهێنا، لەبەر تێکەڵەیەک هۆکاری ساختە و کاریگەر، لە چەسپاندنی ئایدیای دژە ئەمەریکاییدا وەک دیاردەیەکی چەپ. لەبیرچوونەوە دەمێکە جێی ڕق و بێزراوییە لە ڕاستڕەویی کۆنی ئایدیای ئەمەریکاییەکاندا. بەڵام ئێستا ئێمە دەتوانین لە دایکبوونەوەی ببینین لە نێو ستایش و پیاهەڵدانی تەواوی حیزبە فاشیستە کۆن و نوێکاندا بۆ هێرش و پەلامارەکانی ١١ ی ئەیلوول. قسەی لووس وپفهەڵدراوی میللیی دژ بە جیهانگیری (

گلۆبالیزم )، کە بە زۆری و بە هەموو پێوەرێك بێزیانە و دید و ڕوانگەی لیپێنز و هەیدەرزی تێدایە کەوا ئەمەریکا بنکۆڵی ئەم ( وڵات ـ میللەت ) ە تەندروست و خاوەن یاسا و دەستوورە دەکات. کەوابوو لە زۆر سەرەوە ڕاستە. زۆر شت بەردەوام دەبێت و، کاتێ کە ئاڵای ئەمەریکا دەسووتێ، ئەوە لە پرۆتێستێك زیاترە دژ بە زلهێزێك. تۆ بە تەواوی و، بەتایبەتیش لە هەندێ تۆنی دەنگی ئەوروپاییەکاندا، هەست بە بێزلێکردنەوەیەکی ئەمەریکا دەکەیت کە چووەتە خانەی ڕاسترەوەوە.

باشە چیبکەین بۆ زاراوەیەکی گونجاو؟ ئایدیای ئەمەریکا خۆی لە خۆیدا سەرەڕای جۆراوجۆریی لەوە فراوانترە کە بە سەرزەنشتی هیچ کەسێك بریندار بکرێت. بەڵام کاتێ کە ئەمە لە خەڵکی دەرەکییەوە دێت دەبێ فێری ئەوە بین بڵێین "دژە مۆدێرنیست" یان ماوەیەکی پێدەچێت بۆ دەربڕینی"دژە کۆسمۆپۆڵیت". لە خەڵکی ناوەوە دەبێ بیرۆکەی "ماسۆشیستی خۆوڵاتی" داتاشین. ( هەرچەندە زۆر بێڕێزیش نیە ). من پێشنیازی ئەم شتە گەڵاڵە نەبووانەم کردووە و بە چاکی دەزانم کەوا قەت گەڵاڵە نابن، بەڵام تۆ دەیانناسیتەوە کاتێ کە دەیانبینیت.

## ئیمپریالیزم

# زاڵبوونی زلهێز، خراپەکار و باش





لە فەرهەنگی قسەی لووس و بریقەداردا وشەی"زلهێز" هەمیشە سوودبەخش بووە چونکە تۆزێك زیاتری کردووە لە سەلماندنی ئاشکرا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا فەرمانڕەوایەك بوو بۆ خۆی لە سەر گۆی زەوی. ئەو تەنها یەك ڕکابەری هەبوو، بەڵام لە خۆی ئایەختر بوو بەلایەنی کەمەوە لە خاڵی گەشەکردن و توانا و دەرامەتدا ( هەروەها لە بواری شتی تریشدا ). ئەوان هەریەکەیان "ئیمپراتۆرێك" بوون بۆ خۆیان لە دەستێوەردانی هەندێ وڵاتدا و بە زۆری زۆردارەکی حوکوومەتی وڵاتانی تریان دەهێنایە ژێربار بەجۆرێك کە لەگەڵ حەزو ئارەزووی ئەماندا بگونجێن. تا ئێستاش، کەمێك لەو کەسە ترۆتسکیانەی وەك خۆم هەر هەن کەوا دڵگەرمانە وەسفی جەنگی سارد دەکەن، لە نێو شتەکانی تردا، وەك ڕکابەرێکی ئیمپریالیی ناوخۆ.

ویلایەتە یەکگرتووەکان مەرج نیە، لە دیدو بۆچوونی خۆیەوە، ببێتە ئیمپراتۆرێك. ژیانی ئەم وڵاتە وەك کۆڵۆنییەکی یاخی دەستی پێکرد و لەڕاستیشدا یەکەم کۆڵۆنی بوو کە کۆتایی بە حوکمی بەریتانیا هێنا. کاتێ دامەزرێنەرانی وەك ئەلێکساندەر هاملتن باسیان لە"ئیمپراتۆرێتێکی" داهاتووی ئەمەریکا دەکرد، زاراوەکەیان بەشێوەیەکی کلاسیکی و مەجازی بەکاردەهێنا و قسەیان لە سەر زاڵبوونی پاشەڕۆژ دەکرد بەسەر ئەودوای کیشوەرەکەدا. بەگوێرەی ئەو پێوەرە، لویس و کلارك دامەزرێنەری "ئیمپریالیزمی" ئەمەریکایی بوون. دژە ئیمپریالیستەکانی چەرخی کۆڵۆنیاڵی بە

حیسابی ئەمڕۆ مامەڵەیان نەدەکرد و بەمجۆرە تۆماس پەینی ڕادیکاڵی دێرین هەمیشە دەستەڕاستی جێفەرسن بوو، هەردەم هانی ئەوەی دەدا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان ببێتە زلهێزێک بۆ دیموکراسی. ئەو ئاواتەخوازی ئەوەبوو کە ئەمەریکا ئیمپرتۆرێتەکانی ئەورووپای کۆن بڕووخێنێت. جێفەرسن هێزی دەریایی ناردە باکووری ئەفریقا بۆ بەرەنگاربوونەوەی فەرمانڕەوا ملهوڕ و جەردە موسڵمانەکان کە هەڕەشەیان لە دەریاوانیی دەکرد و بارمتەیان دەگرت و هێزەکانی ئەوروپایان هێنابووە گیروگاز. بەمجۆرە "لێوارەکانی تەرابلوس" کەوتنە ئاهەنگگێڕان و منەتباری دەربڕین بۆ کردنەوەی هێڵی هێزی دەریایی ئەمەریکا.

ڕەنگە ئەمە وا پیشان بدات کە دەبێ کەسێك بە سڵەوە ئاوات بخوازێت. چونکە لە سەرەتای ساڵی ١٨٩٨ وە ویلایەتە یەکگرتووەکان کەوتە تێکدان و ڕووخاندنی ئیمپراتۆرێتەکانی ئەوروپا و کووبا و فلیپینی لە دەست ئیسپانیا دەرهێنا ( بەڵام تا ئێستاش پۆرتۆریکۆمان وەك کۆڵۆنییەك بەدەستەوە ماوە ). لەدوای ساڵی ١٩١٨ شەوە بڕیاری ئەوەی دا، ئەگەر ئەوروپا سەرپێچی بکات وجێگیر نەبێت، ئەوە هێزێکی دەریایی ئەمەریکایی گەورە دەبێ بنیات بنرێت لەسەر شێوازی هێزی دەریایی بەریتانیا. فرانکلین ڕووزڤڵت ساڵانی ١٩٣٩– ١٩٤٥ ی سەرومڕ تەرخان کرد بۆ وەرگرتنەوەی پێگە و کۆڵۆنیەکانی بەریتانیا لە وینستن چەرچڵ، لە ناوچەی کاریبی و ڕۆژئاوای ئەفریقادا، لەبری هاوکاری و یارمەتیدانی لە سەردەمی جەنگدا. بەچەند ساڵێکی کەم لە دواى



جەنگی جیهانی دووەم ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو بە هێزی باڵادەست لەوشوێنانەی پێیدەوترا کۆنگۆی بەلجیك و ناوچەی کەناڵی سویسی بەریتانیایی و ـ لە هەمووشی شوومتر ـ ناوچەی هێندۆچینی فەرەنسەیی. ئیندۆنیسیا هۆڵەندی و ئەنگۆلای پۆرتوگاڵیش لە ماوەیەکی گونجاودا هاتنە پاڵ ئەمانیتر. هەر لەو ماوەیەشدا، لە ژێر پەردەی دژە ئیمپریالیزمی مەبدەئی مۆنرۆ Monroe Doctrine لە پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا واشنتۆن بەرزەخی ئەمریکای ناوەڕاست و لەوێشەوە بەرەوخواری بە ملکی تایبەتی خۆی دانا.

لە میانەی ئەم هەموو هەڵپە و قۆرخ کردنەدا ـ کە ماوەکەش هەندێ لە ڕووداوی بیرنەکراوی لووتبەرزی و زەبروزەنگی لەخۆگرتبوو ـ بەشێك لە کاربەدەست و دیپلۆماتە ئەمریکاییەکان تاڕادەیەك حاڵەتی حاکمی ئیداریی دەسەڵات فراوانیان هێنابووە ئاراوە و ئەمەش وایکردووە کەوا سیفری خەون ببینینی ئێستا *Apocalypse Now* پشتی بە ناوجەرگەی تاریکیی *Heart of Darkness* ی جۆزێف کۆنراد بەستووە. بەڵام بەگشتی، ئەوەی کە دروستکراوە بریتییە لە سیستەمێکی حوکم کردن بە وەکالەت لە ڕێگەی دەوڵەتانی پاشکۆ و ڕژێمگەلی پێنەگەیشتووەوە. کەم کەسیش زاتی ئەوە دەکات بەمە بڵێ ئیمپریالیزم. ڕاستێکەی زۆربەی داکۆکیەرانی سەربازی ئەم ڕێبازە ئەوپەڕی دڕدۆنگن لە زاراوەکە، کە پێدەچێت ڕەنگدانەوەی پرۆپاگەندەی چەپەکان بێت.

بەڵام لە ئێستادا، ئەگەر ڕاوێژ بە نووسینی بەڕێزان موحافزکار و موحافزەکارە نوێکان بکەیت دەبینی کەوا دەستیان کردووە بە ترش و خوێ کردنی ئەو وشەیە. "ئیپمراتۆریەت ـ بەڵێ! بۆ نەء؟" بڕێکی زۆر لەمە بە ئاشکرا لەو حاڵەتە دەروونییەوە دێت کە بە دوای ١١ ی سێپتەمبەردا هات. هیچ شتێك نیە وەك هەستکردن بەوەی لە خانەی ڕاستدا بیت و بانگەشەی چەسپاندنی مەبەستەکان بکەیت. بێزکردنەوە لە دڕندەیی و عەدەمیەت پێدەچێت تەواوی پێشینە ئەخلاقیەکانی دابین کردبێت کە پێویستن. ئەڵبەتە ئەم کۆمەڵە سۆزانەن کە وای لە ڕودیارد کیپڵینگ کرد ئاهەنگیان بۆ نەگێڕێت، وەك هەندێ کەس بۆی دەچێت، بەڵکو بەرەنگاریشیان بێتەوە. ئەو وای بیردەکردەوە کە ئەوە ملهوڕی و لووتبەرزییە و لە نێو فرمێسکدا کۆتایی پێدێت. ئەڵبەتە هەمیشە لێرە و لەوێ کوشت و کوشتار دەبێت و هەندێکیش بە بارمتە دەگیرێن و تووشی ئازار و ئەشکەنجەی پیس دەبن بەجۆرێك کەوا هەست و بیر بووروژێنێت. هەروەها بەزۆریش ڕاستە کە زمانی هێزی بێهەست و زبر تاقە زمانی ڕوون و بەرچاوە. بەڵام خۆپەسەندیی لەمێژوودا بەعادەت سزای خۆی دەبێت و گەلێکیش ئەمەی بیردەچێتەوە چ مەترسییەکە.

بەپێچەوانەی ڕۆمان و بەریتانیەکانەوە، ئەمەریکاییەکان لەیەك کاتدا دەبێ گەرەنتی بەخشی سیستەمێکی یاسای نێودەوڵەتی و بنەماکان بن. ئەڵبەتە دەستپێشخەریی ئەمریکاییەکان بوو کەوا هەر وڵاتێکی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا داوای لێکراوە کە بەشدار بێت لە جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤدا. بێ ئەژمار ڕێکەوتننامە و



پەیماننامە و لق و پۆکانیان هێشتا لەڕووی یاسایی و ئەخلاقییەوە بەستراونەتەوە. بەمجۆرە، بۆ ئەم ساتە وەختە، وشەی "Unilateralism ـ یەك لایەنە" ئەرکێکی ئیدیۆمیدەبینێ بۆ وشەی "Imperialism ـ ئیمپریالیزم" وەك ئاماژە بۆ هێزێکی باڵا کە بیەوێت لە یاسا و ڕێنماییەکان ببواردرێت، چونکە ئەو هێزە زۆربەیانی نووسیوەتەوە.

بەهەر حاڵ، ئەو ڕاستیە هەر لە جێی خۆیدایە کاتێ کە بەشەکانی تری جیهان شتێکیان دەوێ بەپەلە بکرێت پەنا دەبەنە بەر هێزی ئەمەریکا. ئەگەر لە کارەکە بگەڕاینایە بۆ ئەوروپاییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێستا وڵاتە ئەوروپاییەکانی بۆسنیا ـ هێرزەگۆڤینیا و کۆسۆڤۆ هەر هاوار و باوکەڕۆیان بوو، کوەیت هەر پارێزگای ژمارە نۆزدە دەبوو لە عێراقی گەورەدا و ئەفغانستانیش هەر لە ژێر حوکمی تاڵباندا مابۆوە. بەلایەنی کەمەوە لە یەکەم دوو کێشەی سەرەوەدا هەرگیز ناتوانرێت مشتومڕ لە سەر ئەوە بکرێت کەوا ئیمپریالیزمی ئەمەریکا کێشە و گرفت بووبێت تیایاندا، ئەمە وا لە گەلێ ڕەخنەگر دەکات، لەوانەی دەنگی تازە دەسەپێنن وەك بۆڵە بۆڵ و ناڕەزایی جوولەکە ڕووخێنەرەکان لە *ژیانی برایاندا The Life of Brian*، لە ناوخۆیاندا شەڕیان بێت لە سەر ئەوەی "باشە ڕۆمان چی بۆ ئێمە کردووە؟"

من بەوپەڕی دڵگەرمییەوە ئاواتەخوازم هەرچی وزە و توانا هەیە لە چارەسەری ئەو برسێتی و گرانییەدا خەرج بکرێت کە لە ئەسیوپیادا بەرپایووە، لەو وشکەساڵییەی کە لە ئاسیای ناوەڕاستدا هاتووەتە پێشەوە و بەهەمان شێوەش لە پەتا ترسناکەکەی سەدام

حوسـێندا. بـەڵام ئەگـەر بتـوانین وا چـاكە سـەدامەكان و میلۆسۆڤیچەكان و كیم جۆنگ ئیلەكان بەجێبێڵین و ئاوڕ لە كێشە گەورەكان بدەینەوە، دەتوانی گرەوی ئەوە بكەیت كەوا قەبارەی پردی ئاسمانی و دابینكردنی خۆراك لێیەوە، دابەشكردن، نوێكردنەوە و بنیاتنان ئەركی ئەمەریكاییەكان دەبێت، بە زنجیرەی نوێی NGOكانی مافی مرۆڤ و مرۆڤدۆستەوە كەوا تارادەیەك هەمان ڕۆڵ دەبینن لە سایەی ئەم دەسەڵاتەدا، وەك ئەوەی میسیۆنێرەكان دەیانكرد لە سایەی دەسەڵاتی بەریتانیادا.

هەلومەرجی ئیمپریالیزمی نوێ ئەو بەڵێنە تایبەت و دیاریكراوە دەبێت كەوا كاتێ هێزەكان دێن ئەوە ماوەیەكی زۆر نامێننەوە. پەیمانێكی پەیوەندیداریش ئەوەیە كەوا چەرخی دەوڵەتانی پاشكۆ بەسەرچوو و ئامانج پشتگیریی خەڵكی خۆولاتییە بۆ ئەوەی حوكمی خۆیان بكەن. لەم ڕووەشەوە پێوەرێكی نوێ هاتووەتەكایەوە و پێشنیازكراوە و دەبێ ( ئێمە ) و حوكمڕانەكانمان لە ئەستۆی بگرین. بەواتایەكی تر، ئەگەر ویلایەتە یەكگرتووەكان زاتی ئەوەی كرد بەئاشكرا جاری ئیمپراتۆریی بدات باشترە بۆی لە قەبارەی خۆیدا بمێنێتەوە وەك هێزپارێزیەكەی تۆماس پەین یان هەر هیچ نەبێت وەك ئەوەكەی جێفەرسن. لێرەشدا دیسان پێویستمان بە وشەیەكی نوێیە بۆی.

## فرەلایەنی و یەكلایەنی
## سكاڵایەكی خۆفەوتێن



### ١٨ ی دیسەمبەری ٢٠٠٢

لەسەرەتای ئەم مانگەدا و لەسەر ڕووپەڕی *چارلی ڕۆز شۆ* *The Charlie Rose Show* من و چەند كەسێكی تر گفتوگۆمان لەگەڵ پرۆفیسۆر هارۆڵد كۆه Harold Koh دا دەكرد. بابەتی گفتوگۆكەش گۆڕینی ڕژێم بوو لە عێراقدا و مەسەلەی دەستێوەردان و پەلاماردان بوو بۆ ئەو مەبەستە. ( ئەگەریش زۆر ئاشنا نیت بە ناوی هارۆڵد كۆه، لەبەر ئەوەیە كە لە سەردەمی سەرۆك كلینتندا وەزیری سێبەر بوو بۆ مافی مرۆڤ ). لە میانەی ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەنێوانماندا دەبوو ئەو وشەی"فرەلایەن"و "فرەلایەنی" چەندین جار گۆ بكات. كێ ئەم زاراوانەی فێركردبێت كارێكی چاك و هەمەلایەنەی كردووە، چونكە دەیتوانی بۆ هەموو ڕستەیەك و بۆ هەموو جارێك بیانگونجێنیت. ئەگەر ئەو ڕێگەم بدات بیروبۆچوونی كورت بكەمەوە، من دەڵێم پرۆفیسۆر كۆه هیچ شتێكی ئەوتۆی نیە لە دژی گۆڕینی ڕژێم یان ڕاستێكەی ڕژێم لە دژی تەدەخول كردن بە شێوەیەكی یەكلایەنە.

بێگومان بۆت هەیە سەرت كەچ بكەیت و ببیتە "پارتیزان". بەڕێوەبەرێتیی كلینتن، كە لەلایەن كۆهەوە خزمەت كراوە، ڕێگە بەخۆی دەدات سودان بۆردمان بكات بێئەوەی داوای پشكنین بكات و بێئەوەی بگەڕێتەوە بۆ نەتەوە یەكگرتووەكان و بێئەوەی ڕاوێژ بە كۆنگریس بكات و تەنانەت بێئەوەش گەلێ لە سەركردە دەسەڵاتدارەكان ئاگادار بكاتەوە. هەمان بەڕێوەبەرێتیی بەغدای بۆردمان كرد هەر لە ڕۆژی هێنانە بەر دادگای سەرۆكەوە تا ئەو

ڕۆژەی کە ئەو دادگاییە کۆتایی پێهات، دیسان بێئەوەی مێشێك میوانی بێت و ئەو لایەنانەی سەرەوە ئاگادار بکاتەوە. لە دیمەنێکی تردا تەمێی مادلین ئۆڵبرایت کرا بۆ ڤیتۆ خستنەسەر ئەو جموجووڵەی چیك کە بانگەشەی پشتگیریکردنی هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەکرد لە ڕواندادا بۆ ڕێگرتن لەو پلانە جینۆسایدییەی حوکوومەتە ڕەگەزپەرستەکەی ڕواندا ئامادەی کردبوو.

با لە سەر ئەم شتە پووچانە زۆر نەوەستین. ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتگیریی پێشنیازەکەی چیکی بکردایە، ئەوە پێشنیازەکە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نەدەبوو بە یەکلایەنی و بەڵکو دەبوو بە دووسەرە یان دوولایەنە ( چونکە دوولایەنە واتای دوو لای جیاواز دەگرێتەخۆ ) و دەکەوێتە سەر ڕێی ئەوەی ببێتە فرەلایەنە، ئەمە بە مەرجێك کە تۆ ڕازی بیت لە سەر فەرامۆشکردنی ئەوەی فرەلایەنی مانای "چەند لایەکە"، لەکاتێکدا کە بەکاربردنی چەندین وڵات یان هێز لە یەك "لا"وە مانای بوونە هۆی ئەگەری مانەوەی "یەك لایە" بەڵام بەلای کەمەوە سەرکەوتووە لە ڕاکێشانی پشتگیریی فرە لا یان فرە وڵات.

دووبارەبوونەوەی بێهوودە لێرەدا خۆی دەخاتەڕوو. لە ئۆکتۆبەردا، چووم بۆ قسەکردن لە کۆبوونەوەیەکی کۆنفراسی پارتی کرێکاراندا لە شاری بلاکپووڵی بەریتانیا. تۆنی بلێر سەرپەرشتی دانیشتنی ئەو ڕۆژەی دەکرد کە هەموو ئەندامان تیایدا ئامادەبوون، بەڵام زۆر لە نوێنەران بەڕووی گرژەوە پرتە و بۆڵەیان بوو لە بارەی هەڵوێستی "یەکلایەنە Unilateral" یان "تاکڕەویی go - it - alone" ی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە. من پێشنیازی



ئەوەم کرد کە ئەگەر ئەمە بە ڕاستی کێشە بێت ئەوە چارەسەرەکەی ئاسانە و لە دەستدایە. ڕێکوڕەوان پشتگیریی هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکەن دژ بە هەڵوێستی عێراق یان ڕووسیا یان فەرەنسا و بەخێرایی و زۆری پێناچێت هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێتە یەکلایەنە. من دەسبەجێ لەوە ئاگادارم کردنەوە کە دەمزانی بەرهەڵستکاریی ڕاستەقینەی سیاسەتەکە کەمی پێدەکرێت لەگەڵ خاسێتی یەکلایەنەیدا.

ئەوانەی پشتگیریی ڕاوێژکاری ئەڵمانیی گێرهارد شرۆیدەر دەکەن، هەمان هەڵەیان کردووە. بێگومان ئەوان دەڵێن دەبێ شتێك لەبارەی عێراقەوە بکرێت. بەڵام چۆن دەکرێ ئەمەریکا چاوەڕێ بکات ئەمە جێبەجێ بکات بێ پشتگیریی ئەوروپا؟ پرسیارێکی باشە، بەڵام ئەو کەسانە سەرسام دەکات کە ناوەستن و چاوەڕێی وەڵام ناکەن. زۆرترین باس و لێکدانەوەی دادایی ئاستەنگەکە لەلایەن سیناتۆر تۆم داشڵ ەوە ڕوونکراونەتەوە، کە بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك دەرکەوت بۆ ئەوەی پێمان بڵێ ئەگەر تەنها خەڵکێکی زۆر سیاسەتی سەرۆك بسەلمێنن ئەی دوایی بۆچی خۆی مەیلی پشتگیریی بکات ! بەڵام لەو ماوەیەدا دەتوانێ خۆی بەدووربگرێت لە هەر شتێکی نایەکلایەنە.

ئەم سکاڵا خۆفەوتێنە ڕەنگدانەوەی جیاوازی نەکردنی کاپیتۆڵە ( کۆشکی سپی ـ و ) لە نێوان پارتیزان و بایپارتیزاندا ( مەسەلەیەك دوو حیزب پشتگیریی بکەن ـ و)، ئەگەر ژمارەیەکی تەواو لە ئەندامانی حیزبەکەی تر بیسەلمێنن. ئەوی ڕاست بێت ئەمە هیچ فێڵێکی تێدا نیە و گشتی مەسەلەی تکا و تکاکارییە وەك لەوەی یاسا و ڕێسایەکی بنەڕەتی بێت.

بەمجۆرە، نەتەوە یەکگرتووەکان، بە شێوەیەکی فرەلایەنی ئەگەر نەڵێین بە گشتی، پابەندە بە بەرنامەیەکی پشکنینەوە بە پشتیوانیی هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزەوە کە دەبێ لە شوێنێك دروست بکرێت و بە ڕاستی بخرێتە کارەوە، لەلایەن تیمە ئەمریکاییەکەوە ـ کە ئەمەش یەکلایەنەیە بە پێی پێناسەکە. بەڵام ئایا ئەوە کەسێك دەوەستێنێت داکۆکی بکات لەوەی کە بەکارهێنان و جێبەجێکردنی حاڵەتەکەی تریش دەبێ یەکلایەنە بێت؟ ئەڵبەتە نەخێر.

بەم پێیە، گوناهبارکردنێکی ڕەفتاری یەکلایەنە دەکرێ تاسەر ئێسقان بێت، بە حوکمی بەدیهیەت، لەلایەن هەر هێزێکەوە هەقی قوبووڵ و ڕەزامەندیی بەخۆی دەدات. کاتێ کە لەکۆتاییدا ئەو قوبووڵ و ڕەزامەندییە دەدرێت ئەوکاتە ئیتر خەڵاتی فرەلایەنی دەرەخسێت و پێدەگات. بەڵام سزای ڕەفتارکردنی یەکلایەنە ڕەنگە لەبەر هەندێ هۆکار، بخرێتە خانەی ( بابڵێین ) دژ بە فەرەنسا .

لێرەدا یاسای ( زیادکردنی کار لە خاڵێکدا زیادکردنی بەرهەمی لێناکەوێتەوە ) بە سەر ئەم دژوارە دروێنەدا دەسەپێ. ئەمەش تاڕادەیەك لەو ڕاستییە داماوەوە پەیدا دەبێت کە پێناسەیەکی درۆیە لە یەکەم شوێندا. هەڵوێستی ئەمەریکا بەرانبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەچاکی لە یەکلایەنیدا One- Sided بەرجەستە دەبێت و بەردەوامیش پشتگیریی وڵاتانی تر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. زۆرینەیەك بە تیۆری و پراکتیك یەکلایەنە کار دەکەن و ئەمانە تەنها وەك تاك دەوڵەت ڕەنگە زیاتر ڕێز لە پلووراڵیزم بگرن وەك لەوەی کۆمەڵێك دەوڵەت بخرێنە پاڵ یەکتر.



ئەمە دیسان ئەو پرسیارە پەیوەندیدارە دینێتە پێشەوە کە چۆن لە ڕاستیدا بڕیارەکان وەردەگیرێن. دەنگی سووریا لە چارەسەری یەکلاکەرەوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەشێك یان پێکهاتەیەك نەبوو لە دەنگی دەوڵەتانی تر. ئەمە بڕیارێکی وەرگیراوبوو، بەلایەنی کەمەوە بۆ هەموو مەبەستە دەرەکییەکانی تر، تەنها لە لایەن سووریاوە لە بەر هۆکاری گونجاو و بەرژەوەندیی خۆی. ئەمەش مافی تەواوی سووریا خۆیەتی. کەواتە چی لەمە یەکلایەنەتر دەبێت؟ بەڵام واکەوتەوە کە دەنگەکە هاوزەمان گونجاو بێت لەگەڵ دەربڕینی بیروبۆچوونی نوێنەرانی چواردە دەوڵەتی تردا، کە هەستێکی ناسکی فرەلایەنییان دا بەو دەنگە. تا ئێستا نوێنەری عێراق، لەبەر هەندێك هۆ، بێئابڕووانە پابەندی ژمارەیەك بڕیار نەبووە لە ماوەی زیاد لە دەساڵدا. تا ئێستاش پێناچێت کەسێك ئەم هەڵوێستی یەکلایەنەی بەغدای بە چاوی ئیدانەکردن و ناڕەزایی خوێندبێتەوە. بڕگەیەکی تر بخەرە سەر بەیانی ڕەسمیی گۆڕینی ڕژێم: تەدەخول کردن کۆتاییەك بۆ یەکلایەنیی سەدام حوسێن دادەنێت.

بەدەر لە نیاز و مەبەستم لەم نووسینە ئەمە وایکردووە کەوا خوێنەر بە تەواوی نەخۆش بکەوێت بە دەست ئەم دوو زاراوەیەوە و هەروەها تووشی سەرئێشەش بێت لەبەکارهێنانی بەتاڵیان. تۆ بڵێی تۆش نەخۆش نەکەوێت؟ من پێشبینی دەکەم بەم زوانە تووش دەبیت.

## "چەکی کۆکوژ" و "پشکنین"

# ئایا بەڕاست چەکەکانی سەدام هێند ناتەقلیدین؟

٢٦ ی دیسەمبەری ٢٠٠٢

لە هاوینی ١٩٩١دا، بەکارێکی گۆڤاری ***ناشناڵ جیۆگرافیک*** *National Geographic*، چووم بۆ شارە کوردنشینەکەی هەڵەبجە. ئەم شارۆچکەیە ئێستا لە سەرانسەری دنیادا ناوبانگی دەرکردووە بەوەی کە عێراق بە چەکی کیمیایی لێیدا. کاریگەریی ئەم تاکتیکانە زۆر خێرا و دەستبەجێن، بەڵام ئەنجامی درێژخایەنیان بەتاوایی جێی سەرنجن ـ لێرەدا وێنەی سەدان خێزان دەبینم لە سەر شەقام کەوتوون و ملایکەتی مەرگ تێیان بەربووە. ژنان، لە ناوچەیەکدا کە پڕ شەرم حەیایە، پێستی ئەستووری خۆیان هەڵدەماڵن بۆ پیشاندانی سووتاویی ترسناکی لەشیان، خەڵک کوێر بووبوون، منداڵان لە بارودۆخێکی نەخۆشیی ئەقڵیدا بوون. یەکێك لەو بۆمبانەی نەتەقیبۆوە و مۆری هێزی ئاسمانی عێراقی لەسەربوو، هێشتا لە کەلاوەی ژێرزەمینی ماڵێکدا بوو، منیش بەسڵەوە لە سەر لووتی بۆمبەکە دانیشتم و وێنەیەکم لەسەر گرت.

باشە هەڵەبجە هەروا بە "چەکی کۆکوژ" لێدرا؟ هەرچەندە وەڵامەکە واپێدەچێت خۆی لە خۆیدا بەدیهی بێت و لەڕاستیدا زۆربەی شارەکە و گەلێك لە دانیشتوان هێشتا هەر لەوێن. ڕۆژێکی تەواو بۆمبارانکردن بە چەکی "تەقلیدی" بێگومان زۆر کوشندە دەبێت و بەهەمان شێوەش زۆر لەناوبەر دەبێت. هێرشێك بە کەرستەی ئەنثراکس یان تیراویێ ڕەنگە بینا و ساختمانەکان هەر بە



سەلامەتی بهێڵێتەوە وەك چۆن چاوەڕێ دەکرێت بۆمبی نیوترۆنیش هەمان ئەو کارە بکەن.

زاراوەی"چەکی کۆکوژ" لەدواییدا وا دەردەکەوێت کە حاڵەتێکی خواروژوور بێت. ئەمە دەتوانێ زیادەڕۆیی بکات لە هێزی تێکدان و رووخێنەری هەندێك چەکدا، لەکاتێکدا کەوا ڕاستیی ترسناکیەکە کەمتر دەخرێتەروو. دوو ساتەوەختی زۆر وێرانکەری جەنگی ئەم دواییەی کەنداو، لە دیدی زەرەر و زیانەوە، ئەو تۆڵەیە بوو کە سەدام لە ئینتیفازەی شیعە و کوردی کردەوە لە گەرماوگەرمی پێکدادان و ململانێدا و لە دیدی شێواندنی جەستەییەوە، بڕیارەکەی بۆ گرتێبەردانی بیرە نەوتەکانی کوەیت لە کاتی پاشەکشە ئابڕووبەرەکەیدا. چەکی سەرەکی لە یەکەم نموونەدا هەلیکۆپتەری جەنگی بوو لە دووەمیشدا تەقەمەنیی هێجگار توند و بەهێز بوو. وێرانکردنی بەکۆمەڵی مرۆڤ و سەرچاوەکانی ژیان ئەنجامی هەردوو حاڵەتەکە بوو. بەڵام ئەمە شتێکی کەممان پێدەڵێت دەربارەی چەك و جبەخانە ( لەکاتێکدا کەوا زۆرمان پێدەڵێت لەبارەی ڕژێمەوە ).

دەتوانم بڵێم دەستەواژەی"چەکی کۆکوژ" لەدەربڕینی سۆڤییتەوە سەرچاوە دەگرێت لە ماوەی دانوستانە بە پاشوودا کەوتووەکانی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان سەبارەت بە کۆنترۆڵی چەك و چەکداری و ڕەوینەوەی ئاستەنگی نێودەوڵەتی. ئەمە شتێکی بە گشتیکردن بوو و هەردەم بە قسەی لووس و موجامەلات ڕووپۆش دەکرا، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ڕێگەیەکی شلوشۆڵی قێزەونی گەڕانەوە بوو بۆ سەر چەکسازیی ئیرمۆناوکی. ئەو جۆرە شەڕ و ململانێیە بە

ئاشکرا هەموو بارێکی گوناهبارکردن هەڵدەگرێت، چونکە زیانێکی ئەوتۆ بۆ شارەکان و بنەڕەت و ژێرخانی ژیان دروست دەکات کە لە ئەقڵ بەدەربێت. بە ملیۆنان خەڵکی مەدەنی لەناودەبات و تانوپۆی ئەو سروشتە هەڵدەوەشێنێت کە پێی دەڵێین ژینگە. هەروەها هەڕەشەش لەسەرجەمی گیانلەبەر و ژیانی سەر ئەرز دەکات و مەترسیی درێژخایەن دروستدەکات لە ئەنجامی تیشکدانەوە و گۆڕانی کەشوهەوادا. لە هەمووشی خراپتر و ترسناکتر دەبێتە هۆی بنەبڕکردن و قڕکردنیش وەك: کوشتنی هەموو زیندەوەرێك، تەنانەت ئەوانەش تا ئێستا لەدایك نەبوون و ئەمەش سیفری خەون بینینی "کۆتایی مێژوو" دەکاتە ڕاست، بەجۆرێك کە نە گاز و نە میکرۆب و نە دەمارە گازیش ئەمەی پێناکرێت.

بەڕاستی ئەمە کارێکی گەوجانە و پووچە هەرچەندە پێی لێدەنرێت و ئێمە ڕەنگە لە وشەگەلی وەك "گاز" و "کیمیایی" بسڵەمینەوە، چونکە وەك"جەنگی میکرۆب" شووم و ژێربەژێرە. ئەمانە بە مانایەکی ڕەوان خراپەکاری و نەگریسیی چەشنی فیشکە فیشکی مار دەردەبڕن لە تاقیگەی ترسناکدا. بەکارهێنانی گاز لە سەنگەرەکانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا بەشێکە لەیادەوەریی میللیی ترس و تۆقێن ( هەروەها ئەمە بوو بە ڕێخۆشکەری شێوازی وەك مێرووکوشتنی خەڵکی مەدەنی، کە لە پاڵ ڕەگەزپەرستیەکەیدا چەمکی چارەسەری کۆتایی هێندەی تر بۆگەن و قێزەون کردووە ). بەهەرحاڵ، ئەگەر ئێمە بمانەوێ لەوبارەیەوە ئامانج بپێکین، ئەوە بەکارهێنانی گاز بەڕادەی ئەوە وێرانکەر نیە کە بۆمبی سووتێنەر و بەهێز لە تەقینەوەدا بەکاربێت، بۆ گرتێبەردانی شوێنێکی شارستانی



وەك لە تۆکیۆ و درێسدن بەرپابوو. جەنگی نەخۆشی، کە چەند بێزلێکراوە، ناجێگیر و سڵۆك و ناکاملە لە شێوازی بڵاوبوونەوەدا و پێویستی بە ڕۆکێتی ورد و تۆکمەیە.

زۆر ڕوون و ئاشکرایە کەوا سەدام حوسێن هەوڵی داوە تەنها چەکی کۆکوژی ڕاستەقینە بەدەستبێنێ ئەویش جۆری ئێَر مۆناوکی و ـ بەتەواویش ڕوونە ( هەر هیچ نەبێ بۆ من ) کە ئەم چەکانەی بۆچیە.

باشترین بەڵگە بۆ سەرنەکەوتنی سەدام لەم پرۆژەیەدا، لەکاتێکدا کە ئەو بە شێوەیەکی بەدیهی زۆر تێکۆشا لە پێناوی مەسەلەکەدا و حەزی نەدەکرد هەروا بە ئاسانی دەسبەرداری بێت. بەم پێیە، یەك لەو هۆکارانەی دەسبەرداربوونی ڕەنگە ڕێکوڕەوان ئەوە بووبێت کە هەرگیز ئەوەی بۆ پەیدا نەکرا ئەو هەستەی بداتێ کەوا بووەتە دکتاتۆرێکی ئەتۆمی. ئەمەش ڕەنگە کوڵترین هۆکار و پاساو بێت لەهەر شتێکی تر کەوا بەڕێوەبەرێتیی بوش بیری لێکردبێتەوە. پاساوی ڕەسمیش ئەوەیە کەوا شێوازەکانی سەرپەرشتی کردن هەڕەشەکە دەخەنەڕوو و دەستی بەسەردا دەگیرێت. ئەمە دەکرێ، بەڵام ئەگەرێکی دوورە.

بەرپرسیارێتی ئەم ئیدیعایە لەگەڵ بیروبۆچوونی ئەوانەدا یەکدەگرێتەوە کە بڕوا بە ئایدیای "پشکنین" دەکەن و لەگەڵ ئەوانەشدا کە تەنها ڕووکاری وشەکە دەبینن. هاوزەمانییەکی ژێربەژێری سەیریش هەیە لە نێوان وەهمی پشکنین و کاری زانستیی درمدا: پاکوخاوێنیی باش بەر لە درم و پەتا دەگرێت، بەڵام ئەم شتانە پێویستیان بە ئاڵوگۆڕە. ئاخر کێ لە سەر ئەم گۆی زەوییە پێویستیی بە تەماشا و پشکنینی دوکتورێك بێت و کاتێ پرسیاری

دەرد و نەخۆشیەکەی لێبکات نەخۆش داوای لێبکات بە خەمڵ و مەزەندە شوێنی ئازارەکەی بدۆزێتەوە؟ ( کەواتە تۆ پرسیاری ڕاست ناکەیت! ) مامەڵەی ڕاست لەگەڵ ڕژێمێکی سادی و نەخۆشی خۆ بە مەزن زانی وەك ڕژێمەکەی سەدام حوسێن زۆر نزیکترە لە ئیجرائاتی "بەڵێن لێوەرگرتن" بۆ ئەوانەی باری شێواوی و تێکچوونی ئەقڵییان هەڕەشەیەکە بۆ خۆیان و خەڵکی تریش. ( دەرمانەکانت وەرگرە و پاشان بەدووردرێژی قسە دەکەین ). لێرەوەیە کە بۆچی دەبێ یەکەمجار پشکنینی بەسەردا بسەپێنی. بوونی ئەوچەکانەی بێجیاوزای وێران دەکەن، یان چەکی کوشتن و تۆقاندنی بە کۆمەڵ ڕەنگە لە پرۆفایلی هەر حوکوومەتێکی نوێدا بێت و هەڕەشەی ئەوچەکانەش تەنها لە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و نزیکەوە لە سەر ئەو حوکوومەتانە خۆیان بەدەستدێت. بەلاّم ڕەنگە تۆ نەتوانی بەشێوەیەکی گونجاو عێراق بپشکنیت و حالّەتەکەی شی بکەیتەوە پاش ئەو هەموو دۆزینەوە و سەلماندنە، بێئەوەی دەسەلاّتت بەسەردا بشکێت. پێ لەوە بنێن کەوا ئەوانە بچڕ بچڕ باس لە شاردنەوەی دەکەن. ئەوانەش کەوا بەدڵسۆزییەوە دەیانەوێت چاودێرییەکی ڕاستەقینە و ببینن پێویستە دان بەوەدا بنێن کەوا پشکنین تەنها داخوازییەکی ترە و( بارێکی ترە ) بۆ گۆڕینی ڕژێم.

"نەگریس"



## بتەوێ و نەتەوێ دەبێ ئەو گاڵتە و لاقرتییە هەر بکەیت

۳۱ ی دیسەمبەری ۲۰۰۲

ڕەنگە بزەیەکی ساختە خستنەسەر لێوی ڕۆشنبیر یان بیرمەندێکی لیبراڵ ئاسانتر نەبێت لەوەی ئاماژە بە تکاکاریی سەرۆك بوش بکەین لەمەڕ گەوجێتی "نەگریس". چ ساویلکەییەکە! چ سەلماندنێك باشترە بۆ سەرۆکایەتیی "کاوبۆیەك" لەم تەواو پەنابردنە بەر زمانی کوڕە باش و کوڕە خراپەکان، کلاّو سپی و کلاّو ڕەش؟ باشە هەموو کەس نازانێت کەوا دەبێ تەواوی شتە وردەکان ڕەچاو بکرێن لەکاتێکدا کەوا ئەخلاقیەتی خودسەرانە کەڵکێك نادات؟

بە ئاشکرا هەموو کەس ئەوە دەزانێت، چونکە لە کاتی هەڵبژاردندا هەمان بیرمەندی لیبراڵ، پاش ململانێیەکی زۆر، دەنگی دەداتە هەر کامێك لەو کاندیدە پووچ و بێکەڵکانەی حیزبی دیموکراتی تووڕیان دەدات. بۆیە ئەمەش دەکات، گوایە بە بۆچوونی خۆی، لەبەر ئەوەی "کەمتر نەگریسە". کەوابوو، پێدەچێت ئێمە بە تەواوەتی بێ وشەکە کار نەکەین، ئەگەرچی ئەمە ئەو سەرنجە دەهێنێ کەوا هەندێ کەس لەڕووی تەوسەوە یان ڕێژەییەوە بەکاری دێنێت و وەك جۆر پێویستە دانوستانی لەگەڵدا بکەیت، بگونجێت یان بە باشی لێی بگەیت.

ئەڵبەتە ئەم قسەیە بەزۆری لە دەمی وتارخوێن و مامۆستایانی زانستی ڕەوشتەوە دەبیسترێن، هەروەها لە فەیلەسووفە ئەخلاقییە

مۆدێرنەکانیشــدا خۆدەنوێنــێ. وەك ڕووبەڕووبوونەوەیــەك لەگــەڵ بەڵگەکانی جینۆسایدی سیاسیی ئەورووپای سەدەی بیستەمدا، بۆ نموونە، حەننا ئەرێندت لە هەڵوەستەیدا بۆ بوونی شتێك زاراوەی "نەگریسی ڕادیکاڵ" ی داهێناوە و وایبۆدەچێت کەوا بیرمەندان سەرناکەون لە بوارپێدانیدا وەك هێزێکی بڕیار لەسەرخۆداو. هەروەها دەستەواژەکەی ئەرێندت دەبارەی "هیچ و پووچیی نەگریس" کە حەزیشی لە پارەی مۆڵە بۆ یارمەتیدانمان لە تێگەیشتنی ئەو ڕێگایانەی کەوا "خەڵکی ئاسایی" دەجووڵێنن یان بەکاریان دێنن بۆ ئەنجامدانی شتی گەورە و لە عادەت بەدەر. ئەگەر ئەو بیوتایە "گوناهی ڕادیکاڵی" یان "هیچ و پووچیی گوناه" ئەوە لە ئامۆژگاریدەرێکی ساویلکە دەچوو، بەڵام ئاخر خۆ سەرۆك بوش ئاماژەی بۆ "تەوەرێکی گوناه" نەکردووە، ئەی وانیە؟

ڕەنگە وەسفکردنی دوژمنێك بە نەگریس هیچ کەڵکێکی نەبێت، بە زاراوەی پرۆپاگەندە. ئەو کاتانەی کە تەرخان دەکرێت لە تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە لە سەر ڕکابەرێك هەمیشە بە چاکی تەرخان دەکرێت و بابەتە ڕەهاکان ڕەنگە بە ئاسانی ئەم کارە سەختە کەل بکەن. بەڵام چۆن دەتوانرێت شیکردنەوەی تایبەت ئەنجام بدرێت بێئەوەی تووشی گەڕانەوە بیت بۆ ئاستەنگەکەی ئەرێنت؟

هەموو کەس دەزانێ کەوا ڕەوشت و نەفسبەرزیی هیچ کات جوێ ناکرێتەوە لە ئایدیای ویژدان و هەندێ شتیش کە ڕەگیان لە ئێمەدا داکوتاوە ئیدانەی کوشتن و دزی دەکات بێئەوەی بە دەرز بیخوێنین. دۆزینەوەی جزدانێکی پڕ لە پارە لە سەر کوشنی پشتەوەی تەکسییەکدا و بڕیاردان لە سەر ئەوەی دەستی لێ بەرنەدا،



وا لە زۆر کەس دەکات کە خۆیان بخەنە بەر پاکانە و پاساوهێنانەوە تەنانەت ئەگەر دڵنیاش بن لەوەی کەوا کەس ئاشکرایان ناکات. من خۆم ناتوانم بڕیار بدەم ئەگەر ئەمە وابەستەی ویژدان بێت و بەهۆی پەرەسەندنی بایۆلۆجییەوە وەدەستهێنرابێت ـ یان بەواتایەکی تر ئەمە لە هەڵبژاردنێکی باشی بە کۆمەڵایەتیبوون و مانەوەی باشترەوە هاتبێت و بەم ڕەنگە وەك شتێك کەوا سوودێکی ئاشکرای وەرگرتبێت بۆ ئێمە هاتبێت. ئەو بیرە ڕەنگە هێند باوەڕهێنان بەخەڵك خۆشویستن ئاسوودەمان بکات. بەهەرحاڵ، من دەزانم و دڵنیام لەوەی کەوا ژمارەیەکی تەواو خەڵك بێ ئەم کۆت و پێوەندە لەدایك دەبن و پێدەگەن. کاتێ کە بەرەوڕووی کەسێکی بێویژدانی چاوقایم دبینەوە دەڵێین ئەوە کەسێکی ئەقڵ تێکچووی بێکەڵکە و ڕەنگە لەبنەڕەتیشدا کەمتەرخەم بێت لە ئاست خۆشی و ئاسوودەیی خەڵکی تردا.

بێگومان ئەم شیکردنەوە و تاوتوێ کردنە پێشکەوتنێکە لە ئایدیای خاوەنداریێتیی هێزی بێپایان و شەیتانی یان گوناهی بنچینەییدا. بەڵام هەموو ئەقڵ تێکچووەکان چونیەك نین. هەندێکیان لەوە زیاترن کە ساکارانە حەز بە خۆشی و ئاسوودەیی خەڵکی تر نەکەن و هەمیشە پێویستیان بەوەیە کە ئەوانیتر والێبکەن هەست بە مەینەتی و سەرشۆڕی بکەن. ئەوانیتریش فشار دەخەنە سەر ئەم پێویستییە تا ئەو خاڵەی بەرژەوەندیی خۆشیان دەخاتە مەترسیەوە ـ بەتەواوی وەك درۆزنێکی نەخۆش کە بەئاشکرا درۆ و دەلەسەی بێبایەخ هەڵدەڕێژێت تەنانەت کاتێکیش کە ئەگەری هیچ باشەیەکی تێدا ناهێڵنەوە. بەمجۆرە، ئێمە دەبێ بوونی هەڵسوکەوتی مرۆڤانە بسەلمێنین کە لەهەمان کاتدا سادی و خۆڕووخێنیشە. ئێمە

زەحمەتێکی ئەوتۆمان نیە لە وەسفکردنی ئەنجامەکانی هەڵسوکەوتی ئاوهادا وەك نەگریس. "ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی نەگریسی بوو کە ..." ، "ئەنجامی نەگریسیی ئەم ڕەفتارە ...". کەواتە بۆچی، باشە هیچ کێشەیەك هەیە بۆ ئەنجامدەر دەربارەی گێڕانەوەی ئەم سیفەتانە؟

بۆ نموونە، زۆ وڵات هێزی پۆلیسی نهێنی خۆی هەیە و خەریکی ئازار و ئەشکەنجەدانی ئەو کەسانەیە کە نەیارو بەرهەڵستکارن، هەروەها هەندێ وڵاتی تر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ئەشکەنجە یان کوشتن پیادە دەکەن چونکە کاریگەریی ئەم پێداگۆگییە ( ڕێسا و زانستی وانە وتنەوە ـ و ) لە سەر دانیشتوان زۆر گەورەترە لەحاڵەتێکدا ئەگەر ڕێگەیەکی پێزانراو نەبێت بۆ خۆلادان لە تیرۆر. هەروەها کاپرایس هەندێ ترش و خۆی بەوەوە دەکات کە بەپێچەوانەوە دەکرێ کاری وەڕسکەر و ڕۆتینی سەرکوتکردن بێت. بەهەرحاڵ، زۆربەی حوکوومەتەکان ڕووی ئەوەیان هەیە کە نکووڵی لەم ڕەفتارەیان بکەن. هەندێکیش لەو دەوڵەتانە وێنە و شریتی ڤیدیۆی دەستە و تاقمی دەستدرێژکردنە سەر ناموس و ئەشکەنجەدانی ژنانی گەنج دەگرێت لە زینداندا و پاشانیش ئەم بەڵگانە دەخاتە بەر ماڵی ئەو خێزانانە. ئارەزووی زیادڕۆیشتنی لەو چەشنە، وەك لە ڕژێمەکەی سەدام حوسێندا بە بەڵگەوە دەردەکەوێت، ڕەنگە پێویست بە زیادڕۆیشتن بکات لە پلەی گوناهبار کردن و ئیدانە کردندا. هەروەها ئەگەر بمانەوێ بڵێین، وەك دەمانەوێ، کەوا ئیبلیس لە ئەرکێکی تایبەتدایە و پاشان ڕەنگە زیادەڕۆییش نەبێت کەوا پەردە لەڕووی لاساری و پەڕگریی نەگریس لابدرێت. ئێمە ڕەخنەمان هەیە لە پێناسە کردنی شیکاری و



ناساندنی نەگریسدا وەك زێدەبایی ئەقڵ تێکچوو ـ خۆشییەکی نائەقلانی لە گاڵتەپێکردن بە بنەمای ئاسایی شارستانیەت.

ئەمەش، وەك هەموو شتێکیتر، بە ڕێبازی ڕێژەیی ئەخلاقیشەوە، دەکرێ وەهمی بێت. ڕەنگە هیچ ڕۆژنامەنوسێك بەئەندازەی ڕۆبەت فیسك ی لەمەڕ ڕۆژنامەی *ئیندپێندانت* Independent ی لەندەنی بوشی بەرگاڵتە و لاقرتی نەدابێت وەك کۆنەپەرستێکی ساویلکە. نامە و نووسراوەکانی بەزۆریی ئاستێکی بەرز و تەمومژاوی هەبوو لەنێو ئەوانەی بەتوندیی ڕەخنە لە"دوو پێوەریی" ئەمەریکاییەکان دەگرن. تا ئێستاش کۆپییەکی ئەو وتارەم لەلایە کە لە شاری کوەیتەوە نووسیبووی دوابەدوای دەرکردنی هێزەکانی سەدام لەو وڵاتە. فیسك بەجوانترین شێوەی توانیبێتی وەسفی ئەوانەی کردووە کە لە زیندانە تایبەتەکان و بەندیخانە سەرپێیەکاندا بوون و هەڕەمەکی کوشت و کوشتار و لاشەی فڕێدراوو کاولکاری و وێرانە ( بیرت نەچێت کە سەدام بیرە نەوتەکانی کوەیتی گڕتێبەردا کاتێ کە لەژێردەستی دەرچوون )، بەڵام فاکتەرێکی نادیار لەو دیمەنەدا هەبوو کە چەژ یان بۆنکردنی زیاتر بوو لە کورتکردنەوە. فیسك نووسیبووی "هەندێ شتی چەپەڵ و نەگریس لێرە ڕوویدا". وابزانم من بەتەواوی لەگەڵیدام کەوا بەڕاستیپێویستمان بە وشەیەکە بۆی و ئەمەش باشترین لووتکەی نەگەتیڤە کە بەدەستمان هێنابێت.

## خۆپارێزی و بەربەست

## کام جەنگ دەستدرێژی و داگیرکاری نیە؟

### ٨ ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٣

وا باسدەکرێ کە لە ماوەی جەنگی یۆم کیپوری ساڵی ١٩٧٣(جەنگی ڕۆژی غوفرانە لای جوولەکە ـ و) ـ کە لە بەرەکەی تر بە جەنگی ڕەمەزان ناوی ڕۆیشتووە – چوار پێنج جار پرسیار لە قسەکەرێکی سەربازیی ئیسرائیلی کراوە، کە ئایا دەوڵەتی جوولەکە چەکی ئەتۆمی بەکاردێنێ ئەگەر هێزە زەمینیەکەی بەردەوام بوو لە بەزیندا. ئەویش مانترا ڕەسمییەکە دووبارە دەکاتەوە و دەڵێ : "ئیسرائیل یەکەم وڵات نابێت کە چەکی ئەتۆم لەم ناوچەیەدا بلاوبکاتەوە"، پاشان هەنگاوێك لەبەر مایکرۆفۆنەکە گەڕایەوە و ( پێی وابوو کوژاوەتەوە ) ئەوجا لەبەرخۆیەوە بەچپە وتی "هەروەها دووەم وڵاتیش نابێت".

شەڕوشۆڕ پرۆژەیەکە و دواجار بە شێوەیەکی بەرچاو کۆتایی بە کورە باشەکان دێنێت. فرانکلین ڕووزڤڵت لەوپەڕی ناوبانگەوە سەرسەختانە دەڵێ دوای "ئەو ڕۆژەی کە لە سەرشۆڕی و ئابڕووچووندا دەژی" لە ساڵی ١٩٤١دا و پاشان حیسابی ئەوە دەکات کەوا نەك کەس نابێت یەکەم تەقە بکات بەڵکو کەس نابێت دوا تەقەش بکات. هەر چۆنێك بێت، کارێکی بە ئازارە کە جەنگێك دەست پێبکرێت بە فەوتانی گەلەکەشتییەك و هەموو وڵاتەکان هێند گەورە نین بۆ بەرگەگرتنی ئاوها ڕاچەنینێك. ئەنجام مێژوونووسانی سەربازی یان ستراتیج دانەرانی سەربازی کاتێکی زۆر دەخایەنن بە



مشتومڕ کردن لە سەر جەنگی"بەربەست" و ئامۆزا نزیکەی کە جەنگی"خۆپارێزییە".

زۆربەی ئەم گفتوگۆیە بە شێوەیەکی مەحاڵ ئەبستراکتە و ملکەچی حوکمی ڕێکەوتی کوێرانەیە. بۆ نموونە، تەنها بەربەست لە بەرپانەبوونی جەنگیجیهانیی دووەمدا ئەوەبوو کە دەبوایە ئەڵمانەکان جەنگی جیهانیی یەکەمیان ببردایەتەوە ( چونکە ئەم ئەنجامە بەری لە هەڵسان و بووژاندنەوەی نازییەت دەگرت ). بەڵام پلان دانەرانی بەریتانیا و فەرەنسا لە ساڵی ١٩١٨دا، هاوشان لەگەڵ هاوپەیمانە ئەمریکاییەکانیاندا، قەناعەتیان بەوە نەبوو شتەکان بەو جۆرە ببینن. ڕێگەکەی تری نەهێشتنی جەنگی جیهانیی دووەم، هەرچەندە بەسەرچووە، کە ببێتە جەنگێکی جیهانی ئەو بەرە یەکگرتووەی نێوان بەریتانیا و ڕووسیا و فەرەنسا بوو بۆ تێکشکاندنی هێزەکانی هیتلەر ـــ مۆسۆلینی لە پێش دەستپێکردنیاندا. مەسەلەکە لە کەمیی پاکانە و پاساودا نەبوو بەڵام زۆرێك لە ئەڵمانەکان، تا ئەم ڕۆژگارەش، پێ لە سەر ئەوە دادەگرن کەوا وڵاتەکەیان بووە بە قوربانیی دەستدرێژی کردن و سەرەنجامە سیاسیەکانیشی بەو پێیە ئازاربەخش و ترسناکە.

دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان مافی ئەوە دەداتە هەموو دەوڵەتە ئەندامەکانی کەوا یەکلایەنە هێز بەکاربێنن لە جێبەجێ کردنی ئەو برگەیەی بەرگری لەخۆکردن دیاری دەکات. بەڵام بەپێی پێناسەکە ئەمە وا دەگەیەنێ کەوا دەستدرێژکارێك دەبێ خۆی بنوێنێ و جەنگێك دەست پێبکات پێش هەر کارێکی هاوتابوونەوە یان تۆڵەکردنەوە. هەندێك وڵات بەلایانەوە گرنگ نیە

مۆری"دەسدرێژکار" یان پێوە بلکێت و هەندێ گیروگرفت دەخوڵقێنن بۆ خۆلادان لە سزا و بەرپرسیارێتی، بەڵام بەگشتی مەسەلەکە تاڕادەیەك لەو درۆشمە کۆنانەی "تف مەکە" دەچێت کە لە سەر پاسەکانی بەریتانیا دەمبینین. باشە ئەگەر کەسێك ویستی ئاخ و تف بکات لە ناو پاسی گشتیی گواستنەوەدا بەو سەرنجڕاکێشانە پەکی خۆی دەخات؟ ئەم ئامۆژگاریانە تەنها بەسەر ئەو کەسەدا دەسەپێت کە بێ ئاگادارکردنەوە و پێوتن خۆی لە خۆیدا نایکات.

سەرنجی بارودۆخی ئەوپەڕی گرگرتوو بدە بەدرێژایی سنووری هندستان و پاکستاندا. پاکستان زۆر لە هندستان بچوکترەو سوپاکەشی زۆر بچووکترە لەوەی ئەو، هەروەها بەواتایەکی جوگرافیش "ناوقەد"ێکی باریکی هەیە، بەو مانایەی کەوا لێدانێکی توند و کوتوپڕی "تەقلیدیی" لە لایەن هندستانەوە لە سنوورەوە دەیکاتە دوو کەرتەوە و ئیسلام ئابادی پایتەختی لە کەراچیی تاقە بەندەری جیادەکاتەوە. بێگومان ئەم ستراتیجە مۆتەکەیەیە کە پاکستانی خستە سەر کەڵکەڵەی بڕیاری وەدەستهێنانی توانای ئەتۆم، کە دەتوانێ بەم ڕێگەیە هێزی زرێپۆش و پیادەی هندستان تێکبشکێنێ لە کاتی مۆڵدانیاندا. کەواتە لێرەدا کام لا دەسدرێژکار دەبێت؟ ئەوەی کە هێزی مۆڵداوە و ئامادەی کردووە یان ئەوەی هێزی نیازخوازی هێرشبردن تەفروتوونا دەکات؟ لە ساڵانی بەرایی کلینتندا، پاکستانیەکان گوێ قوڵاخی ئەوە بوون کە هاکا هێرش کرایە سەریان و خۆیان بۆ ئامادەکرد. ئەو کاربەدەستە ئەمەریکاییانەی بەچەند دەقیقەیەك پێش بەرپابوونی، کارەساتەکەیان ڕاگرت، تا ئێستاش مووچڕکەیان پێدادێت کاتێ کە ئەو چرکەساتەیان بیردەکەوێتەوە. جەنەراڵ پەروێز موشەڕەف لە دوادوایی ساڵی ٢٠٠١دا بە ئاشکرا جاڕی ئەوەی دا ئەگەر هندستان تەنها یەك



هەنگاوی تر پێ هەڵبێنێتەوە لە کێشەی کەشمیردا، ئەوە فەرمانی هێرشێکی بەربەستی ئەتۆمی دەدات. بەڵام ئەم لۆجیکە شێتانەیە تەواوی هێزە ئەتۆمیەکانی ڕاتەکاند و، هەموو ئەوانە ئاگاداربوون کەوا بەکارهێنانی ڕاستەقینەی چەکی ئاوها یەکەم لێدانی وێرانکەر دەبێت.

جەنگی بەربەستی کلاسیکیی ئیسرائیل لە حوزێرانی ١٩٦٧دا، کە هێزی ئاسمانیی عەرەبی لە سەر ئەرز تێکشکاند، بە کردەوەیەکی خۆپارێزی دادەنرێت چونکە هێرش و پەلامارێکی پەکخست پێش ئەوەی دەست پێبکات. بەڵام لایەنی ناسر ( جمال عبدالناصر ) وەڵامیان وایە کە لە ساڵی ١٩٥٦دا ئیسرائیل پەلاماری دان بێ ئەوەی بورووژێنرێت یان ئیستیفزاز بکرێت، لەبەر ئەوە ئەمە تەنها تۆڵەکردنەوەیەکی خاو وخلیچیکیان بوو بۆ یەکەم لێدانی بنەڕەتی. وینستن چەرچڵ بەشێکی زۆری پیشەکەی تەرخان کرد بە هیوای ئەوەی دانەڕۆ بۆ ئەڵمان و ژاپۆنیەکان بکات هێرش بکەنە سەر کەشتیەکانی ئەمەریکا، کە ئەمە باشترین هەل بوو بۆ ئەوەی بخرێنە داوی جەنگەوە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا و پاشانیش وا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بکات بە ئاشکرا پشتگیریی خۆی بۆ بەریتانیا دەرببڕێت. ئەمە بەربەستێکی پلە بەرز بوو، بەهۆی ئەو بریکارانەوە کە بێئەنقەست ئەو کارەیان ئەنجام دا کەوا لێیان داواکرابوو، هەروەها جەنگەکەشیان بەلای کورتکردنەوەدا شکاندەوە.

لە حاڵەتی ئێستای عێراقدا، جەنگێکی بەربەست پاساو دراوە لە سەر بنەمای دەستدرێژیی ڕابردووی عێراق و ئەوانەش کە بە شێوەیەکی لۆجیکی لە پاشەڕۆژدا دەیکات، کە بەشێکیان وەك تۆڵەکردنەوە و بەشێکیشیان وەك خۆپارێزی دەیکات. ئەمەش پڕە لە مەترسیی چاوبەستیی لە یاسا و نەریت چونکە ئەگەر چەکی کۆکوژ

تا پێش دەستپێکردنی جەنگ نەدۆزرایەوە ئەوکاتە بەوجۆرە پاساوی دەدرێ کە بەربەست دەخرێتە بەر پەرەسەندنی ئەو چەکانە. ( هەروەها ئەگەر هەندێ چەك دۆزرایەوە، وەك چاوەڕوان دەکرێت، لەپاش هێرش و دەستێوەردان ئەوکاتە پاساوی ئەوەی بۆ دەهێنرێتەوە کە پێویستە بۆ بەرگری کردن لە هێرش و پەلامارێك کەوا ئاشکرایە بەرێوەیە ).

چاوگێڕانەوەیەك بە ڕابوردووی خوێناویدا دەتگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە تەنها ئاواتت ڕەخساندنی دەرفەتە بۆ گێڕانەوەی شریتەکە و ئەودەمە هێزی تەواوی ژێری بخرێتەکار، لە کاتێکی باش و گونجاودا، بۆ پەککستنی خوێنڕشتنی گەورەتر. هەرکەسە و نموونەی پەسەندی خۆی هەیە، وەك نموونە، ئەگەر تەنها هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕواندادا بەهێز بکرایە و بواری پێبدرایە بە هێزی توند و تۆڵ ڕێگریی بکردایە، ڕەنگە ئەوەی ڕوویدا بەو جۆرە نەبوایە. بەڵام قسە جوینەوە لە هەموو قوژبنێکدا خۆی حەشارداوە و جیاوازی لە نێوان بەربەست و خۆپارێزیدا دەبێتە جیاوازییەکی ناجیا و تەنها درك پێکردنی درەنگوەخت بەڕاستی کاری خۆی دەکات. وانەکەش ئەوەیە کە هەموو شەڕکەران و لە هەموو کاتێکدا بێجیاوازی بڕیاری ئەوە دەدەن کەوا توندتیژی هەر لەوە یەکەمجارەوە بەکارهێنانی پاساوی ئەوانە لە کێشەکەیاندا.



# گۆڕینی ڕژێم
# لەچاوبەستی کردنەوە بۆ پەلاماردان

## ١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٣

لەناو هەموو زاراوەکانی مشتومڕ لەبارەی جەنگەوە لەگەڵ سەدام حوسێندا، ڕەنگە بێبارترین و فێڵاویترین زاراوە "گۆڕینی ڕژێم" بێت. ئەمە هەمووی سەرسامکەر نیە کاتێ تۆ بیر لەوە دەکەیتەوە کەوا ڕەگی دەچێتەوە بۆ ئەو ساڵە قورسانەی کە هەرگیز بەتەواوەتی زمانمان ناچەرخێ بڵێین سەردەمی کلینتن. ئەم قسە و باسە لە کاتی وتووێژدا لە سەر ئیقرارکردنی یاسای ڕزگارکردنی عێراق هاتە ئاراوە و، هەردوو سیناتۆر لیبەرمان و کێری ( لەمەڕ نیبراسکا ) پێشنیازیان کرد و بێ هیچ دەنگێکی بەرهەڵستکار جێی خۆی گرت.

ئەم تەشریعە ویلایەتە یەکگرتووەکانی پابەند کرد بە پشتگیری کردنی لابردنی سەدام حوسێن بەهەر نرخێك بووە. پلانەکە وابوو ئەو گرووپە عێراقی و کوردییانە دیاری بکرێن کە شایستەی پشتیوانی لێکردن بوون و پارەشیان پێببەخشرێت لەپێناوی پرۆپاگەندە و ڕابووندا. لە هەماهەنگییەکی شەق و شڕدا: دەکرێ ئیدارە و کۆنگرێس لەگەڵ هێڵی هەڵۆدا یەك بگرنەوە لە سەر عێراق بێئەوەی ژیانی هیچ ئەمریکاییەك بخرێتە مەترسییەوە یان دەست وەردەنە

هەوڵدانی گەوجانەی کلینتن بۆ وەدەستهێنانی خەڵاتی نۆبڵ بۆ خۆی بە هۆی چارەسەرکردنی کێشەی ئیسرائیل ـ فەلەستینەوە.

"گـۆڕینی رژێـم" بەچـاکی دەربـڕی ئـەم شـتە تەمومـژە و ئەوانیتریشـە. چ شـتێك وادەنوێنـێ کـە هێنـد نـا دوژمنانـە بێـت لـە پێشـنیازکردنی گـۆڕینی حوکوومـەتێك و لـەوەش زیـاتر هـەر هـەموو ئەوانـــە بـــەجێبهێڵرێت بـــۆ عێراقیـــەکان؟ خۆتەریککـــەران و بانگهێشـتکارانی دەسـتێوەردان دەکـرێ دەنـگ بـدەن بـۆ هـەمان کـار و کـردەوە بێئـەوەی بتـوانن پێناسـەی جیاوازیـەکانیان بکـەن. بـەڵام ئـەم هەڵبژاردنـە نەرمـە بـەهێمنی و لەسـەرخۆ ئـەو ڕاسـتییە ئاشـکرایە دەشـارنەوە کـەوا بـەدیلێك بـۆ ڕژێـم لـە عێراقـدا تـەنها بـە هـۆی ئەلف . یـاخیبوونی چەکداری بـێ ـ داگیرکـردن جـیم ـ کوودەتـای سـەربازییەوە جێبـەجێ دەبێـت. یاسـای ڕزگـارکردنی عێـراق ئـەوەی تێدانیـە کـە پـارە بداتـە فرانـك لـونتز و دیـك مـۆریس تـا بـزانن حیزبـی سێهەمی شـیعەی هاوپـەیمانیی ناوەڕاسـت کـام "ژمارانـەن" چـونکە هەوڵیداوە بۆشایی جەندەریی بگەیەنێتەوە یەك لە ناوچەی بەسرەی لەسەرپل و ناجێگیردا.

ئێسـتا هـەموو لایـەکی پەیوەندیـدار پـێ لـەوە دەنـێن کـە تـەنها هێـزی چـەکداری ئەمـەریکا، یـان هەڕەشـەی جێمتمانـەی ئـەو هێـزە، دەتوانێ دەموچاوێکی تازە بخاتە سەر دەسەڵات لە بەغدای بەئاشکرا شـپرزە و شـێواو لـە ڕوخسـاری سیاسـیدا. نـزیکترین مەجازییـەتی سیاسی دەکرێ "خوێنی نوێ" بێت ـ یان ڕەنگە تۆزقاڵێکی بێت. بۆ مـاوەی چـەندین سـاڵ هـەوڵی یـاخیبوونی چـەکداری درا، لەلایـەن هێزەکـانی کـوردەوە لـە بـاکوور و هـەروەها لەلایـەن دانیشـتوانی



شیعەشـەوە لـە باشـوور، کـە لـە پـاش دوایـین جـەنگی کەنـداو ڕاپەڕینێکیان بەرپاکرد. ( بیروڕای جۆراوجۆر هەیە لە سەر ئەوەی تا چـەند یاخیبوونەکـە، لەلایـەن پڕۆپاگەنـدەی ئەمـەریکاوە و لـە ڕێگـەی عەرەبستانی سعوودییەوە هان دەدرا و ویلایەتە یەکگرتووەکان چەند بەڵێنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی داوەتە یاخیبووان ). تاڕادەیەك دەسـەڵاتی سـەدام حوسـێن بـە سـەر هێـزی ئاسمـانی و خواسـت و نیازیشی بۆ بەکارهێنانی تـەکتیکی تۆڵەکردنـەوەی بەکۆمـەڵ، ئەوسا کەم تا زۆر تەحەممول دەکرا وەك چۆن ئێستاش دەکرێت، وایکردووە تەنها بە شۆڕش و یاخیبوون نەرمێت. بەهەرحاڵ، سەپاندنی ناوچەی "دژە فڕینـی" ئینگلۆـ ئەمـەریکی بـۆ پاراسـتنی کـورد و شـیعە لـە کوشتاری زیاتر، ئەوە دەگەیەنێت کەوا ئێمە حاڵی حازر لە حاڵەتی شـەڕداین لەگـەڵ سـەدام حوسـێندا. ( ئەڵبەتـە ناوچـەی دژە فـڕین لـە دەسەڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نیە ).

مەسـەلەیەکی تـریش لـە گۆڕێدا هەیـە، یاخیبووانی شیعە هـەر تەنها تۆڵەی سامناکیان لە کاربەدەستە لۆکاڵەکانی حیزبی بەعس و خـەڵکی تـر نـەکردەوە لەوانـەی گومانیـان لێدەکردن کـەوا داردەسـت و پشـتیوانی ڕژێـم بـوون، بـەڵکو هەندێکیشـیان پەیوەندیـدارن بە لایەنـە نالیبراڵەکانی ئێرانەوە. کاتێکیش مەسەلەکە بەو تایەدا بکەوێتـەوە کە ئـەمان دەیخـوازن ئـەوە گـۆڕینێکی ڕژێـم بـە بـارێکی تایفەگـەریی ناوخۆیدا دەکەوێتەوە.

بۆچوونی کوودەتایەك لە ناوەندا هەمیشە مایەی خۆشحاڵی و ڕالێبـوونی کاربەدەسـتانی ئەمـەریکا بـووە، بەتایبـەتی لـە مـاوەی دەسەڵاتی کلینتندا، سەرەڕای هەموو ئەوانەش، کوودەتای سەربازی

هەمیشە پەسەند بووە بە لای CIAەوە. باشە بۆچی، ئەم دەزگایە تەنانەت خۆی لەو کوودەتایەشەوە تێگلاند کە زەمینە خۆشکەربوو بۆ ئەوەی سەدام حوسێن دەسەڵات وەدەست بێنێت ... بەڵام دیسان ئەمەش ئیدیۆمی "گۆڕینی ڕژێم" سنووردار دەکات. لەم حاڵەتەدا، جەنەراڵێکی تری دۆست، ڕەنگە بێ‌سمێڵیش بێت و زیاتر پێدەچێت ئەندامێکی کەمینەی سوننی بێت ( ئەگەر سەر بە کەمینەی سوننی تکریتیش نەبێت کە خودی سەدامی پێبەخشین ) لەوانەیە کەسێکی نموونەیی بێت لە دیدوبۆچوونی واشنتۆنەوە. ئەگەریش سەدام بە ڕێکوپێکی ئاڵای هەڵکرد یان لە ماوەی چەند هەفتەی داهاتوودا لە سەر تەخت لاچوو ئەوە خۆ لادەدا لە پێویستی کردن بە هێرش و دەستێوەردانێکی پڕ لە هاتوهاوار و بێسەروبەری. ئەمەش ئەوەیە کەوا زۆرێك لە نەیاران و بەرهەڵستکارانی عێراقی بە "سیناریۆی مۆتەکە" ناوی دێنن ـ کە لە دوا چرکەساتدا لادانێکە لە پڕۆژەی نوێکردنەوەی سەرتاپا سیستەمێك و تەنانەت هەندێك لەوانە وای ناودەبەن کەوا "سەدامیەتە بە بێ سەدام".

بەمجۆرە لۆجیکی گۆڕینی ڕژێم هاتە سەر ئەوەی کەوا کەم بکرێتەوە بۆ بەشداربوونی دەستی دووەم، لەبری خەڵکی خەباتگێڕ. دواجاریش بەکرێگرتنی کەسانی تر و زیاتریش ڕاستەوخۆ و ئاشکرا ئەو پرۆژەیە بشکێتەوە بە لای ڕاماڵین و داگیرکردندا و پاشانیش دروستکردنەوەی وڵاتەکە بۆ کەسانێکی تر. ساڵی پار لە خاڵێکدا، سەرۆك دەیوت کەوا بەتەواوی ملکەچبوونی عێراق بۆ چەکداماڵین خۆی لە ڕاستیدا "گۆڕێنی ڕژێم" دەگەیەنێت و ئەمەش بوار بۆ



جاڕدانی سەرکەوتن دەڕەخسێنێت. بەڵام لە ئێستادا ئەو ساتەوەختە زۆر دوور دێتە بەرچاو. لەبری ئەوە، سەرۆك لە ئۆفیسی هێلکەییدا Oval Office سەرقاڵی کۆبوونەوەیە لەگەڵ ژن و پیاوگەلێکدا کەوا بانگەشەی عێراقێکی فرەحیزبی و عیلمانیەت و دەستووریی دەکەن. لەم ڕووەشەوە کارەکە هێز و بازووی گەرەکە .

بەرهەم ساڵح، ئەو پیاوە بەڕێز و بوێرەی حاڵی حازر سەرۆك وەزیرانی هەڵبژێردراوی کوردستانی عێراقە، لەبارەی دوو نموونەی مێژوویی بەشداریی ئەمەریکا لە "بنیاتنانی وڵاتدا" قسەی بۆ کردم و ئەو نموونەی ئەڵمانیای پێ باشترە لە ژاپۆن. "لە ژاپۆندا بڕێکی هێجگار زۆر حاڵەت لەجێی خۆیاندا مانەوە، بەڵام لە ئەڵمانیادا کار بۆ نەهێشتنی نازییەت کرا". ئەمە پتر دەشوبهێت بە شۆڕش لە سەرەوە یان وەك ئایدیالیستە کۆلۆنیاڵیەکان بانگەشەیان بۆ "پەیامی شارستانیەت" دەکرد و هەموو شتێکی دەگرتەوە هەر لە سیستەمی خوێندنەوە بگرە تا ڕێگاوبان. ناکرێ کەس بایەخی ئەم کارە بە کەم وەربگرێت. بەڵام ئێمە هەر سوورین لە سەر بەکارهێنانی زمانلووسییەکی زیرەکانە، کە بە وردی و تۆکمەیی داڕێژاوە بۆ پەردەپۆش کردنی ئەو کارە و بایەخی کارەکە لە چاوی ئێمەوە.

## ئاوارەیی و مەملەکەتان

# دراوسێکانی عێراق دەیانەوێت سەدام هەڵبێت، ئەی ئێمە؟

٢١ ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٣

من پێشتر لە سەر باسێکی ڕێتێچووی گۆڕینی ڕژێم نووسی ـ مانەوەی ڕژێم بە بێ سەدام حوسێن و بە مانەوەی دەسەڵاتی سەربازیی موسڵمانی سوننی ( یان ڕاستتر تکریتی ) لە عێراقدا ـ وەك "سیناریۆی مۆتەکە" بۆ هێزە کوردیەکان و نەیارە زۆر دیموکراتیەکانی عێراق. دەسکارییەکی هەمان سیناریۆ ئێستا گفتوگۆی لە سەر دەکرێ و بگرە لەلایەن سەرلەقێنەکانی ئیدارەشەوە سەلمێنراوە، بە پێی بنەمایەکی مرۆڤدۆستانەی ئاشکرا کەوا خۆ لابدرێ لە پێویست بوون بە جەنگ.

ڕاستیەکەی وازهێنان بە بێ داگیرکردن دەگونجێ بکرێتە پاساوێك لە سەر بنەمایەکی لەوە باشتر و تۆکمەتر. ئەگەر سەدام حوسێن قەناعەت بێنێ بە تەسلیم کردنی دکتاتۆرێتە شەخسییەکەی خۆی و ولاتە شەهیدەکەی بەجێبێڵێت بۆ شوێنێکی وایدابنێین سەلامەت، بەڵام دانەخراو. بەمەدا دەسەلمێت کەوا بەتەنها هەڕەشەی



هێز، ئەگەر بەتەواوی قەناعەتبەخش بێت، دەکرێ ئەنجامی سەرسامکەری لێبکەوێتەوە. بەتەواویش ڕوون و ئاشکرایە کە ڕژێمەکانی تورکیا و سعوودیە و میسر ئەم شێوازە پڕ هەراوهوریایەی دیبلۆماسی پەسەند ناکەن ئەگەر بەتەواوی قەناعەتیان نەهێنابێت کە ئەڵتەرناتیڤەکەی داگیرکردنی سەربازی دەبێت.

Q.E.D بۆ هەڵۆکان و سەرلەقاندنی بەردەوامیش بۆ کۆترەکان و هاوپەیمانان و نەتەوە یەکگرتووەکان. بەهەرحاڵ، ئەم ئەنجامە خۆش ڕوخسارە کارێك دەکات کەوا دوو تاقم ددان لە یەکتر جیڕبکەنەوە، لەبەر هۆکاری جۆراوجۆر. لە مێشکی ئەوانەدا کە بە هەڕەمەکی بیردەکەنەوە و بەتایبەتی ئەوانەی وەزارەتی بەرگری خاڵی تەواوی لابردنی سەدام حوسێن لە دەستپێکردنی شەپۆلێك گۆڕاندا خۆی دەبینێتەوە لە وڵاتانی دروایسێدا. بەمجۆرە هەر سەرکەوتنێك بە سەر سەدامییەتدا ئەم مەسەلە بنەڕەتییە فەرامۆش بکات بە شێوەیەك لە شێوەکان بۆش و بەتاڵ دەردەچێت، بەتایبەتی ئەم "فەرامۆش" کردنە لە سەر داواکاریی زۆربەی ڕژێمەکان و بەتایبەتی سعوودیە دەست پێکراوە، لەوانەی ئاشکرا نەکراون بەڵام وەك ئامانج دیاریکراون.

پاشان ئەوانەی کە بێوچان لەژێر مەترسیی گەورەدا کاریان کردووە بۆ گۆڕینی نەك هەر تەنها حوکوومەتی عێراق بەڵکو بۆ گۆڕینی سیستەمی حوکمیش لە عێراقدا. کارێکی هەڵەیە ئەگەر ئەمە تەنها وەك زاراوە ئاینیەکان بخرێتەڕوو. ئەوجا خۆ کورد ڕێك وەك

سەدام حوسێن سوننین، ئەگەر لەو سوننیتریش نەبن. زیاد لەوەش ئەو پلانە ئاڵۆز و بەرفراوانەیە کەوا کەنعان مەکییە پێشنیازی کردووە لەبری بەرهەڵستکاری عێراق لە کۆنفرانسی سەرانی بەرهەڵستکاردا لە لەندەن بۆ جاڕدانی عێراق وەك وڵاتێکی فرەفەرهەنگ و فرەنەتەوە کە نە بە عەرەب و نە بە ئیسلام پێناسە ناکرێت بەڵکو وەك وڵاتێکی دەستووریی دەناسرێت.

دوای ئەم کۆنفرانسە دەبوو ئاوارە و بەرهەڵستکارانی عێراقی لە شارە کوردییەکەی سلێمانی کۆبوونەوەیەکیان سازبکردایە بەڵام لەپڕ لەلایەن پشتیوانانی ئیدارەی بوشەوە ڕاگیرا لەبەر نەڕەخسانی باری ئاسایش. ئەڵبەتە نەدەتوانرا بەڕاستی و بەجددیی بەرهەڵستیی ئەم بۆچوونە بکرێت چونکە شارەکە لە بەر لووتی سەدامدا بوو. بەمجۆرە زۆر یان کەم مەترسیی لێبکرایە هەر نەدەبوو ئەو کۆبوونەوەیەی تێدا ئەنجام بدرێت. زۆرتر پێدەچوو کە سەدام بڕیاری تۆپباران یان بۆمبارانی شارەکەی بدایە لە کاتی کۆبوونەوەیەکی نێوان ئیدارەی بوش و دوژمنە ناوخۆکانی سەدامدا. ئەم کارەش دەبووە هۆی پاساوێکی تەواو بۆ پەلاماردان و دەبوو هەرچۆنێك بووە ڕەچاو بکرایە بەلای کەمەوە پێش بەسەرچوونی ماوەی پشکنین لە کانوونی دووەمدا.

ئەگەر لەبارەی ئەوەوە بدوێنین کە تاڕادەیەك ڕژێم گۆڕینێکی بێ سەرئێشە لەلایەن هەڵۆکانی وەزارەتی بەرگرییەوە ناگاتە ئەنجام، هەروەها لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی عێراقیشەوە لە تاراوگە، ئەی لەکوێوە بگاتە ئەنجام؟ گومان لەوە دایە کەوا دیبلۆماسیەتێکی نهێنی و ژێربەژێر کاری خۆی دەکات بۆ تێهەڵکێش کردن و گونجاندنی



ئۆڵیگارکیەکانی ناوخۆ و ناوچەکە و دوودڵ و ڕاڕاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

چەمکی لابردنی سەدام بە هەر بارێکدا لە دەرەوە بەڕواڵەت زۆر جێی قێز و بێز نیە ( ئەگەر لەبیرم بێت ئەمە بۆ یەکەمجار لەلایەن وەزیری دەرەوەی قەتەرەوە لە ئەیلوولی ڕابردوودا کەوتە بەرباس ). ئەمەش چاوپۆشی دەکات لە ئەگەری تەنانەت زیرەکترین بۆمب کەوا لە ڕێڕەوەی خۆی لاربێتەوە و لە خانەی هەتیوان بدات، هەروەها مەرجیش نیە سەربازانی عێراق بە دەم فەرمانی خوتوخۆڕایی خۆ بەکوشتدانیانەوە بچن لەلایەن کالیگۆلایەکی شێت و وێتەوە.

بێجگە لەوەش، ئەڵبەتە ڕژێمی داهاتووی عێراق پێویستی زۆری بە یارمەتیدان دەبێت لەبوای ئاسایش و یاسا و ڕێکخستن و بنیاتنانەوەی مەدەنی و هاوکاریی خۆراك و دەرماندا. بەم پێیە هێزەکانی هاوپەیمانی زیاتر ڕێی تێدەچێت "بانگهێشت" بکرێن بۆ دابینکردنی بەشێك لەم هاوکاریانە و پاراستنی بیرە نەوتەکان لە تێکدان و خراپ کردن شان بە شانی دەستنیشان کردن و تێکشکاندنی"شوێنی" چەکی سەرنجڕاکێش و بە ڕزگارکەرێکی گەورەی خەڵکی عێراق دادەنرێت. سەرۆك بوشیش ئەوکات جێپێیەکی سیاسی تایبەت و بەهێزی دەبێت، لەناو وڵاتدا و لە دەرەوە، لەبەر ئەنجامدانی کاری"ئاشتی بە زەبری هێز" و بۆ خۆلادان لە بەرپرسیارێتی تاکتیکەکانی"کاوبۆی".

بەهەرحاڵ، شتێکی چاکە پێشەکی هەندێك هەستی ئەوە هەبێت سەبارەت بە نرخ و بەهای ئەم ڕزگارکردنە. مشتومڕ لە سەر خۆ بەدەستەوەدانی بێمەرج لەپێش شەڕدا ئەوە بوو کە یەکەم

پێداگرتن له سەر بەرگریی هیچ کەڵکێکی نیه و دووەمیش چ پێویستی نەدەکرد کارەکە بپلکێنرێتەوە بە سازشکردن لەگەڵ فاشست و تاوانبارانی جەنگدا. لەبەر ئەوەی باشترین مشتومڕی ئەخلاقی سەبارەت بە گۆڕینی ڕژێم لە عێراقدا پابەندە بەو ترس و تۆقاندنەی کەوا خەڵکی عێراق و کوردی پێ مامەڵە کراوە، دەبێ ئەوە بزانرێ کەوا کارەکە چەندی ترش وخوێی گەرەکە. باشە دەبێ سەدام حوسێن پارێزگاریی هەتاهەتایی بدرێتی؟ ئایا علی حسن المجید قەسابی کوردستان و کوەیت دەبێ هەروا سووک و ئاسان لە دادگایی کردن دەربازبێت؟ ( ئەو کابرایە ئێستا گەشتی سوریا و ئوردن و میسر دەکات وەك وەفدی عێراق و شەرمەزاری و ئابڕووچوونە بۆ هەموو ئەو حوکوومەتانە کە یەکسەر نایگرن ). ئایا دەکرێ چاوەڕێی ڕێگەیەکی تر بین لە کاتێکدا کەوا هەندێك پایتەخت ئامادەن میوانداریی سەدام بکەن، وەك ئێمە ئێستا بە ڕەسمی خۆمان وا پیشان دەدەین کە عەرەبستانی سعوودی داڵدەی عیدی ئەمینی نەداوە؟ سەرەڕای ئەوەش، ئێمە چی بەو خەڵکە لەژمارەنەهاتووەی عێراق و کورد بڵێین کەوا بەدوای هەقی خۆیان یان زانیاریدا دەگەڕێن سەبارەت بە کەسوکاری بێسەروشوێنیان یان داوای قەرەبووی ماڵ و ژیانی زەوتکراویان دەکەن؟

من وەك خودی خۆم هەرگیز لە خۆم ناپرسم دەبوو عیسای مەسیح چی بکردایە و من ئەگەر شتێکم پێبکرێت ئاواتم ئەوەیە ئەو توانا و بوێرییەم تێدابێت و بڵێم هیچ ئایدیایەکم نیە. بەهەرحاڵ، ئەو ئەوسا و ئێستاش کەسێتییەکی شێوە ئەفسانەییە. سەدام حوسێن و تاقمە چەتەکەی لە هەموو ڕوویەکەوە پەڕی ئەوپەڕیان گرتووە و



باوەڕیان وایە شێوازێکی ئیدارە و حوکم دەیانپارێزێت لەوەی کە کردوویانە. ئەگەر ڕژێم ئەم ڕێگە یان ئەوی گۆڕی، وەك دەردەکەوێت بەم زوانەش دەیگۆڕێت، ئەوە ژیان بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دەگۆڕێت بۆیان. خاڵی گۆڕان دیاریکردنی هەندێك ستانداردە بۆ یاسای نێودەوڵەتی، با ساختە ولاوازیش بێت. دەکرێ ئەوە ئەنجام بدرێت بە بواردنی پێشێلکاری سەرەکی کە لەگەڵیدا دەست پێبکرێت. مەبدەئەکەی کیسینجەر کە دەڵێ: تا تاوان گەورەتر بێت پارێزگاریی گەورەتر دەبێت، پاداشتێکی خراپ دەبێت بۆ ئەوانەی بەرگەی گەرمی دەگرن و قورسایی ڕۆژگاریان لەسەرە.

## ئەمە بجوو

## تاوانەکانی سەدام، کوشت و کوشتاری ئەلقاعیدە، ئازادیی کورد، ئەو نەوتەی کە دەهێنێ شەڕی بۆ بکەیت و... هەندێ وردە شتی تری لەو جۆرە کە ڕەنگە ئاشتی تەڵبە حازرخۆرەکانی سیاتڵ بیری لێبکەنەوە.

### ٢٢ ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٣

بەڕێزان برایان و خوشکان، کوڕان و کیژان، هەڤاڵ و برادەرینە، نووسەری ڕۆژنامە بە دیلەکەتان *The Stranger* لەبارەی ڕووداوی سەرکەوتووی "چی ئامادەیە بۆ ئاشتی" ئاگاداری کردمەوە و داوای سەرنج و تێبینی لێکردم و یەکەمجار من بیرم لە شتێك نەکردووەتەوە بیڵێم. باشە بۆچی ڕووی دەم بکەمە تاقمەکەی سیاتڵ ( یان وایدابنێ کە تاقمەکەی سیاتڵ هەڵبژێرم بۆ ئەم مەسەلەیە )؟ من وا هەست دەکەم کە دەتوانم داوای پەیوەندییەکی تەموموژاوی بکەم، چونکە هەمیشە خەڵکێکی زۆرم هەبووە بۆ خوێندنەوە لە کتێبفرۆشییە گەورە و ناودارەکانی شاردا و لەبەر ئەوەی ئەوە لە سیاتڵدا بوو کە پشتی بە ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ بەست، ئەو مێژووەی کە ئێستا هەندێ کەسی والێکردووە باوێشك بدەن.



من قسەم بۆ قوتابیانی کۆلێجی ویتمان دەکرد لە شاری والا والا walla walla دەربارەی تاوانەکانی هێنری کیسنجەر و پێموتن کەوا ١١ ی ئەیلوول ڕۆژێکی ڕەمزییە. هەر لەو ڕۆژەدا ساڵی١٩٧٣ حوکوومەتە مەدەنیەکەی چیلی خڵتانی خوێن کرا بە هۆی کوودەتایەکی سەربازیی دڕندەوە. لەهەمان ڕۆژی ساڵی٢٠٠١ دا، تاقمێك لە دەربازبووانی چیلی داوای کردنەوەی فایلێکی سکاڵای دادوەرییان کرد دژ بە هێنری کیسنجەر لە دادگای فیدراڵیدا لە واشنتۆن. من فیلمێکم پیشاندرا کە ئەمەی وێنەگرتبوو و هەندێ سەرنج خستەسەر و بەوە کۆتاییم پێهێنا کە ئەمە هەتاهەتایە لە مێژووی خەباتدا لەپێناوی مافی مرۆڤدا تۆمار دەکرێت و لە سەر ئەمە ستایشێکی باش کرام. ئەمەش لەو کۆلێجەوە بوو کە هێنری جاکسن خوێندنی تێدا تەواوکردبوو و خێزانەکەشی لەوێ ئامادەبوو. بۆ بەیانی زووی ڕۆژی دواتر ژنەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم و ئاگاداری کردم تەلەفزیۆن بکەمەوە و بە تەوسەوە دیوت کەوا هەڵمەتی دژە کیسنجەر دەبێ بۆ ماوەیەك بوەستێ. ( ئەمە زۆر ناموٚ و نەشاز بوو و وەك ڕووداوەکان ئێستا پیشانی دەدەن، ئەویش لەو بارەیەوە هەڵەبوو ). هەموو کەسیش دەزانێ من چیم بینی کاتێ کە تەلەفزیۆنم کردەوە.

ئێستا گوێت لەمە بێت. لەو بەیانییەوە ئیتر ویلایەتە یەکگرتووەکان لەجەنگدایە لەگەڵ هێزە کۆنەخوازەکاندا. تکایە ئەگەر بەئەرك نەبێت ئەم ڕستەیە جارێکی تر بخوێنەوە، یان ڕێگەم بدە جارێکی تر جەختی لە سەر بکەمەوە. حوکومەت و خەڵکی ئەم

ویلایەتە یەکگرتووانە ئێستا لەجەنگدان لەگەڵ هێزە کۆنەپەرستەکاندا.

ئەم ئەنجامە بە ئاشکرا نەدەویسترا، هەر هیچ نەبێ لەلایەن ئەمەریکاوە، هەروەها هەرکەسێك بەخوێندەوارییەکی نیوەناچڵیشەوە پێیدا دیاربوو چۆن حاڵەتەکە تێکەڵ دەکرێت. باشە عەرەبستانی سعوودی کۆنەپەرست نیە؟ ئەی پاکستانیەکان؟ ئایا ئێمە شارۆنمان تەقاندەوە لەبەر ئەوەی نکوولّیی لە مافی فەلەستینیەکان دەکات؟ باشە ئێمە لایەنی سەدامان نەگرتبوو لە کاتی پیسترین کرداریدا؟ ( من ئەو کەمە خەڵکە هەڵچوو و باوەڕ نەکردووەم بواردووە کەوا بیردەکەنەوە یان وایبۆدەچن گوایە جۆرج دەبلیو بوش ئەم هێرشانەی بۆ مەبەستی زۆر زیادکردنی بودجەی سەربازی زل کردووە و بەهەمان شێوەش بۆ مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی دەستوور ). بەڵام چۆن چۆنی چارەسەر کرا؟ خاڵی دەستپێکردنی ئەمەریکا شوورەیی و ڕیسوایی بوو چونکە ئەو خاڵەی سەرەوە دەستی لێنەدرا و من بڕوام وایە ئەم خاڵە دەکرێ تێکەڵی ڕق و کینەیەکی گەورە بکرێت وەك بەڵگەیەکی باشتر لەوەی زۆربەی خەڵك بۆی کۆدەبێتەوە. وا ویلایەتە یەکگرتووەکان خۆی لە شەڕدا دەبینێتەوە لەگەڵ هێزە کۆنەپەرستەکاندا.

دەکرێ من ئەمە بسەلمێنم؟ نەهێشتنی تاڵبان بۆ مۆسیقا و فەرهەنگ؟ کۆیلەکردنی ژن؟ کوشتاری موسڵمانە شیعەکانی ئەفغانستان؟ یان چی دەڵێی سەبارەت بە دوا خۆنواندنی ئەلقاعیدە کاتێ بالی تەقاندەوە و ژمارەیەکی زۆری ئەو ئوسترالیانەی کوشت کە لەپشوودا بوون. ئایا ئەمە تۆڵەکردنەوەیەکی بەئەنقەست بوو بۆ



یارمەتیدانی درەنگوەختی ئوسترالیا بۆ دابینکردنی سەربەخۆیی تیمۆری ڕۆژهەڵات؟ ( هەرگیز ئەوەشمان بیر نەچێت کەوا موسڵمانە ئوسووڵییەکان دژی "ئیمپراتۆریەت" نین و بەشانازییەوە شەڕ دەکەن بۆ گێڕانەوەی خیلافەتی لەدەستچوویان ). کەواتە بۆ ئەم کەسانە چەمکی بەرکەوتنی خەڵکی مەدەنی مانایەکی نیە ئەگەر هات و ئەو مەدەنیانە کافر و بێباوەڕ بوون.

بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمنێکی ئاوهادا ــ کە بە خۆشحاڵییەوە جەزائیری و میسری و فەلەستینیەکان دەکوژن ئەگەر گومانێکیان لە دینداریيان هەبێت یان هەڵوێستێکی هەڵەیان بووبێت لە کاتێکی هەڵەدا یاخود ئەگەر هات و مێینە بن ـ ڕێك وەك ئەو ڕۆڵە وایە کە "بزووتنەوەیەکی ئاشتی" دەیگێڕێت. پێش نزیکەی ساڵێك بزووتنەوەی ئاشتی دەیوت هەر دەستێوەردان و هێرشکردنەسەرێکی ئەفغانستان مەترسیی دوژمنایەتی هەتاهەتایی جیهانی ئیسلامی لەگەڵ خۆی دێنێت و، ئەمەش وا دەگەیەنێت کەوا نابێ تاڵبان بۆردمان بکرێت لە مانگی ڕەمەزاندا و کارەساتێکی مرۆڤایەتی دەقەومێت ئەگەر هات و بەرەنگاری ئیسلامییە دەمارگرژ و توندڕەوەکان ببیتەوە لە نێو ماڵی خۆیاندا. کەچی وا دەرنەچوو و ئێستا ڕاستە ئەفغانستانێکی سەد دەرسەد ڕێکوپێکمان نیە بەڵام وا ڕوو لە چاکبوونەوە و ساڕێژبوونە و نزیکەی دوو ملیۆن پەنابەری بۆ گەڕاوەتەوە. باشە تۆ هەرگیز لەو ڕەخنەگرە گەوجانەت بیستووە و بینیوە ڕەخنە لە خۆیان بگرن؟ یان بەخۆیاندا بچنەوە؟

بەپێچەوانەوە هەمان ئەو ڕەخنەگر و قەشمەرجاڕانە ئێستا سەریان کردووە بەیەکدا و دەڵێن "ئادەی سەدام حوسێن

بڕووخێنن"و هەمان حوکمی جاران دەدەن. ئەو هێڵەی کەوا ئەفغانستان بە عێراقەوە دەبەستێ بە هیچ جۆرێك ڕێك و ڕاست نیە. بەڵام پەیوەندییە ناڕاستەوخۆکە لەلایەن ئاشتیخوازانی حازر بەدەستەوە پشتگوێ دەخرا ئەگەر وەك پەیوەندیی نێوان ئەلقاعیدە و تاڵبانیش ڕاستەوخۆ بوایە. سەدام ناڕازی و نیگەران بوو بە لابردنی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچی موسڵمانی سوننی کوژ و بەهەمان شێوەش ناڕازی و نیگەران بوو بۆ لابردنی تاڵبانی شیعە کوژ.

کۆنەپەرستان دەخوازن لە ناڵ و لە بزماریش بدەن. ئەگەر بە ڕاوێژی ئاشتی تەڵەبان بکرایە کوەیت تائێستاش هەر بە پارێزگای ژمارە نۆزدەی عێراق دەمایەوە و( بەپێی بەڵگەی بەردەست دەبوو سەدام حوسێن چەکی ئەتۆمیی بەدەستبهێنایە ). لەوەش زیاتر، دبوو بۆسنیا ببوایەتە ویلایەتێکی ژێرپێ و پاکتاوکراوی سربیای گەورە و کۆسۆڤۆش قڕ بکرایە و چۆڵ بکرایە لە دانیشتوانی و تاڵبانیش هێشتا هەر لە دەسەڵاتدا بوونایە لە ئەفغانستاندا. بەڵام پێناچێت هیچ شتێك دەستبالآیی ئەو قەناعەتە ئەخلاقییەی نیگەران کردبێت کەوا لەوانە ئالاوە کە ئاوازی درۆشمەکانی بزووتنەوەی ئاشتی دەڵێنەوە.

بەلای کەمەوە سێ هۆکاری چاك داڕێژراو هەن لە بەرژەوەندیی ئەو زاراوە ئارایشتکراوەی "گۆڕینی ڕژێم"دا لە عێراق. یەکەمیان گاڵتە کردنی سەدام حوسێن بە هەموو یاسایەکی ناسراوی جینۆساید و مافی مرۆڤ، کە ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی سەنات ـ لە هاندانی بیل کلینتندا ـ یاسای ڕزگارکردنی عێراق تێپەڕێنێ بە تێکڕای دەنگ، پێش ئەوەی تەنانەت جۆرج دەبلیو بوش بێتە سەرکار. دووەم ئەو هەوڵە سەرکێشانەی دکتاتۆریەتی سەدام بوو بۆ



وەدەستهێنانی چەکی قڕکردنی بەکۆمەڵ ( جینۆساید )، کە ئەمەش هەوڵێکە دەبێ پەکی بخرێت و لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە گوناهبارکراوە پێش ئەوەی جۆرج دەبلیو بوش تەنانەت ببێتە حاکمی تەکساسیش. سێهەمیشیان بەشداربوونی بەردەوامی پۆلیسی نهێنیی عێراقە لە کاری ژێربەژێری نێودەوڵەتیی تیرۆر و ناسەقامگیردا. من دەتوانم وتارێکی جیاواز لەبارەی ئەو بەڵگانەوە بنووسم و دەمودەس دەتوانم بڵێم کەوا پەلەقاژەیەکی زۆر سەختە بۆ هەرکەسێك کەوا بەڵگەکان بێبایەخ بکات، ئەوانەی کە ئێمە حاڵی حازر هەمانە ( هەروەها ئەوەشی دەخەمە سەر کە هەر بزووتنەوەیەکی ئاشتی کە وایدەردەبڕێ گرنگیی بە مافی مرۆڤ دەدات بە تەواوی تووشی ڕاچڵەکین و هەژان دەبێت بەو شتانەی کە ئاشکرا دەبن کاتێ ڕژێمی سەدام حوسێن دەڕووخێت. ژەهر، گۆڕی بەکۆمەڵ، شوێنی چەك... تۆ چاوەڕێ بە ).

هیچکام لەم شتانە لای خۆیانەوە بە حوکمی زەروورەت مەسەلەیەك دروست ناکات بۆ دەستێوەردان، بەڵام کە هەموویان پێکەوە وەردەگریت و ـ لەگەڵ ئەو هەڕەشە هەمیشەییەی سەدام حوسێن وەریانگری بۆ سەر بیرە نەوتەکانی ناوچەکە ـ قەناعەتێکی تەواو پێکدێنن. باشە تا ئێستا تۆ، یان هاوڕێکانت، درۆشمی"نا بۆ جەنگ لە پێناوی نەوتدا" بەکاردێنی؟ ئەگەر وایە، گوێت لێبووە کە چیتان دەوت؟ ئایا مەبەستتان ئەوەیە کە نەوت ئەوە ناهێنێ شەڕی لەسەر بکەیت یان ئەوەیە کە سەرچاوە نەوتییەکان ئەوە ناهێنن بپارێزرێن؟ باشە لەبیرتانە کە سەدام حوسێن گڕی بەردا بیرە نەوتەکانی کوەیت لە کاتی پاشەکشەیدا و هەرچی ڕاڕەوە ئاوییەکانی

ناوخۆ هەیە پڕی کردن لە سووتەمەنی و گڕی تێبەردان و پیسی کردن؟ ( باشە دەکرێ من پشتگیری و هەواداریی ئەو حازرخۆرانە بکەم و داوایان لێبکەم تەماشای وێنەی باڵندەی ژەهراوی و گیاندارانی دەریایی ئەو ساڵە بکەن؟ )، باشە تۆ کەمتەرخەم دەبیت لە ئاست ئەگەری ئەوەی کە کابرایەکی ئاوها ڕەنگە بتوانێ ئەمجارە بیرە نەوتەکان تیشکاوەر بکات؟ بێگومان مەسەلەکە نەوتە و گەوجێتییە دەسبەرداری بیت.

بابڵێین کەوا ئەمجارەش هەموو ئەو شتە سامناکانە دەکات ئەگەر هات و هێرشی کرایە سەر یان هەڕەشەی لێکرا. جاری پێشوو کردی و خەڵکی عێراق و کوردی کوشتوبڕ کرد، کاتێ کە هێزەکانی پاشەکشە پێکرد لە ژێر پەردەی گەرەنتییەکی نێودەوڵەتیدا. خەڵکی عێراق و کورد ئێستا، بەهەر شێوەیەك بووە، بڕیاریان داوە ڕزگاریان بێت لە سەدام. هیوش وایە، ئەگەرچی ئەم هیوایە ڕەنگە سادە و ساکاریش بێت بەڵام لەهەر هیوایەکی تر بەهێزترە، کەوا ئەمجارەیان ڕژێمی عێراق باشتر و سەلامەتتر بێت، نەك تەنها هەر لە دیدی ئێمەوە بەڵکو لە دیدی خەڵکی عێراق وکوردیشەوە. سیاسەتی ئابڵووقە، کە بەزۆری ئومێدێکی لێناکرێت، ئێستا دەردەکەوێت کە بە تەواوەتی بێپاساو و بێمانا نیە و ئەگەر هەڵبگیرێت ئەوە تەنها ڕێگا بە ئۆڵیگارکییەتی سەدام دەدات بۆ خۆتەیارکردنەوە بەڵام کاتێ کە سەپێنرا کارێکی بێڕەوشتی و سزا ئامێز بوو بێئەوەی ئامانجی گۆڕینی ڕژێمی تێدابێت. کەواتە هەڵبژێرە و، بۆ نموونە، ئێمە کاتێ کە هەڵدەبژێرین، ئەگەر تۆ بەڕاستی شەڕت نەوێ ئەوە دەبێ بانگەشەی لابردنی ناوچەکانی دژەفڕین بکەیت لە باکوور و باشووری



عێراقدا. ئەمانە لە ساڵی ١٩٩١ەوە بوون بە پێوەری جەنگ. کەوابوو لابردنی ناوچەکانی دژە فڕین چی دەگەیەنێ بۆ ئەوانەی تێیدا دەژین؟ من بەم نزیکانە لەگەڵ دۆستی دێرینم دوکتۆر بەرهەم ساڵح دانیشتم، کە سەرۆك وەزیرانی هەڵبژێردراوی بەشێکی کوردستانی عێراقە و نە ئەو و نە دەنگدەرانیشی هەر نەدەبوون ئەگەر ناوچەی دژەفڕین لە کۆتایی جەنگی دووەمی کەنداودا نەسەپایە ـ وەك ئەنجامێك بۆ پرۆتێستی دیموکراتی لە ڕۆژئاوادا. لەم ناوچەیەی ئەودا لە عێراق گۆڕینی ڕژێم بەرپابووە و دەیان ڕۆژنامە و کەناڵی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سەتەلایت و قاوەخانەی ئینتەرنێت هەن. چوار قازیی ژن دامەزراون و نزیکەی نیوەی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی کچن. هەروەها گرووپێکی سەر بە ئەلقاعیدە تازە لە ئەفغانستانەوە گواستوویانەتەوە ئێرە و لە هەوڵی تیرۆر کردنی سەرکردایەتیی کورددان و لەم بەینی پێشوودا ئەوەندەی نەمابوو دۆستی ئازیزم بەرهەم بکوژن. باشە بۆچی ئەم تاقمە بەتایبەتی ئەو کوشتنەیان کردبووە یەکەم ئامانجی خۆیان؟ پێش ئەوەی بەرەوڕووی ئەو پرسیارە ببیتەوە، بیری لێبکەرەوە. دوکتۆر ساڵح تووشی کاتێکی سەخت و دژوار بوو. زۆربەی ئەو کوشتار و ناپاکیانەی میللەتی کوردی عێراق تووشی هاتوون بە پشتیوانیی یان چاوپۆشیی ئەمەریکا بەئەنجام گەیشتوون. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا کوردەکان هەر بەرەوپێش دەچن لە مەسەلەی گۆڕینی ڕژێمدا. بە دڵنیاییەوە بزووتنەوەیەکی ئاشتی هەرچییەك بێت بنەما و سەرچاوەی دەبێ داواکاریی ئەوەبێت کەوا ویلایەتە یەکگرتووەکان جارێکی تر دەستیان لێهەڵنەگرێت. من دەخوازم وا بیر بکەمەوە کە بتوانم وێنەی

ئاپۆرەیەکی خۆپیشاندەر بخەمە مێشکمەوە لە سیاتڵدا، کەوا پشتیوانیی خۆیان بۆ کوردستان دەردەبڕن دژ بە حوکوومەتێکی داپڵۆسێنەری فاشیست و بەرهەڵستیی هەر هەوڵدانێکی فرۆشتنی کوردەکان بکەن لەبەر خاتری سەودا و سازشی سیاسی. بەڵام لەجیاتیدا، دابڕکارییەکی خودپەسەندیی لە ئارادایە، کەوا دەنوێنێ بە شێوەیەکی سەرەکی ئارەزووی ژیانێکی ئارام دەکات بۆ ئەمەریکاییەکان. ئیختیاری ئەو ژیانە ئارامە بە ئاوڕێك بۆ دواوە نامێنێ و تەنها گونجان و هاوزەمانیی ئەوە بۆ من ئەوەیە کە لە سیاتڵدا شوێنەواری نامێنێ. ویلایەتە یەکگرتووەکان ئێستا لە شەڕدایە لەگەڵ هێزە کۆنەخوازەکاندا و کەس ڕێی پێنادرێت وەك تەماشاکەرێك چاوببڕێتە ئەم شەڕە. یەکگرتوویی سەرەوختی لینکۆڵن بە دڵ و بە گیان دژ بە کۆیلەیی نەبوو، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووکانی ئەمەریکا لە سەردەمی ڕووزڤێلتا ئەجندایەکی خۆپەرستانەی هەبوو تەنانەت کاتێ کە شەڕ ی هیتلەر و هیتۆشی دەکرد. جەنگی گەرم و ساردی دژ بە ستالینیەت بەتەواوی لە خەوش و هەڵەوپەڵە بەدەر نەبوو. تا چەند قەیرانی ئەم دواییە دەگۆڕێتە سەر جەنگێکی سەختتر لەگەڵ کاردانەوەی، ناوەکی و دەرەکی، کەوا تاڕادەیەك پشت بەوانە ببەستێ کە ئێستا بیر لەوە دەکەنەوە کە ئایا ڕێی تێدەچێت یان جێی ئارەزووە بە بێلایەنی بمێنێتەوە. تۆ بڵێی تەنانەت بیرلێکردنەوەی شانسیش ئێستا بووبێت بە عەیبە. بەڵام تەنها بە دەمەوە نەچوونی ئەوەی لەبەردەستایە بە گاڵتە و بەزەیی باسی دەکرێت.



## "کاوبۆی"
## شەڕەگا لەگەڵ بوش دا

٢٧ ی کانوونی دووەم ٢٠٠٣

خوێندنەوەی چاپەمەنیی ئەوروپایی یان سەردانی پایتەختێکی ئەوروپایی لەم ڕۆژانەدا بۆ ئەوەیە بە چاوی خۆت پێشبڕکێیەکی دڵگەرمانە ببینیت. پێشبڕکێکە، کە ئاسانە تێیدا بەشدار بیت بەڵام بە هیچ جۆرێك ئاسان نیە گرەوی تێدا ببەیتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی بیبینی کەوا کەسێك چەند جار وشەی "کاوبۆی" بەرچاو دەکەوێت و دەبیستێت لە نووسینێك یان وتاردانێکدا. لە کاتی ئاساییدا نووسەرێك ڕەنگە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەو بەکارهێنانە کەم بکاتەوە، ئەگەر تەنها بۆ خۆپاراستن بێت لە بێتامیی دووبارەبوونەوە بەڵام ئەم یاسا و ڕێسا بێکەڵکە کێشاویەتێوە بۆ ئەم ڕۆژگارە. زاراوەکە بە قەدەر ژمارەی ناوهێنانی بوش دەوترێتەوە و بووە بە پاشکۆی ناوی ئەو.

وشەی "کاوبۆی" خۆی لە خۆیدا و بە شێوەیەکی تایبەتی ناشیرین و عەیبە نیە و مانای خاوەن گاوگۆتاڵ یان گاوان دەگرێتەوەو بە پێی پێناسەکەی کەسێکی ئەسپ سوارە گاڕان وەبەردەدا بۆ پاکژ و لەوەڕگا. پیشەکە هەندێك بەلای وشکوبرنگیدا دایدەشکێنێ و کەمتر

سۆز لەخۆدەگرێت. کاوبۆیەکی عادەتی مڕومۆچ و بیندرێژ و قەدەری و مەیلی بە لای ئەوەوەیە کەوا مز و کرێکەی لە سەماو مێبازی و بەرەڵاییدا خەرج بکات. ئەرکی سەرەکیی ئەم گاگەلەکەیەتی هەمیشە چاوێکی لەسەر کەش و هەوایە. کەسێکی زبرە و بەلایەوە نەرم و نیانی بایەخێکی نیە. کارکەی سەخت و دژوارە بەڵام هەندێ کەس دەیکات، ئیتر وایە.

گەمەی کۆنی منداڵان لەمەڕ کاوبۆی و هندیەکان مامەڵە و پەیوەندیی کاوبۆی دەردەبڕێت لەگەڵ سنوور و شەڕوشۆڕدا لە پێدەشت و پاوانەکاندا دژ بە خێڵە سادە و خۆڕسکەکان. ڕاستیەکەی هێڵی جیاکەرەوەی کار لێرەدا مامەڵە کردنە لەگەڵ شمشێری سوارە و زینی ئەسپ و تفەنگ تەقاندن و کاری تری چەکبازی. وشەی "سوارە یان ئەسپ سوار Cavalryman" دانەبڕاو و هاولفانە لەگەڵ چەمکی"شۆڕەسوار و جەنگاوەر Chivalry"دا، بەهەمان دەستووریش وشەی " کاوبۆی" هاوشێوەیە لەگەڵ چەمکی زبر یان نامۆدا. هەروەها تەوزیفی سێیەمیش ئەو تاقە سوارەیە کە دژ بە هەموو جیهان دەجەنگێ و لە دەمانچەیەکی تۆپلی و ئەسپێکی کوێت و گوریسێکی درێژ زیاتر هیچ شك نابات. ڕەنگە ئەو فێڵبازێکی چاوترسێن بێت و جەردەی عەرەبانە و گالیسکە بێت، یان ڕەنگە جەنگاوەرێکی تاق و تەنها بێت و لە پێناوی دادپەروەری و تەبریە کردن و مافی ژنانی بێداڵدە و بێدەرەتاندا بجەنگێت. هێنری کیسنجەر هەرگیز بە تەواوی ئەو کەیفخۆشییە بێگیانە بەرینەدا کە هەڵوەدای بوو بوو کاتێ بە ئۆریانا فالاسی وت کەوا ئەمریکاییەکان بە



پیاوانی وەك ئەم پێناسەکراون ـ پاڵەوانی تەریك و لاواز وهەردوو لاقی بەسەر پشتی ئەسپێکی سپیدا بڵاوکردووەتەوە ( وەك چۆن بەرهەڵستیی هەلپەرستە قەڵەوە ئەکادیمیەکەی کرد و ئەمەش دزەی کردە ئەو چاپەمەنیەی کە باجدەر خەرج و مەسرەفی دەکێشێت ).

لە ئینگلستاندا بە زۆریی "کاوبۆی" بۆ شتێکی هاکەزایی و سەرپێی یان بۆ بەڵێندەرێکی بەدفەڕ و ناوزڕاو بەکاردێت یان هەرکەسێکی زۆربڵێ و قەرەباڵغ. دواجار، ئەگەرچی وایۆمینگ و مۆنتانا و ویلایەتەکانی تر لە داب و نەریتدا دەوڵەمەندن، بەڵام وشەی "کاوبۆی"  پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ ویلایەتی تەکساسدا هەیە، بە لۆگۆی تاك ئەستێرەی و ناوی تیمی فوتبۆڵی دالاسیەوە.

سەرۆك بوش یاریی بەم هێزە کرد، ئەگەر لە حاڵەتێکدا هێز بێت، بەلای کەمەوە دەبێ سێ جار بتوانم بیری لێبکەمەوە: یەکەمیان ئەوە بوو کاتێ پێی لەوە نا کەوا لە گەنجێتیدا چەردەیەك "کاوبۆی بووە" بەهەردوو شێوەی زاراوەکە، شەخسیی و زاراوەی کارکردنیش. دووەمیان کاتێ کە بانگهێشتی گرتنی ئوسامە بن لادنی کرد و پێی لەسەر وشەی سەر پۆستەر داگرت:"مردن یان ژیان".سێیەمیش ئەوەبوو کە پرسیاری لێکرا سەبارەت بە کوشتنی عەرەبێکی ئەمەریکی لە تەکساس لە پاش ١١ ی  ئەیلوول  زۆر  بە ڕەشبینیەوە سەرنجی دەربڕی کە ئەنجامدەرەکە "ویلایەتێکی هەڵەی هەڵبژاردووە" بۆ بەرپاکردنی ئەم دەسدرێژییە. ئەمە لە مارێك دەچێت کەوا خەریکە بە قەدی داردا هەڵدەزنێت...

لە کورتی بیبڕینەوە، بەکارهێنانی وشەی "کاوبۆی" دەربڕی هەلوێستێکی چەسپاو و چاوەڕێ لێکردنێکە لە بارەی خەڵکی

تەکساسەوە. ئەمە کێبەرکێی نێوان ئەقڵییەتێکی کلێشە ئامێزە ( کە بێگومان هەگیز خەیاڵی بۆ ئەوە ناچێت کە خۆی بە کلێشە بزانێت ) و کلێشەکە خۆشیەتی. باشە بەدەر لە بالۆرەی"لەگەڵ ئێمە یان لەگەڵ تیرۆریستان" سەرۆك چۆن ئەم قاڵبکارییە دەگونجێنێ؟

تۆ وەرە پڕ بە سێ فڕۆکە خەڵکی مەدەنی فڕێنراوت هەبێت و لەمەڵبەندی شارستانیدا بیانتەقێنیتەوە، ئەمە ڕەنگە حاڵەتێکی کاوبۆی دەربخات تەنانەت لە Adlai Stevenson دا. بەڵام بوش لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی پێنج حەفتە چاوەڕێی کرد پێش ئەوەی هەنگاو بۆ هیچ تۆڵەیەك هەڵبێنێت. ئێمە ڕێکەوتنێکی کاریگەرمان هەیە لە نێوان هەموو ئەو سەرچاوانەی کار دەکەنە سەر ئەوەی کەوا ئەو زۆربەری ئەو کاتەی لە ڕاوێژ کردندا بەسەربرد و، کەسێکی کاوبۆی بەدڵنیاییەوە دەیەوێت کارێکی دراماتێکی و سەرکێشانە بکات ( وەك ئەوەی هەر هیچ نەبێت کارگەیەکی ئەسپرین لە سودان‌دا بتەقێنرێتەوە ) بۆ ئەوەی دەستی خۆی بوەشێنێت و پیشانی بدات کە گاڵتەی لەگەڵ ناکرێت. بەڵام کارەکە وا کەوتەوە کەوا پاریسییە بەڕەوشتەکان زۆر توندن لە مەسەلەی ئاوها سەرڕاوەشاندنێکی"یەکلایەنەدا" و بۆمبێك بخەنە سەر ڕێنبۆ واریەرRainbow warrior و هێرش بکەنە سەر ڕواندا بە لایەنگریی بکوژان، ناردنی هێزەکانی فەرەنسا بۆ ( ساحل العاج Ivory Coast ) بێ بەجێهێشتنی، دروستکردنی کوورەیەکی ئەتۆمی بۆ سەدام حوسێن و گەلێ شتی تر.

لە کێشەی ئێستای عێراقدا، کاوبۆیەك خۆدەسەپێنێت بە سەر زۆرێك لە بوودەڵە و ترسنۆکاندا کە بە هەر ڕەنگێك بووە بۆ ئیدارەکەی دایمەزراندوون و بە ئاشکرا ڕق و بێز دەردەبڕێ بۆ کۆڕی ئەو نێرەمووك و ڕیاکارانەی زۆرینەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێکدێنن.



لەجیاتی ئەوە بوش چووە پاڵ یونسکۆ و زۆر لە ئەرکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی داوە بە نەتەوە یەکگرتووکان و بەردەوام دەگەڕێتەوە بۆ سەکۆی ڕێکخراوەکە بۆ وەبیرهێنانەوەی بەرپرسیارێتی ئەو ڕێکخراوە لە مەڕ چارەسەرکردنی کێشەکان. لە کاتێکدا هەر شارەزایەکی ئارەزوومەند دەزانێ کەوا بارودۆخی هێرشکردن وهەڵکوتانە سەر کەنداو لە مانگی ئایندەدا دەست پێدەکات و توند دەبێت، چونکە دوامۆڵەت لە دوای دوامۆڵەت درێژ دەکرێتەوە. بوش تێبینی لە سەر پەرۆشیی میدیا نیە بۆ دەرکردنی ئامۆژگاریی ئاگاداری و گومان لەلایەن سەرچاوەکانی وەزارەتی دەرەوە. سعوودییەکانیش گەرەکیان نیە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو پێگە سەربازییەی لەوێ دروستی کردووە بەکاری بێنێ بۆ پاراستنی "ئەو مەملەکەتە". چاکە کەواتە یەکێکی تر دروست بکەن لە دەوڵەتێك کە ئەوەی پێخۆش بێت. باشە تورك و ئوردونیەکان دەیانەوێت دەستیان چەور بکەن پێش ئەوەی بزانن چ یاسا و ڕێسایەك لە گۆڕێدایە. بەهەرحاڵ دەکرێ ئەمە وەك "چوونە جەنگەوە" لێکبدرێتەوە. بەڵام ئەمە بەهەرحاڵە و دەشکرێ بە بڕیاری سووربوون لێکبدێتەوە کەوا بەرەنگاربوونەوەی سەدام حوسێن مەسەلەیەکی حەتمییە - کە گریمانەیەکە تاڕادەیەك زەحمەتە گومانی لەسەر بکرێت لە هەر دیدێکەوە. ڕاستە کەوا بوش تاڕادەیەك دژوار بوو لەگەڵ ڕاوێژکار گێرهارد شرۆیدەردا، بەڵام دواجار شرۆیدەر پیاوێکی هێندە هەستەوەرە کە فەرمانێك لە دژی ڕۆژنامەیەکی لەندەنی دەربکات لەبەر بڵاوکردنەوەی ئەندێشەیەك لە سەر ڕەنگی قژی و بەدناویی ژیانی تایبەتی. ڕاستێکەی ئەوەی ئێمە لەم تووڕەبوون و دەمارگرژییەدا دەیبینین کاوبۆیەکی تەکساسیی بەرەڵا نیە بەڵکو دیمەنی سستی هەڵبژاردە ئەوروپاییەکانە کە مانگایەکیان هەیە.

## سەربازگیری"

# تۆ بلێی جەنگی عێراق کێشەی ئەلقاعیدە خرا پتر بکات؟ باوەڕ ناکەم

### ٥ ی شوباتی ٢٠٠٣

لاسایی کردنەوەیەکی گاڵتە ئامێزی مام سام هەیە دەڵێ "من دەمەوێ لێت" ئەسپم بۆ بخەیتە گەڕ. ئەمە ئوسامە بن لادن لە جێی مەبەستی مام سام دەردەخات و جاڕی ئەوە دەدات کەوا لە ئێمە دەخوازێت پەلاماری عێراق بدەین و بەمجۆرە هاندان و فووپیاکردنێکی گەورە و بەرفراوان دروست دەبێت لە نێوان خەڵکی گەنج و توانادارا کە بچنە نێو ڕیزەکانیەوە. لە گەڵ شێوازی جۆراوجۆری سەرزارەکی و کارتوون ئامێزدا، ئەم بیروبۆچوونە بووە بە بابەت و ستانداردی ئەوانەی لە ڕوانگەی پارێزگاریی یان درێژبوونەوەی تەمەنی ڕژێمی عێراقەوە تەماشای مەسەلەکە دەکەن.

پێش تاوتوێ کردنی ئەم مشتومڕە، ئەگەر مشتومڕ بێت، دەکرێ سەرنجی ئەوە بدەین کەوا ئەمانە هەمان ئەو کەسانەن گاڵتە بە هەر پەیوندییەك دەکەن لە نێوان سەدام حوسێن و ئەلقاعیدەدا و لەوەش زیاتر زۆر ڕەخنە و پلار لە شەڕ دەگرن لەگەڵ ئەلقاعیدە و



تاڵبانـدا. لەبەر ئەوە سەرنجی دەدرێ بەلایەنی کەمەوە بۆ ئەم مەبەستە، ئەوان گریمانەیەك وەردەگرن بۆ ئەوە بە پێچەوانەوە گومانی لێدەکەن. ڕەنگە ئەمە تەنانەت پێلێنەنانیش پەرە پێبدات.( کاتێ کە ئەوان دەڵێن عێراق "چەواشەکەرە" تکایە بیریان بێنەوە "چەواشەکەرە لەچی؟" پاشان بپرسە تا چ ڕادەیەك دەروون گەرمن لە شەڕی دژ بە بن لادندا ).

بە ڕاستی مەسەلەیەکی سەرنجراکیش و جێی مەراقە بۆ تێبینی ئەوەی ئایا سەدام پەنای ئەلقاعیدەی داوە یان نە، هێزە هەوادارەکانی بن لادن لە سەرانسەری دنیادا بیروبۆچوونی ئەو بە لای خۆیاندا دەشکێننەوە. لە کوردستاندا ئەوان بە لایەنی کەمەوە "بابەتیانە" لە بەرەی سەدامدا شەڕ دەکەن. لە بانگەشە و پرۆپاگەندەیاندا، بە پێچەوانەی مەنتیق و ئەقڵەوە قسە لە سەر هێرشکردنە سەر سەدام دەکەن وەك "هێرشکردنە سەر وڵاتێکی موسڵمان" وەك ئەوەی کەوا گۆڕینی ڕژێم سەلماندنی پێکهاتەی عێراق بگۆڕێت ( کە بە ڕێکەوت گەڵێ لە دانیشتوانی ناموسڵمان و مەسیحین و کاتی خۆیشی ژمارەیەکی بەرچاو جوولەکەی تێدا بووە ). بەڵام بۆچی گریمانەی ئەوە هەبێت کە بەزین و تێکشکانی سەدام چالاکیی ئەلقاعیدە زیاد دەکات و تەنانەت ئێمە ئەگەر لەپێشدا بیشزانین ئەمە ڕاستە ئایا هیچ جیاوازییەك بەرپادەکات؟

با دوو بەیانی ڕەسمیی بن لادن وەك نموونە بهێنمەوە. لە پاش کوشتاری ئەو ئوسترالیانەی لە پشوودا بوون لە شاری بالی، پێش چەند مانگێکی کەم بەیانێك لەلایەن ئەلقاعیدەوە دەرچوو کەوا کوشتنی بەکۆمەڵی ئوسترالیەکانی بە ڕاست و ڕەوا زانی، لەبەر

ئەوەی هێزەکانی ئوسترالیا یارمەتیی تیمۆری ڕۆژهەڵاتیان دا کە بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو بنیّ. بن لادن فرەجار بە ڕق و کینەوە سەرزەنشتی بەشداریی ئوسترالیای دەکرد پێش ١١ ی ئەیلوول، لەبەر ئەوە ئێستا ئەو مابێت یان نەمابێت مەسەلەکە وا دەگەیەنێت کە ئوسترالیەکان خەتای خۆیانە چونکە یارمەتیی کەمینەیەکی سەرەکی مەسیحییان داوە بۆ بچڕینی سەربەخۆیی لە دەوڵەتێك کە موسڵمان تێیدا باڵادەستە. بێگومان هەمان بیروبۆچوون یارمەتی هەڵاوسان و زیادکردنی ڕیزەکانی ئەلقاعیدەی دا لە ئیندۆنیسیا خۆیدا، چونکە هەندیّ جار ئیسلام ڕێك دێتەوە لەگەڵ شۆڤێنیزمی ناوخۆدا. ئەنجامیش وا دەردەکەوێت بەم جۆرە بێت:هەڵسوکەوتی ژیرانە ئەوە دەبوو کە تیمۆرییە ڕۆژهەڵاتیەکانت بەجێبهێشتایە لە ژێر بەزەیی ئۆلیگارکیەکانی ئیندۆنیسیادا، چونکە ئەگەر کەسێکیان بەلای خۆیاندا ڕابکێشایە دەبووە مەترسیی وورووژاندنی ڕقی بن لادن. ئەمەیە کەوا گەڕۆکەکانی پۆستەری سەربازگیری لە ڕاستیدا دەیانەوێت لێمان ئەنجامگیریی بکەین.

لە ئامۆژگارییەکدا بۆ ئەم هێزانە لە پێش ١١ ی ئەیلوولدا و لە گەلیّ بۆنەی تردا کە لە سەر شریت تۆمار کراون، بن لادن پێیان دەڵیّ کەوا لێدانی یەکێتی سۆڤییێت لە ئەفغانستاندا بووەتە کارێکی سەرەکی و قورس. هەروەها جەخت لە سەر ئەوە کە تێکشکاندنی زلهێزەکەی تر ئاسان دەکەوێتەوە. ئەمەریکا شلوشاو، بەد، نوقمی تەرەف و خۆشگوزەرانی بووە و جوولەکەی بەدڕەفتار و بەرتیل خۆر کۆنترۆلیان کردووە. ئەو ئەوەندە لاواز هەڵوەشاوە بوو کە بە پەلەپڕووزیّ لە سۆماڵ هەڵات و هێزەکانی خۆی ناخاتە



مەترسییەوەو  ناشتوانیّ بەرەوڕووی زەرەر و زیانی گیانی بێتەوە. تۆ ئەگەر تەماشای بەڵگەکان بکەیت تێبینی ئەوە دەکەیت کەوا بن لادن لە سەر بنەمای ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان شەڕ ناکات بەڵکوسەربازگیری دەکات. ( لە ڕاستیدا لەمەدا خۆی بە درۆ دەخاتەوە و هەندیّ جار وای لە قەڵەم دەدات کە دەسدرێژکارێکی نەخەتووە. بەڵام دواجار، دەچێتە سەر ڕای ئەوانەی دەیانەویّ هیوا و ئاواتەکانی جێبەجیّ بکەن ).

ئێستاش، ئەگەر ئیدارە لەناکاو بڕیار بدەن کەوا مەترسیی پەلاماردانی عێراق زۆر گەورەیە، پاش ئەم هەموو خۆ ئامادە کردنە، ئەوە دەبیّ دڵنیابین لەوەی کەوا دەرەجەدارانی بن لادن بۆ سەربازگیری ئەم سلۆکی و لاوازییە دەقۆزنەوە و دەیکەنە چەقی پرۆپاگەندەیان.

لە قۆناخەکانی بەرایی شەڕ و ململانیّ لە ئەفغانستاندا لە پاش ١١ ی ئەیلوول، بیرم دێتەوە زۆر مشتومڕی مەسەلەی ئاشتیم خوێندەوە و لە سەر ئەوە کۆکن کە ویلایەتە یەکگرتووەکان گەمەی دەستی بن لادن بووە و ڕێك و ڕەوان ئەوەی کردووە کە ئەم ( واتە بن لادن ) ویستوویەتی. ( نەعووم چۆمسکی بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ ئەو خاڵە چووە، ئەوانیتر ئەوەشیان خستووەتە سەر کەوا کوشتنی بن لادن دەبێتە هۆی دروستبوونی هەزاران بن لادنی نویّ و داکۆکی و بەرەنگاربوونەوە زیاتر دەکەن ). من هەرگیز گفتوگۆ و مشتومڕم لە سەر ئەم مەسەلانە نەدی تا ئەو کاتەی ئەلقاعیدە ئەوەی ویستی لە ئۆپەراسیۆنی ئەفغان دەستی کەوت. ئەلقاعیدە تاقە حوکوومەتە خانەخوێکەی لە دەستدا، بارەگا و ماڵە ئەمنیەکانی لە کابوڵ و قەندەهار چۆڵ کرد، زەرەر و زیانێکی گیانی و ماڵیی هێجگار گەورەی

لێکەوت و بە سەرشۆڕی و شەرمەزاری هەڵات و سەدان کادری لێگیراو ڕەوانەی گوانتانامۆ کران و بە زۆریش پیدەچێت سەرکردە کاریزماکەی لە بنبەردی شوێنێکدا بەجێهێشتبێت. ئەگەر ئەمە هەمووی بەشێك بێت لە ئیرادەی خوا، کەواتە خوا لایەنگری ئەوان نیە. بێجگە لەوەش، من وایدەبینم کە ئوسامە بن لادن خۆی لەو جۆرە کەسانەیە کە بە شێوەیەکی فراوان دووبارە نەبنەوە بەڵام ئەی چۆن دەبوو ئەگەر ئەو بیتوانیبایە لەم ڕێگەوە خۆی بەرهەم بێنێتەوە؟ باشە ئەم شیمیایە alchemy ( واتە گۆڕینی کانزای بێبایەخ بۆ ئاڵتوون لە زانستی کیمیای کۆندا ـ وەڕگێڕ ) دەیکاتە کەسێکی کەمتر دژ؟ باشە ئەمە ئەو لەئەستۆگرتنە لادەبات بۆ بەرگری کردن لە کۆمەڵگای مەدەنی لەبەرانبەر ئیرهابی تیۆکراتیدا؟ لایەنگرانی گریمانەی "سەربازگیری" کۆك نین لە سەر ئەم خاڵە و دواجاریش کۆك نین لە سەر تەواوی ئەو مەسەلەیەی لە کوێوە دەستی پێبکەن.

ئاشکرایە کەوا لە جیهانی ئیسلامیدا خەڵکێك هەن ڕقیانە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان یان بە گومانن لە کار و کردەوەکانی و هۆکەشی زیاتر لە بەر دەستێوەردانێتی لە هەموو شتێکدا. ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت دروستکردنی ئەم جیاوازییەیە و هەروەها کارکردنی سەخت و زیرەکانەیە بۆ فراوانکردنی. بەڵام مشتومڕ کردن لە سەر ئەوەیە کە ناتوانرێت هیچ بکرێت لە ترسی ئەوەی گرووپی دووەم نیگەران بێت و بێ هیچ شەڕ و ململانێیەك خۆبداتە دەستەوە . پشتیوانیی ئەمەریکا بۆ هەڵبژاردن و بۆ مافی ئافرەت ڕقی گرووپی دووەم دەوەوژێنێ ڕێك وەك کردەوەی ئەمەریکاییەکان دژ بە سەدام حوسێن. زۆر بە هێوری هەندێ کەس



ئەمەیان پێخۆش نیە و هەرواش دەبێت. ڕێز لە خۆ گرتن و بەهەمان شێوەش ستراتیجی جێگیر و ڕاست ئەوە دەخوازێت کە ئێمە دوژمن نیگەران دەکەین هەر کاتێك بمانەوێ و ئەوەش بەفیڕۆ نەدەین کە چۆنمان بیر لێدەکاتەوە.

## ئەو مشکەی نەڕاندی
## لەبارەی فەرەنسا و فەرەنساییەکان و شیراك و جیاوازیی نێوانیانەوە

### ٦ ی شوباتی ٢٠٠٣:

دەوترێ کەوا مێژووی ڕزگاریی مرۆڤایەتی بە ناتەواو لە قەڵەم دەدرێ ئەگەر بهاتایە و فەرەنساییەکان ڕۆڵی کاریگەریان تێدا نەبینیبایە. شارەزایانی ئینسکلۆپیدیا و جاڕدەرانی مافی مرۆڤ Les Droites de l’Homme، هاوپەیمانێتی گەرمی شۆڕشی ئەمەریکی... مەشخەڵی شۆڕشەکانی ١٧٨٩و١٨٤٨و١٨٧١ هەموو کات ئامادەن لە ئیجرائاتی سیاسییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەیی تا ڤیکتۆر هوگۆو ئەمیل زۆلا و جان جۆریس و تا جوانمەردیی جان مۆڵین و بەرگریی ماکویس ( جەنگاوەری بزووتنەوەی بەرگریی فەرەنسایی دژ بە داگیرکەرانی ئەڵمان لە جەنگی جیهانیی دووەمدا ).

ئایدیای فەرەنسایی و قارەمانانی فەرەنسایی بوون بە هۆی جۆشدانی خەبات لە پێناوی ئازادیدا بە درێژایی ئەم چەرخەی نوێ.

ئەڵبەتە فەرەنسایەکی تر هەیە، فەرەنسای پیتان و پوجیدە و ڤیشی و تەکتیکە کۆڵۆنیاڵیە چەپەڵەکانی لە وڵاتانی جەزائیر و هیندۆچینیدا پەیڕەوی دەکرد. هەندێ جار ویلایەتە یەکگرتووەکان هارمۆنییەکی چاکی هەبوو لەگەڵ کۆماری یەکەمی فەرەنسادا ـ وەك ئەوەی کاتێ کە تۆماس پێن کلیلی باستیلی درایە بیبات بۆ واشنتۆن و کاتێکیش لافاییە و ڕۆشامبۆ فەرەنسایان کردە "دێرینترین هاوپەیمان". هەندێ جاریش سیاسەتی ئەمەریکا خراپ و نەشیاو بووە بۆ گەلێك لە فەرەنساییەکان ـ کە یەك لەو نموونانە ڕق لێبوونی ڕووزڤێلت بوو بۆ دیگۆڵ. ئیدارەی ئایزنهاوەر ـ دوڵز هانی فەرەنسای دا لە کارە گەوجانەکەی ڤێتنامدا و لەوەش زیاتر ڕۆیشت و بوو بە میراتگری ئەو گەوجێتیە. کەنەدی سۆز و لایەنگریی بۆ سەربەخۆیی جەزائیر دەربڕی لە کاتێکدا کە فەرەنسا لەوپەڕی ملهوڕیدا بوو و گوێی لە ئامۆژگارییەکانی نەدەگرت. ئیتر ئاوها دەڕۆیشت و لۆرد پاڵمەرستۆن لەوە دەچێت لە سەر هەق بووبێت کاتێ دەیوت بۆ هەر وڵاتێك هاوپەیمانیی هەمیشەیی نیە بەڵکو تەنها بەرژەوەندیی هەمیشەیی هەیە. واش چاوەڕوان ناکرێ کە هەر وڵاتێکی مێژوویی و شانازی بەخۆوە کردوو بتوانێ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بخرێتە "حیسابەوە". بەهەرحاڵ، هەڵسوکەوتی جاك شیراك بە زەحمەت شیکاریی دەکرێت لەم هەلومەرجەدا. ئەم پیاوە لە ئەنجامی دووبارە هەڵبژاردنی ساڵی پارەوە هاتووەتە سەرکار و ئیش بۆ ئەوە دەکات کە حەسانەی خۆی بپارێزێت لە دادگایی کردن لە بەر تۆمەتی گەندەڵی کەوا جێی مەترسییە. ئەمە هەر ئەو پیاوەیە کە



یارمەتی سەدام حوسێنیدا لە بیناکردنی کوورەیەکی ئەتۆمیدا و زۆر باشیش دەزانێ سەدام ئەو کوورەیەی بۆچی بوو. ئەو پیاوەیە کە ئێستا سەرۆکی فەرەنسایە و ئاپ و ئاشکرا خۆی هەڕاج کردووە و من لای خۆمەوە بە قومارچییەکەی هۆشیاریی پەروەردەیی L'Education Sentimentale فلۆبێری دادەنێم: پیاوێك هێندە نوقمی گەندەڵی بووبێت کە پێی خۆش بێت تەنانەت پارەش بدات بۆ خۆفرۆشی. لێرەدا دیسانەوە وەهمێکی تەواو نامۆ و ناقۆڵامان لێ قوت دەبێتەوە. شیراك و دۆمینیك دوڤیلیپانی وەزیری دەرەوەی زمان لووسانە و هەژدە هەژدە باس لەوە دەکەن کەوا "هەمیشە دەبێ پاش هەموو شتێك پەنا ببرێتە بەر هێز" بە ڕاستتە؟ ئەی خۆ ئەمە دید و بۆچوونی دامودەزگای فەرەنسایی نەبوو کاتێ هێزی نارده ڕواندا بۆ ڕزگار کردنی ڕژێمە ئەڵقە لە گوێکەی خۆی کەوا بێپەروا لە قڕکردنی تووتسیدا بوو. پیاو وایبۆدەچێت کە ئەمە دیدی جەنەراڵەکانی فەرەنساش نەبێت کە حاڵی حازر بە شێوەیەکی وا مامەڵە لەگەڵ گەلو وڵاتی ساحل العاج Cote d'voire دا دەکەن وەك ئەوەی مڵکی خۆیان بێت. هەروەها ئەمە دید و بۆچوونی ئەوانەش نەبوو کە فەرمانیان دا بە تێکشکاندنی کەشتیی بێدیفاعی ڕێتبۆ واریەر Rainbow Warrior کەوا لە بەندەرێکی نیوزیلاندا لەنگەری گرتبوو، چونکە ناڕەزایی دەربڕیبوو لە کاربەدەستانی فەرەنسا بە هۆی خەریکبوونیانەوە بە تاقیکردنەوەی ئەتۆمیی گەردوونییەوە لە ئۆقیانووسی پاسیفیکدا. ( من ئاگادارم کە هەندێك لەم پێشێلکاریانە کاتێ ئەنجامدران کە پارتی سۆشیالیستی فەرەنسا لە دەسەڵاتدا بوو،

بەڵام مستەر شیراك هیچی لە بارەوە باس نەكرد جگە لەوەی كە ئەمە دڵسۆزییەكی نیشتمانییە. ئەگەر لەڕاستیدا حوكوومەتێكی"تاكلایەن" هەبێت لە ئەنجومەنی ئاسایشدا، ئەوە فەرەنسایە ). ئێمە گشت ئاگاداری ئەو ڕاستیەین كەوا كۆمپانیا فەرەنساییەكان و حوكوومەتی فەرەنسا قەرزێكی هێجگار قەبە و زۆریان لای سەدام حوسێنە. هیواشمان وایە هیچ كەسایەتییەكی سیاسیی فەرەنسا دیاریی شەخسیو تایبەتی لە حیزبی بەعسی عێراق وەرنەگرتبێت، هەرچەندە پشێوی و گومانی لەو جۆرە لە هەردوولا نامۆیە بڵێی هیچ نیە. دەگونجێ زۆر لەوەش زیاتر بڵێین و حوكوومەتی داهاتووی بەغدا ڕەنگە خۆی بە بەرپرسیار نەزانێت بۆ بژاردنەوەی قەرزەكانی سەدام. تۆ بڵێی ئەمە تاقە هەلومەرجی بەتەنگەوە هاتنی شیراك بێت بۆ كۆتایی رژێم fin de regime لە عێراقدا؟

جێیداخ نیە، لەم ڕۆژانەدا دەنگوباس وایە كە ڕۆبەرت مۆگابی بانگهێشتی ڕەسمیی كرابێت بۆ پاریس. سەركۆماری هەتاهەتایی زیمبابوی گەلێ سیحر و جادووی لەژێرسەردایە بەڵام مەسەلە پاشكەوت كردنی پارەی كاشی تێدا نیە و گەنجینەكەی بە ئەندازەی سكی گەلەكەی بەتاڵە. نەخێر، كاتێ ئەو نمایشە قەشەنگەی مۆگابی پیشاندا لە ئەلیزێدا، تەنها قەناعەتی مستەر شیراك زللە سرەواندنێكی ناسك بوو بۆ ڕوومەتی تۆنی بلێر كەوا دەیەوێت سەربەستیی مۆگابی نەهێڵێ لە گەشت و گەڕاندا. ئەمەش وامان لێدەكات بیر لەوە بكەینەوە كە دیپلۆماسێتی فەرەنسایی، لەپاڵ خۆ هەڕاج كردن و خۆ



بەكرێدانیدا، بە شێوەیەكی سەرەكی سەرقاڵە بە چۆنێتی دادۆشینی سوود و دەسەڵات لە گرفت و كێشەی هاوپەیمانەكانی.

ئەمەیان دەكرێ و دەبێ جیابكرێتەوە لە سیاسەتی ئەڵمانیا. بەرلین، وەك ژاپۆن و سویسرا، حاڵەتێكی بێلایەنانەی نیە، بەڵام بوێرییەكی بەهێزی تیدایە دژ بە هێرش و دەستێوەردانی سەربازی لە دەرەوەی سنووری خۆیدا و هێر شرۆیدەر هەرچەندە هەزارانبایانە یاریی بەم كارتە دەكات، بەڵام هێشتا لە سەرێكەوە هەر دەبێ ڕێزی لێبگیرێت، چونكە نابینی پیاوانی دەوڵەتی ئەڵمان زۆر هانی سەرپێچی و پێشێلكاریی بدەن لە سەر ئاستی دەوڵەتاندا، بۆ دەسكەوتی هەلپەرستانە و وروژاندنی شۆڤێنیزمی ناوخۆیی.

حیزبەكەی مستەر شیراك "دیگۆلییە" و چارلز دیگۆڵ خودپەرستی و لووتبەرزییەكی هێجگار گەورەی هەبوو بەڵام لە ساتەوەختێكی ناسكدا هەستی بەوە دەكرد كە ناچارە نوێنەرایەتی چەمكی دڵنیایی لەفەرەنسا Une Certaine ide'e de la France بكات لە سەردەمێكدا كە وڵات خیانەتی لێكراوە و كراوە بە كۆیلە و ئابڕووی براوە لەلایەن دەزگا سیاسی و سەربازیەكانیەوە. دواجار دیگۆڵ بە زیرەكی و وریایی كەوتە ڕزگاركردنی وڵاتەكەی لەو سیاسەتە چەپەڵەی لە باكووری ئەفەریقادا گرتبوویە بەر و ئامۆژگارییەكی باشی دا بە ویلایەتە یەكگرتووەكان لەبارەی خۆ بەدوورگرتنیەوە لە هەمان هەڵە و گەوجێتی لە ئیندۆچایینادا ( الهند الصينية ). بایەخدانی دیگۆڵ بە شكۆ و نەریتی فەرەنسا هەندێ جار بە هەڵەیدا دەبرد، وەك بانگەشە پڕ هەراوهوریاكەی لە بارەی

"ئازادیی کیوبیك"ەوە. بەڵام هەمیشە داواکاریی یەکێتی سۆڤییێتی بە گەرموگوڕی وەرنەدەگرت سەبارەت بە خاوەنێتیی پۆڵۆنیا و هەنگاریا و چیك و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات ـ کە ئەمەش لەو لێکۆڵینەوە نایابەدا ئاشکرا کراوە لە بارەی سەردەمی دیگۆڵەوەA’demain de Gaulle لەلایەن ڕیجیس دوبریێی چەپڕەوی فەرەنسییەوە. ئەو لەو بڕوایەدا نەبوو کە لەدواییدا هەستی مێژوویی هەبوو. بۆ بەرژەوەندیی هەمیشەیی فەرەنسا ئەو بە چاکی پێی لە سەر دەسکەوتنی چەمکی دڵنیایی لەئازادیدا Une Certaine ide’e de la liberte دادەگرت و ڕەنگە سەری ڕەزامەندیی بۆ بانگەشەکەی ڤاکلاڤ هاڤڵ ی ـ سەرکۆماری چیك ـ بلەقاندایە کە بێپەروا لە بارەی مافەکانی گەلی عێراقەوە قسەی دەکرد. پیاو دەخوازێ بیر لەوە بکاتەوە کەوا دیگۆڵ چەند بێز لە جێگرەوە بستە باڵاکەی دەکات، ئەو پیاوە بێکەڵکە بەرتیل خۆرەی، هەوڵ دەدا وەك جان دارك هەڵسوکەوت بکات و فەرەنسای کردووەتە گەوادێکی مل پان بۆ سەدام. ئەمە مەسەلەی ئەو مشکەیە کە دەیەوێ بنەڕێنێ.



# پشکنینی "پشکنینەکان"
# تا ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکان هەر گەمەکەی سەدام دەکات

۱۳ ی شوباتی ۲۰۰۳

تا ئێستا وا ئوسامە بن لادن، یان بە هەر شێوەیەك بووە ڕێکخروەکەی بانگەشەی هێزەکانی "جهاد"ی ڕاگەیاندووە خۆ کۆ بکەنەوەو بدەنە پاڵ سەدام و( بەمجۆرە و بە ڕێکەوت ئەو ئایدیایە ڕەتدەکاتەوە کە دەستێوەردان و هێرشکردنێك لە عێراقدا خۆگێلکردنە لە جەنگی دژە تیرۆر ) و ڕەنگە کاتەکەی بۆ پاکۆدانێکی خێرا و بەپەلە بێت لە زاراوەسازیی ئێمەدا بۆ جەنگ. بێگومان زاراوەی تازەش بەزوویی دێتە کایەوە، بەڵام لێرەدا بۆ پێچانەوەی کۆنەکانە.

"یاساشکێنی": هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا ئەم دەربڕینانە بە شێوەیەکی هەڵە بەکارهاتوون. ڕژێمی سەدام حوسێن لە ساڵی ۱۹۹۲ەوە لە حاڵەتێکی بەردەوامی یاساشکاندندایە سەبارەت بە

پەیمان و بەڵێنی چەکداماڵین. بۆ ئەم مەبەستەش بڕیارێکی نوێ لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە، داوا دەکات پێشێلکاریی ماوەی دە ساڵ چارەسەر بکات. ئەو بڕیارە تا ئێستا نە گەیشتووەتە هیچ کەسێك کە باوەڕی وابێت سەدام هەوڵێکی ئەوتۆی دابێت بۆ ملکەچبوونی هەلومەرجی بڕیارەکە، کە لە ڕاستیدا هیچی نەکردووە. بەڵام کە گوێبیستی تیۆریی ئەفلاتوونی دەبیت و تەنها ئەگەر ماوە و مۆڵەتێکت بدرێتێ دێیتە ژێربار و قەناعەت. ئەو کە کاتی زۆرتری دەوێت تەنها لەبەر هۆکاری دیکەیە، بۆیە ئاشکرا کردنی هانز بلیکس کەوا لە ژێرباری "دڵگۆڕینێکدایە" خۆی لە خۆیدا جۆرە دەردێکە.

ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هەموو یاساشکاندنە بەو بەڵگە یەکلاکەرەوانەوە کەوا دەسەڵاتداریێتیی عێراق دەزانن ئەوان کەی دێن و بۆ کوێیش دێن، دەبێ پشکنەرەکان پێ لەوە بنێن کەوا ئەوان بوون بە مەبەستی پشکنین سەرەڕای ڕێنمایی کردنیش. ڕاستێکەی ڕوون و ئاشکرا دیارە دزە کراوەتە ناویانەوە یان دەمیان چەورکراوە کە ڕاستی ئاوەژوو بکەن یان هەردوو کارەکەیان لە گەڵ کردوون. من بێ ئەملاو ئەولا و بەدڵنیاییەوە لانیکەم بەحاڵەتێك دەزانم کەوا گەورەیەکی پشکنەران بەرتیلێکی هێجگار زۆری دراوەتێ لەلایەن خودی تاریق عەزیز خۆیەوە. ئەم پیاوە بەرتیلەکەی ڕەتکردووەتەوە بەڵام خۆ ڕەنگە هەموو کەس ئەمە نەکات. ئەوانەی کەوا بانگەشەی وەخت وماوەیەکی زیاتر دەکەن بۆ ئەم پرۆسەیە دەبێ ئاگاداری ئەوە بن کەوا بانگەشەی وەخت و ماوەیەکی زیاتر دەکەن بۆ پیاوەکانی



سەدام بۆ تەواوکردنی سەرپێشۆڕکردنیان و تێکوپێکدانی ڕیزی پشکنەران.

کۆڵن پاوڵ، کە ناو و ناوبانگێکی باشی هەیە، بەلای کەمەوە لە دوو حاڵەتدا هەڵەی کردووە. یەکەمیان خۆشحاڵیی ئەو بە چوونی سەدام حوسێن بۆ پەناگەیەکی ئارام، ئەوەش زۆر بە گەورەیی بنەما ئەخلاقیەکانی داواکاریی گۆڕینی ڕژێمی لاواز کردووە. دووەمیان، گفتوگۆی لە سەرە و، ئەوە بوو کاتێ کە بەڵگە تایبەتەکانی برد و لەبەردەمی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێشکەشی کرد. بە شێوەیەکی دژوار، ئەم خۆشیی سەرکەوتنەی پەیوەندیی گشتیی دەسەڵاتی کۆیی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش هەڵدەتەکێنێ، کەوا داڕێژرابوو بۆ ئەوەی بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. بڕیارەکە ڕێك و ڕەوان بەرپرسیارێتی دەخاتە سەر عێراق بۆ سەلماندنی ئەوەی کە گونجاوە. هیچ ناوهێنانێك نیە لە بڕیاری هەر پێداویستییەکی کۆمەڵی نیودەوڵەتی بۆ هێنانەوەی بەڵگەی زیاتر. پشکنین زاراوەی هونەرێکە بەکاردەبرێت بۆ وەسفکردنی چاودێری کردنی گونجاو، نەك پەردە لادان لە سەر بەڵگەی سەلمێنراو. وەك ئەوەی کە ڕوویدا گەڵێ بەڵگەی سەلمێنراو، بەڵام لێکۆڵینەوە نەبوون، بەواتایەك دەقاودەق تەواو، جێبەجێ کراون. ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان بانگەشەی لێکۆڵینەوەیەکی لە سەر چەك و جبەخانەی عێراق بکردایە، کە تەواوکەر بوایە لەگەڵ جەرد و حیساباتدا، ئەوە بە شێوەیەکی لۆجیکی دەبوو بانگەشەی ئاشتی پارێزانی چەکدار بکرایە بەلایەنی کەمەوە بۆ دابینکردنی کارەکە. کارێکی ئاوها هەرگیز بە کۆمەڵێکی

کەمی خەڵکی مەدەنی جێبەجێ ناکرێت. بەپێی ڕووبەری عێراق ژمارەی ئەو ئاشتی پارێزە چەکدارانە دەبوو تا ڕادەیك بەرز بوایە.

بەپێی زۆر لە پێناسەکان ئەمە دەسدرێژکاریی نەبوو بەڵکو زۆر پێدەچوو داگیرکردن بێت. ئەمەش سەرەکیترین پرسیار دەورووژێنێ لە سەر ئەو وشانەی شەڕ و پێکدادان دەگەیەنن کە "جەنگە". باشە ئێمە لە بارەی چوون بۆ "جەنگەوە" بە تەواوی دەدوێین؟ ساڵی ١٩٥٦ لە کاتی پەلاماردانی ئەنگلۆ ـ فەرەنسی ـ ئیسرائیلی بۆ سەر میسر، سێر ئەنتۆنی ئیدن سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، کە پێچەوانەی ئەقڵ و مەنتیق بوو، بە پەرلەمانی ڕاگەیاند کەوا "ئێمە لە جەنگدا نین لەگەڵ میسردا، بەڵکو ئێمە لە حاڵەتێکی ململانێ و پێکدادانی چەکدارانەداین." ئەمە هەوڵدانێکی ڕوون و ئاشکرابوو بۆ نکووڵی کردن لەو ڕاستیە لە کاتێکدا کە یەکێتی سۆڤێت، بەزۆری، هەڕەشەی تەدەخولی دەکرد لە بەرژەوەندیی میسردا.

بەڵام ئاخۆ ناکرێ ئەو پرسیارە بکەیت ئایا بەکارهێنانی هێز لە عێراقدا دەگاتە ئاست ئەو جەنگەی ڤێتنام بە واتای زاراوەکە؟ "جەنگ بوەستێنن پێش ئەوەی دەست پێبکات" ئەمە دروشمی گەوجانەی ئاشتی تەڵەبەکان بوو لە کێشەی ئەفغانستاندا ساڵی ٢٠٠١ و دروشمە خەمناکەکەیان لە ڕاستیدا بۆیە دەنگی دایەوە چونکە"جەنگ" تا ڕادەیەك بەسەرچووبوو تەنانەت پێش ئەوەی دەست پێبکات. جەنگ بەواتای ئەوە دێت کە بەلایەنی کەمەوە دوو وڵات هێزی چەکداری خۆیان تەیار بکەن و بەرانبەر لە یەکتر بگرن. ئەم حاڵەتە لە ڕووی تەکنیکییەوە تەنها بە دوژمنایەتی لێکدەدرێتەوە وەك لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانیدا لە لایەك و



سوپای تایبەتی سەدام حوسێن لەلایەکی ترەوە. ئەمە دەکرێ بە ڕێکی بگوترێ "با شەڕ نەکرێت لەگەڵ سەدام حوسێندا" و پەسەندتر و ڕێتێچووترە لەوەی بگوترێت "نا بۆ جەنگی دژ بە عێراق". ڕەنگە ئەوەش قسەی شیرین نەبێت کاتێ باسی ئەو ڕووداوانە دەکەین کە لەبەرپابووندان وەك لابردنی ڕژیمێکی دوژمن بە زەبری هێز. ئەمە بە تەواوی وەك ئەو وردەکارییەیە کە باس لە ئامانجی سیاسی بکرێت.

ئەمە لەوە دەچێت کە بارمتەیەك بدەیتە دەست خۆوبەختی، بەڵام هێزە چەکدارەکانی سەدام حوسێن دواجار هەڵاتن یان خۆیان بەدەستەوەدا. هێزی ئاسمانیشی بە ئامانەت خستە لای ئێران و( دوایش نەیتوانی بیگێڕێتەوە ) و ئیتر لەودەمەوە هەڵوەشانەوە و داڕووخانێکی بەرچاو لە ڕووی مەعنەوی و پێداویستییەوە دروست بوو لە نێو ئەم هێزانەدا. دەکرێ بڵێین کە لە باشترین حاڵەتدا سوپای عێراق تا ئێستا هیچ جەنگێکی نەدۆڕاندووە لە دژی خەڵکی مەدەنیی خۆی. لەم ماوەیەدا پەرەسەندنی PGMS ــ ڕێنمای وردی چەك و جبەخانە ـ وایکردووە بە شێوەیەکی ئاقڵانە هیوای ئەوە بخوازرێت کە ئەم جیاوازییەی نێوان شەڕکەر و کۆمپیوتەر لەلایەن خۆمانەوە ڕەچاو بکرێت.

# " تەپڵ کوت "
# بوش زۆر پەلەی جەنگێتی؟ قسەی هیچ

## ٢٤ ی شوبات ٢٠٠٣:

کاتێ جۆرج دەبلیو بوش هەڵپەی سەرۆکایەتیی دەکرد، زۆر چالاکانە شالاوی دەبردە سەر ئەلگۆر AlGore و ئایدیای "بنیاتنانی ولاتی" کردبووە مەبەست و ( بە شێوەیەکی لاوەکی لە سەردەمی کلینتندا کە بەکارهێنانی "بەڵگەی نهێنی" پیادە دەکرا لە دادگایی کردنی تیرۆریستی گومانلێکراودا ). پاش ئەوەی چووە سەر کار، هەرزوو دەرگای گفتوگۆیەکی کردەوە لە سەر ئەگەری لابردنی سزاکانی سەر عێراق، کە بە ئاشکرا بە دەست " کەمی بەرهەمەوە returns diminishing" دەینالاند. بوش تەنانەت بیری لە چاوخشاندنەوە دەکرد بە ناوچەکانی دژە فڕیندا، کە بۆ ماوەی



نزیکەی دە ساڵێکی وەڕسکەر چەترێکی پارێزگاریی بوو بە سەر ناوچەکانی کورد و شیعەدا دژ بە دەسەلاتی تۆقێنەری سەدام.

لەم هەموو بوارانەدا، بوش بە چاکی گوێی بۆ تاقمێك لە پیاوانی نەوت و جەنەراڵەکان شل دەکرد، کە یەکەمیان نەیاندەویست نەوتی عێراق تەنها لەگەڵ ولاتانیتردا بازرگانیی پێوە بکرێت و دووەمیش ئەوانە بوون کە گوێیان بە مەترسیی بەجێهێنانی ئەرکی ڕۆتین و خەمناکی فڕۆکە جەنگیەکانیان نەدەدا. سەرۆك، لە نێو کابینەکەی و لە شوێنی تری ئیدارەکەیدا، ژمارەیەك خەڵکی خستبووە سەر کار، لەوانەی بڕوایان وابوو کە باوکی لە ساڵی ١٩٩١ دا لە جێی خۆیدا بوو کە پاشەکشەی کرد لە عێراق لە کاتێکدا کە ڕژێمی سەدام حوسێنی لە جێی خۆیدا هێشتەوە. ( لەناو ئەم گرووپەدا، وەك من بزانم، جۆرج بوشی گەورە و برێنت سکۆکرۆفت و لۆرانس ئیگڵبێرگەر لە سەر ڕاوبۆچوونی خۆیان مانەوە. تەنها دیك چینی جێگری سەرۆك، لە تیمە بنەڕەتیەکە، تێگەیشت کە دەبێ بیروڕای بگۆڕێت و ئەوەش باشە بۆ هۆکاری دڵسۆزی ).

هەندێك "تەپڵ کوت" و هەندێکیش "بەرەو جەنگ مل دەنێن"و لە ١١ی سپێتەمبەری ٢٠٠١ وە ئیدارەکەی بوش:

١. پەل دەکوتێ بۆ هەردوو ئەنجومی پیران ( سەنات ) و نوێنەران لە کۆنگرێسدا لەپێناو مسۆگەر کردنی زەمانەتدا بۆ دەستێوەردان و هێرشکردن.

٢. چووەوە ناو یونسکو UNESCO لە پاش نزیکەی بیست ساڵ دوورکەوتنەوەی ئەمەریکا لەو ڕێکخراوە و ڕەزامەندیی دەربڕی بۆ بژاردنەوەی زۆربەی قەرزە هەڵپەسێردراوەکانی

ئەمەریکا بۆ UN خۆی .( جان کەڤەن لە کۆماری چیك، ئەمساڵ سەرۆکی کۆمەڵەی گشتیی UNاە و دۆستی دەستە و تاقمەکەی بوش نیە و دەڵێ کەوا هەگیز بڕوا ناکات کەوا ئەم ئیدارەیە بێت کە بڕیاری داوە جارێکیتر بچێتەوە ناو یونسکۆ.

٣. بەردەوام پەنابردنە بەر نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی جارێك پانزە بە سفرێکی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش بێنێ کەوا هەلومەرجی پشتگیریی خۆیی تێدابوو و، جارێکیتر نارەزایی عێراق بخاتەڕوو و بۆ دووەم جار بڕیارێکیتر ئامادە بکات. بەمەرجێ دەکرا بە گوێرەی هەلومەرجی یەکەم بڕیار پێویستی نەدەکرد کە دوا دوو هەنگاوی وەربگیرێت.

لەم ماوەیەدا، زۆر خراپ کەوتووەتەوە کەوا هەلومەرجی شەڕی بیابان، لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی ستراتیجیەوە بۆ هاوپەیمانان هەڵدەوەشێتەوە، لەگەڵ هەموو ڕۆژێکی درێژبوونەوەی مانگی شوبات بۆ ئازار. هەروەها ڕوون و ئاشکراشە کەوا چەقۆکێشەکانی سەدام حوسێن تەکتیکی ئاسایی خۆیان ئامادە کردووە بۆ شەڕوشۆڕ لەگەڵ مەدەنییەکان و وێرانکردنی سەرچاوەکان.

هەندێك چاودێریی چەردەیەك باس و وتاردانی سیناتۆر هیلاری کلینتنم کردووە لە شاری ئەلبانیی ویلایەتی نیویۆرك، کە تیایدا، بە ئاوازی کەسێك کە بە تەواوی کەین و بەینەکە بزانێت، دەڵێ ڕوون و بەرچاوە کەوا کەسانێك لە ئیدارەکەی بوشدا هەن "ئارەزوویەکی کۆنیان" هەیە ساتوسەودا لەگەڵ سەدام حوسێندا بکەن. زۆر کەس لە ئامادەبووان سەری ڕەزامەندییان دەلەقاند وەك ئەوەی بە سەر نهێنییەکی سەیردا کەوتبێتن. ڕاستێکەی کەسانێك



هەن لە ئیدارەدا کەوا لە دیدی گشتیی کۆمارییەکانەوە هەرگیز بەشدار نەبوون سەبارەت بەوەی کە جەنگی ئەم دواییەی کەنداو بە هەلومەرجی باش و پەسەند تەواوبووبێت. بەڵام لەو هەشت ساڵەی کەوا مێردەکەی سیناتۆر هیلاری کلینتن سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو، ئەمیش تێبینی ئەوەی کردووە کەوا سەرۆك چەندین جار بانگەشەی چەکداماڵینی سەدام حوسێن دەکرد بە زەبری هێز ڕاشکاوانە دەریدەبڕی کە سەدام هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی کۆکوژ دەدات بۆ ئەوەی بەکاریانبێنێت. پاشان بە شێوەیەکی لاوەکی بۆردمانی عێراق دەکرا لە هەوڵێکی مردارەوەبووی سەرۆکدا بۆ ڕاییکردنی یاسای ڕزگارکردنی عێراق ( کە سەناتیش بە کۆی دەنگ پەسەندی کرد ). ئەوجا دیسان کەوتەوە بۆردمانکردنی عێراق بە شێوەیەکی ڕۆژانە لە ماوەی دادگاییکردنەکەیدا سەبارەت بە کەموکووڕی و ناپاکی بەهەمان شێوازی هێوری و لەسەرخۆیی. ڕاستە ئەو هەمیشە بەگەرمی ڕاوێژی بە نەتەوە یەکگرتووەکان نەدەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کاتێك بزووتنەوەیەکی"ئاشتی" بەرەنگاری نەدەبوووەوە کە خەڵك بڕژێنێتە سەر جادە و بە موعتاد و شەیدای دەستدرێژکاری ناوی بزڕێنن.

ئەگەر تەپڵ کوتێك لەئارادابێت ئەوە دەرگا بە دەرگا دەیکوتێ و خۆی دەرباز دەکات بۆ کاتێکی گونجاو و لەبار. ئەوانەی کەوا بانگەشەی کاتی زیاتر دەکەن بۆ پشکنین وا ڕەفتار دەکەن کە چنگدان لەگەڵ سەدام حوسێندا وەك ئەوە وایە کە چەند مانگێك بێت دەستی پێکردبێت و وەك سەدام خۆی نەگەڕابێت بەدوای بەرەنگاربوونەوە و

چنگدانێکی ئاوهادا و وەك ئەوەی بتوانێ خۆی لێبپارێزێت. ئەمانە هەموو شێوازی جۆراوجۆری هەمان هەڵەی سادە و سەرەتاییە.

سەدام حوسێن دەیتوانی هەل و دەرفەتێکی نوێ بڕەخسێنێ بۆ ڕژێمەکەی ئەگەر تەنانەت ئارەزوویەکی هاکەزاییشی هەبوایە بۆ "چارەسەرێکی باش" و ئەوجا ویلایەتە یەکگرتووەکانیش بە قووڵی لووتی دەژەندە بیرە نەوتەکانی عێراقەوە بەهەمان ئەو مەبەستەی باسی لێوە ناکرێت. بگرە ئەوەش ڕێی تێدەچێت کەوا لە دواساتدا سەدام هەوڵی خۆپاراستن بدات کەوا داروودەستەکەی بڕوایان وایە بەچاکی دەیزانێت. ئەوانە، کە هەندێکیشیان خاوەنی پلە و پایەی بەرزن لە واشنتۆندا و، دەخوازن ئۆپۆزسیۆنی عێراق و کورد تووڕبدەنە ئەم خانەیەوە.( بەحاڵ ڕێی تێدەچێت بیر لە شتێك بکەیتەوە لەمە شەرمەزارتر بێت، بەڵام ئەوانەی ئەم ئاکامە دەخوازن دەبێ خۆ ئامادە بکەن بۆ ئەوەی چۆنی دەخوازن وا بژین ). بەهەرحاڵ، ئەوانەی وا تێدەگەن کە تاقە ڕێگای ئەمەریکا بۆ بەدەستهێنانی نەوتی عێراق ڕێگای شەڕوشۆڕ و ڕەنگە داگیرکردن بێت، تەنانەت ئەو زەحمەتەشیان وەبەرخۆیان نەداوە کە لە مێژووی ناوچەکە بکۆڵنەوە و چاوەڕێی ئەوەشیان لێناکرێت کە ئێستا دەستی پێبکەن.

بەڵام، لە وەڵامی ئەوانەدا کە لە ئۆردووگای ئاشتیدان، ئایا هێزەکان حاڵی حازر ڕەوانە نەکراون و پێگە و سەربازگە ئامادە نەکراون. بەڵێ وایە و پێشتریش هەروا کرا. ئەی دەخوازن وانەبوایە؟ ئەمە دەکرێ هەمیشە ئەگەری تەقینەوەی عێراقێکی تەواو ڕاچڵکاو بەدوای خۆیدا بێنێ لەگەڵ ئەگەری دەستێوەردان و هێرشکردنی



هەلپەرستانە لەلایەن وڵاتە دراوسێکان و بەرپابوونی ناکۆکی و ململانێی مەدەنیی لە ناو عێراق خۆیدا. ( ڕاستێکەی، ترسناکترین ئەنجام، کە لەڕوویەکەوە بزووتنەوەی دژە جەنگ باوەڕی پێیەتی تەنها لە سیاسەتی گۆڕینی ڕژێمەوە سەرچاوە دەگرێت ). بەهەموو پێوەرێك، ئێستا ئەو هێزانەی کە دەتوانن ڕێگریی لە تێکدان و وێرانکردنی بیرە نەوتەکان بکەن و ئاسانکاری بۆ داڕووخان و هەڵوەشانەوەی وڵاتەکە دەکەن، گشت لە سەر خەتن ). باشە ئەوانەش بڕیاری چارەسەری دووەمیان دەوێ هەر پێشنیاری بنیاتێکی ئاڵۆزی ئاوها و مۆڵدانی سەرباز دەکەن لەپاش ڕۆژێك لە سەلماندنی بڕیارەکە؟ (ئەڵبەتە، ئەوان لە سەر کەمتەرخەمی سەرکۆنە دەکرێن ). تەنانەت جاك شیراکیش هەستی لەمە زیاتری هەیە و تاقە فڕۆکە هەڵگرەکەشی حاڵی حازر لە کەنداودایە و لەبەردەستایە کاتێ کە شیراك بیەوێت ئەمبەر و ئەوبەر بکات.

تۆ وایدانێ بەلاکەی تردا شکایەوە ( وەك لە بۆسنیا و کۆسۆڤۆ ڕوویدا و وەك کەسێك بخوازێت لەوەی ڕواندا نەچێت ). وایشیدانێ زۆربەی وڵاتە ئەوروپاییەکان یان ئەندامانی نەتەوە یکگرتووەکان خێرا ویستیان کارێکی بەپەلە ئەنجام بدرێت، لەکاتێکدا ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکان چاوەڕێکردن و تەماشاکردنی پێ باشتر بێت. باشە لەم حاڵەتەدا کێشەی هێرش و دەستێوەردان لە ڕاستیدا بە کێ بسپێردرێت؟ پرسیارەکە خۆی وەڵامی خۆی دەداتەوە و "تەپڵ کوت"و "هێرشبەر" بێهوودە دەدوێن. لەهەر نەیارێکی عێراقی بپرسیت ئەوەت پێدەڵێ کە تۆ خۆت دەیزانیت و ( ئەوەش کە هەندێ پرۆپاگەندەی دژە جەنگ لەڕاستیدا جاڕی بۆ دەدەن، بێئەوەی بەو

تێوەگلانە بزانێت ) کەوا: واشنتۆن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ زۆر زۆر بەئۆقرە و پشوو بوو لەگەڵ سەدام حوسێندا.

## تورکیا هیچ نالێت
## ئەو هاوپەیمانییەی نەبوونی باشتر بوو

٤ ی مارتی ٢٠٠٣

ئەو بوختانەی بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراق و کورد و دۆستەکانیان دەکەن، گوایە ئەوان تۆزێك لە بووکە سەماکەرەی دەستی ئیدارەکەی بوش زیاترن، ئایدیایەکە هێشتا هەر لە مێشکی ئەو کەسانەدایە کە دەیانەوێت کاتێکی زیاتر بۆ سەدام حوسێن دەستەبەر بکەن ئێستا و دواتریش، لە گاڵتە و قەشمەری بەولاوە شك نابەیت لە بەرانبەر ئەوەدا. لەبەر ئەوە وا چاکە خۆت لابدەیت لە مشتومڕی ڕۆژانە لەگەڵ



پارێزگارانی ڕژێمدا و لێگەڕێی ئەو بریکار و کرێگرتانە بە کەیفی خۆیان بشیرێنن بەهەمان هێز و گوڕی بەرهەڵستکارانی عێراقی.

یەکەم خاڵی ناجۆر و ناکۆك مەسەلەی بنەما و پرنسیپە ـ سەبارەت بە ڕۆڵی بەرپرسە ئەمەریکاییەکان لە گەرماوگەرمی دوای ڕووداودا. بەڵام هێشتا هەندێ شت هەر لەئارادایە چونکە کەس جاریَ نازانێ هەلومەرجی کۆماری دوای بەعسییەکان چۆن دەبێت. زۆر لە پێداویستییەکانی ئاوەدانکردنەوە، بۆ نموونە، لە ڕێگای ئامرازی گواستنەوەی سەربازییەوە دابەش دەکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، گریمانەیەکی بەهێز داڕێژراوە دژ بە هەر ڕێبەری و کاریگەرییەکی یونیفۆرم، بەڵام کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق، هێزەکانی شیعە و کوردەکان چالاکانە یەکیانگرتووە لەسەر مەسەلەی حوکوومەتداریی لەلایەن خۆیانەوە.

دووەم خاڵی ناکۆك ئەوەیە کە دان بە هیچ دانوستانێکدا نانرێت. تورکیا هەقێکی نیە لە هیچ بەشێکی عێراقدا و لە هەمووشی کەمتر مافی ئەوەی هەیە خۆتێهەڵقورتێنێ لە ناوچە کوردییەکاندا، کە نزیکەی دە ساڵێکە لە حوکمی سەدام ڕزگاری بووە و هاوسنووری تورکیایە. ئیدارەکەی بوش زۆر نەرمە لەگەڵ ئەنقەرەدا نەك هەر لەم خاڵەدا بەڵکو لە گەڵێ مەسەلەی پەیوەندیداری تریشدا، لەوانە:

١. کوردستان خۆی، چونکە چەندین دەیەی خایاندووە تاوەکو دەوڵەتی تورك تەنانەت دان بەوەدا بنێت کەوا گەلێکی تر بە زمان و فەرهەنگێکی جیاوازی خۆیەوە لە چوارچێوەی سنووریدا دەژی. ئەوە ڕاستییەکی خەمناکە کەوا شۆڕشێکی کورد لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا لە ژێر سەرکردایەتیی ڕابەرێکی چەشنی شینینگ پات

Shining Path دا کە ناوی عەبدوڵا ئۆجەلانە و ( بڕواتان بێ من لە لوبنان چاوم پێکەوت و پۆڵ پۆتێکی کوردم بینی )، بەڵام ئەمە خۆی لە خۆیدا گوزارش لە بارودۆخی نائومێدیی دەکات کە باڵی بەسەریاندا کێشاوە. لە ژێر فشاری مەدەنیی بەردەوامدا، لە ناوەوە و دەرەوە، دەسەڵاتدارانی تورکیا ئێستا خەریکن هەندێ مافی کورد دەسەلمێنن ـ بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەبەر ئەوەی یەکێتیی ئەوروپا پێی لەسەر ئەم خاڵە داگرتووە. ئێستا بە تەواوی کاتی ئەوە هاتووە ئەمەریکا بەیانێك لە بارەی مافی کوردەوە لە تورکیا دەربکات.( ئێمە لەو کاتەوە هەر چاوەڕێین، کەوا ودرۆ ویڵسن بۆ یەکەمجار لەم بارەیەوە منجە منجێکی کرد ).

٢. قوبرس: ئەگەر هەر ڕژێمێك لە جیهاندا لە ڕژێمی عێراق زیاتر بڕیاری ئیدانەکردنی کۆکردبێتەوە لە سەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی نێودەوڵەتی ئەوە بێگومان ڕژێمی تورکە و( ڕەنگە دوای ئەم ئیسرائیل بێت ). لە ساڵی ١٩٧٤ەوە تورکیا هێڵێکی بە تۆبزیی جیاکەرەوە پاس دەکات کە لەلایەن هێزەکانیەوە کێشراوە و یەکەم گۆڕانی ناوچەییە لە دەوڵەتێکی ئەوروپایی‌تردا لە ساڵی ١٩٤٥ەوە. تورکیا نزیکەی سێیەکی دانیشتووە یۆنانییە ڕەسەنەکانی لەوێ دەرپەڕاند و بۆ زیاتر پێشێلکاریی یاسای نێودەوڵەتیش تورکی لە خاکی ئەنەدۆڵی دایکەوە هێنا و لەوێی نیشتەجێ کردن. تورکیا لەلایەن ژمارەیەکی زۆری دادگای ئەوروپاییەوە حوکمی گوناهبارکردنی دراوە لە سەر کوشتن و دەستدرێژی کردنە سەر نامووس و دزی.



بەمجۆرە بارودۆخێکی دۆزەخ ئاسا باڵی کێشاوە بە سەر ئەم کۆڵۆنییەیدا لە باکووری قوبرس، کە ڕەوف دەنکتاشی بریکار و جەردە و خوێنڕێژی بەدناو پاسی دەکات و زۆربەی تورکە قوبرسییەکان چوونە پاڵ ئەو خۆپیشاندانە گەورەیەی داوای کۆتایی حوکمی ئەم کابرایەی دەکرد و پێیان لە سەر حوکمێکی فیدراڵیی برایەتیی دادەگرت لەگەڵ هاووڵاتیە یۆنانیەکانیاندا. تورکیا نەیدەتوانی بۆ یەك ڕۆژیش چیە بەو توندییە دەست بە قوبرسەوە بگرێت ئەگەر یارمەتیی سەربازیی بەرفراوانی ئەمەریکای لە پشت نەبوایە کە بۆی بوو بە چەترێك و نەیهێشت باجی ئەو داگیرکارییە بدات. ئەم یارمەتییە دەبوو بڕایە بێ هیچ دواخستنێکی پڕشەرمەزاری و ئەمە ویلایەتە یەکگرتووەکانی کردە بەشدارە تاوان لە پێشێلکارییەکی گەورەی یاسای نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤدا.

٣ـ ئەرمینیا: گوناهی وێرانکردن و لەناوبردنی میللەتی ئەرمەن، لە یەکەم قڕکردنی ڕەگەزیی سەدەی بیستەمدا، لە ئەستۆی حوکوومەتی هەڵبژێردراوی تورکیای ئەمڕۆدا نیە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەسەڵاتدارانی تورکیا تا ئێستاش بەردەوامن لە خۆ بە خاوەن نەکردنی بەرپرسیارێتیی مێژوویی و بگرە نکووڵی کردنیش لەوەی کە ئەو کوشتارە هەر لەبنەڕەتدا ڕوویدابێت. پێشنیازی بەردەوام لە ئەنجومەنی پیرانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ( سەنات ) بۆ دیاریکردنی ڕۆژێك بۆ ئەرمەنە ئەمەریکاییەکان ( کە بەجورئەتەوە بۆ ماوەی چەندین ساڵ سیناتۆر ڕۆبەرت دۆڵ داکۆکیی لێدەکرد )

لەلایەن هاوپەیمانییەکی بەڵێندەرانی بەرگرییەوە، کە قەرزاری پارەی تورکیا بوون و، لۆبییەکی ئیسرائیلی کە حەزی نەدەکرد ڕقی هاوپەیمانێکی "موسڵمان" هەڵسێنێ، پووچ بکاتەوە. ئەگەری ئەوە نیە کە تورکیا بە کاربردنی زۆری یارمەتی ئەمەریکا بوەستێنێ ئەگەر بڕیارەکە بە ئەنجام بگات و مەسەلەیەکە قوبووڵ ناکرێت کەوا ئەو یارمەتییە وەك پیلانێکی ئاوها نکووڵی کردبێت ببەخشرێت.

<u>پەراوێزێك</u>: ئیمپراتۆرێتی عوسمانی گەلێ کوردی چڵکاوخۆری بەکرێگرتبوو وەك هێزی زەبروەشێن لە کوشتنی ئەرمەنەکاندا. من چاوپێکەوتنم لەگەڵ جەلال تاڵەبانیی کردووە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و گوێم لێبووە پۆزشی هێناوەتەوە بۆ ئەم لەکە و پەڵەیە: کورد ئەو تاوانانە ناسەلمێنن کە نەیانکردووە. بەم ڕەنگە ڕەگەزی ئەخلاقی لە نموونەیەکدا، وەك چاوەڕوان دەکرێ، بەتەواوی گرێدراوی مەسەلەی ئەخلاقییە لە نموونەیەکی تردا.

ڕەنگە مشتومڕ لە سەر ئەوە بکرێت کەوا بۆ کورتکردنەوەی ماوەی دوژمنایەتی لەگەڵ سەدام حوسێندا و کەمکردنەوەی زەرەر و زیان، دەبێ سنوورەکانی عێراق لە هەموو لایەکەوە دابین بکرێت. بەڵام تورکەکان باسی هاوکاری کردنی گەرەنتیی سنوور ناکەن، یان پاراستنی ئەوانەی لە چوارچێوەیدا دەژین، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوان باسی پەڕینەوە دەکەن لە سنوور بە مەبەستی پاوانخوازی و خۆسەپاندنیان و درێژکردنەوەی ملکەچکردنی دانیشتوانە کوردەکەی خۆیان. ئەمە بە تەنها شەرمەزاری نیە بۆ ستراتیجیەتی گۆڕینی ڕژێم، بەڵکو لە ڕاستیشدا جێگیری ناکات. هەروەها مایەی شوورەییە



سەرۆك دەبینین لە تورکەکان دەپاڕێتەوە و بەرتیلیان دەداتێ بۆ ئەوەی شتی هەڵە و ناڕێك نەکەن و لە بەرانبەریشدا بەخششەکەی ڕەتدەکەنەوە. ئەو دەبێ ئەم خۆپەرستی و گومڕاییە دزێوەیان وەك باشە و پەسەندییەك بۆ سیاسەتەکەی خۆی وەربگرێت و یارمەتییان لێبڕێت و لێیانگەڕێ کێشەی خۆیان ببەنە لای یەکێتی ئەوروپا و پێیان ڕابگەیەنێت لەبری ئەوە لە قوبرس دەرچن. پاشان دەکرێ پشتئەستوور بین بەوەی کە ئێمە بەڕاستی"ئاوڕ" لە ناوچەکە دەدەینەوە.

★★★

## <u>پاشکۆ :</u>

سەرکردایەتیی تورکیا یاریی بەو گرەوە دەکەن کەوا کەمایەتییەکی "تورکی Turkic"، کە بە تورکمان دەناسرێن، لە کوردستانی عێراقدا دەژین. ئەم ئیدیعایە ڕاستە، بەڵام ژمارە و ڕێژەیان هەندێ جار زیادەڕۆیی تێدادەکرێت و تورکمان دەبێ ئەوە بسەلمێنن کە یەکێکن لە ژمارەیەکی زۆری کەمایەتییەکانی عێراق. بە هەرحاڵ داواکاریی ئەوان بۆ تورکیای دایك کە پارێزەر و داکۆکیکەریان بێت، دەبێ بەوپەڕی گومان و دوودڵییەوە تێیبڕوانیت، بە تایبەتی لەبەر ڕۆشنایی هەلپەرستانەی سوور بوون لە سەر ئەو داواکارییە.

کەواتە بەهانەی کەمینەی تورکی بوو وایکرد ئەنقەرە زیاد لە سێیەکی خاکی قوبرس بگرێت لە میانەی دوو پەلاماریساڵی ١٩٧٤دا ( کەمینەکە، بەپێچەوانەی ئەم خاک داگیرکردنە بێپەردەیە، ١٨٪ ی دانیشتوانە ). ئەم دەسدرێژیانە، هاوکات لەگەڵ دەرکردنی قوبرسییە یۆنانییەکاندا و زەوتکردنی خاکەکە و نیشتەجێکردنی خەڵکێك کە لە تورکیاوە هێنران و دزینی ماڵ و سامان بە بەردەوامی و بە شێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە گوناهبارکراون. من وەك ئیشارەتم پێدا و بەئاسانیش چێ دەکرێت، زۆرینەی تورکە قوبرسییەکان ئێستا خۆیان لە شۆڕش و یاخیبووندان لەدژی ئەو بارودۆخە کۆڵۆنیاڵییەی داگیرکەران دروستیان کردووە. کەواتە، بەهیچ جۆرێك نابێ ئاڵۆزی و چەواشەکاری هەبێت لە نێوان مافی تورکمانەکان و نیاز و خواستی ئیمپریالیانەی دەوڵەتی تورکدا. ئەوانەی کە بایەخ بە "بەرەیەکی باکوور" دەدەن وەك پێویستییەکی ڕژێم گۆڕین با لەجیاتیدا چەك بدەنە گەریلا کوردەکان و ڕێکخراوەکانی میلیشیا کە توانای خۆیان سەلماندووە لە شەڕکردنی سەدامدا و بەتەواوی ئامادەن بەرگریی لە ئۆتۆنۆمیی خۆیان بکەن و لە هەمان کاتیشدا دژ بە ملهوڕی و لووتبەرزیی تورکیا بوەستنەوە. لە هەردوو هۆکارەکە و هەردوو کێشەکەدا دەبێ ئەوان پشتگیریی بکرێن. باشە جوانتر نیە ئەگەر فەرەنسا و یەکێتی ئەوروپا و ئەوانیتر لە پێشدا ناڕەزایی دەربڕن و هەر کارێکی یەکلایەنەی تورکیا مەحکووم بکەن؟ هەر ئەوەشە دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا بزووتنەوەیەکی گەرموگوڕی "ئاشتی" ڕەنگە دەست بداتە چەك.



## پەرسای درۆینە

# کێشەی نا پیرۆزی "مەسیحیی" لە دژی جەنگ

١٠ی مارتی ٢٠٠٣

تێگەیشتنێکی ترسناك لە کۆشکی سپیی بوشەوە سەری هەڵداوە گوایە مەسیحییەت ئاینێکی ئاشتییە. لە هەموو دوانگەیەکی تەمێ و وتاردانەوە، وەعز و ئامۆژگارییەکی تۆقێنەرت بە گوێدا

دەدرێ، کەوا لە باشترین حاڵەتدا بانگەشە بۆ "کاتی زیاتر" دەکات و لە خراپترینیشدا بانگەشە بۆ "دەست هەڵگرتن لە سەدام" دەکات. نوێنەری پاپا چوو بۆ عێراق و کاردینالّ ئێچگەرای ئاگاداری کردین کە سەدام حوسێن "هەموو شتێك دەکات بۆ ئەوەی شەڕ نەقەومێت"، لەگەڵ ئیزافە کردنی تەنها شتێکی بچووکدا کە سەرلەبەری بڕگەکە دەگۆڕێت و ڕاست و دروست پێچەوانەکەی دەردەخات. من وایدەبینم کە ئێمە هەر هەموومان کۆکین لە سەر ئەوەی کەوا سەدام حاڵەتی ئێستای بەدڵە و پێی خۆش نیە بێزار بکرێت و فشاری بخرێتە سەر.

بە هەرحاڵ، بەهێزترین ئاماژە بۆ "جەنگ" کە ئەگەر قەوما ئەوە ڕێك و ڕاست لە ئەستۆی ئەمەریکایە. باشە بە چ شێوەیەکی‌تر سەرنج و تێبینیەکانی کاردینالّ سۆلانۆی وەزیری دەرەوەی ڤاتیکان لێکبدرێتەوە کەوا گەوجانە دەڵێ: "ئێمە دەمانەوێ بە ئەمەریکا بڵێین: ئەمە ڕاستە بۆ ئێوە؟ باشە ئێوە ئەمە چەندین ساڵە، چەندین دەیەیە دوژمنایەتیتان هەیە لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا؟" ئەم دڵەڕاوکێ و نیگەرانییە بۆ هەست و سۆزی موسڵمانانی سەر بە سەدام ـ لەوانەی تاقمی سەرەکییان لەلایەن ئەلقاعیدەوە پێکهاتووە و فەرمانی پێدراوەو ـ تازەیە بۆ کەنیسەی دایکی پیرۆز. پاپا خۆی چاوی بە تاریق عەزیز کەوت، کەوا چەندین ساڵە بووە بە ڕوویەکی مەسیحی ( خۆی لەڕاستیدا کلدانی کاسۆلیکە ) لە حیزبێکی بەرفراوانی سۆشیالیستی نەتەوەییدا. لە سەر ئەم یان ئەو بنەمایانە عەزیز خەڵکێکی دۆستی هەبوو لەوێ پێش ئەوەی پێگەی دژە توندوتیژییەك بۆ خۆی وەربگرێ لە سانت فرانسیس. کوڕەکەی تاریق عەزیز حاڵی حازر لەلایەن سەدام حوسێنەوە ماوەی بیست ساڵ بەندکراوە لە



بەندیخانەیەکی عێراقیدا، وەك ئاماژەیەك بۆ وەبیرهێنانەوەی دۆستی نەرم و نیانی، کە تێبگات کێ گەورە و سەرۆکێتی ( ئەگەرچی تاریق عەزیز هەمیشە ئەوەی لەبیربووە و هەر ئاواش ڕەفتاری کردووە ). لەڕاستیدا باوکی پیرۆز دەبێ داوای دانپیانانی عەزیز بکات. بەڵام ڕەنگە کاتی کارێکی پڕ سەرئێشەی ئاوهای نەبێت.

پیاو لەمە سەری دەئاوسێت کە چی تێدەچێت بۆ ڤاتیکان ئیدانەی ڕژێمەکە بکات. بەعسیزم سەرتاپای وڵاتێکی ناچار کردووە تاقە کەسێك بپەرستێ و دکتاتۆرەکەی چەندین مزگەوتی بەناوەوەیە. من شارەزای خواپەرستی نیم، بەڵام ئایا هەندێ شت تەجدیف و کوفر نیە لەم بارەیەوە لە دیدی ئیسلامییەکەوە و هەروەها لە دیدی کریستیانێکیشەوە؟ من وایدادەنێم ئەگەر سەدام لە ئەنجامی لەباربردن بهاتایەتە دنیاوە یان بەرەنجامی زیناکاری بوایە یان شێوازی ژیانی هۆمۆسێکشوالّ بوایە ئەوە جۆرێك لە سەرکۆنە و ئیدانەکردنی تووش دەبوو.( مەسەلەکە مشتومڕی ئەوە هەڵدەگرێت کە ستەمکردنی لە منداڵان لەگەڵ ڤاتیکاندا دەیخاتە ئاوی گەرمەوە. بەڵام ئێستا تەنانەت ئەو بۆچوونەش هەر بە بێهوودە دێتە بەرچاو).

بەم بۆنەیەوە سیاسەتی "ئاشتی بەهەر نرخێك"ی کەنیسە چاکبوونێکی مێژووییە. من دوانموونە لە پشتگیریی ڕۆمادا دەبینم بۆ جەنگێك کەوا داگیرکردنی ئیسپانیای جەنەراڵ فرانکۆی پیرۆز کرد، کە سەرکردایەتیی سوپایەکی کرێگرتەی موسڵمانانی دەکرد کەوا لەلایەن هیتلەر و مۆسۆلینی‌یەوە چەکدار کرابوون و مەشقیان پێکرابوو. هەموو کەس دەزانێ کەوا خاچداران دژ بە کولتووری کریستیانەکان دەستیان بەکارکرد و بەهەمان شێوەش دژ بە

موسڵمانان و جوولەکە ( بە بێ جیاوازی ). بەڵام پیاو لەوە سەرسام دەبێت چۆن تیۆریی جەنگێکی ئاوها، بەشێوەیەکی گەروە گەشە بکات لەلایەن ڕۆشنبیرانی کاسۆلیکەوە، وەك ئۆگستین و ئەکوینی، کە هەمیشە بەکارهێنانی هێزیان سەلماندووە. وەك لەم ڕۆژگارەدا باوە، پێدەچێت هەموو کەس، سەدام حوسێنی لێبەدەر، پابەند بێت بە وازهێنان و فەرامۆش کردنی توندوتیژی.

دەتوانی ئەم دژوارییە لە لاپەڕەکانی *نیویۆرك تایمزدا* ببینی، کە لەلایەن جیمی کارتەرەوە نووسراوە: قەیسەری پووچ، خانوو دروستکەر، خەڵاتی نۆبڵ بەرەوە، باپتیستی دەم زل. لە چاوپێداخشانەوەیەکی تەنها بنەماکانی جەنگدا، سەرۆکەکەی پێشوومان ڕەچاوی لەئەستۆگرتنی چەکداری دەکات بۆ جیاوازی کردن لە نێوان شەڕکەر و شەڕنەکەردا ( یان چەکدار و بێچەکدا ) و پاشانیش جەختی ئەوە دەکات کە: "بۆمبارانی خەستی فڕۆکە، بە وردەکاری لە نیشان پێکاندا، بەشێوەیەکی حەتمی( زیانی ناڕاستەوخۆی ) لێدەکەوێتەوە. جەنەراڵ تۆمی فرانکسی فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا لە کەنداوی فارسدا لەبارەی گەلێ ئامانجی سەربازییەوە دەدوێ کەوا نزیکن لە نەخۆشخانە و قوتابخانە و مزگەوت و ماڵی خەڵکەوە".

باشە لە کوێوە دەست پێبکەین؟ بە گوێرەی ئەو حاڵەتە، بارودۆخێك نیە کەوا پاساوی هێرشێکی سەربازی بدات بۆ سەر عێراق، چونکە هەندێ کەس دەکوژرێن. پاشان ئەگەر کەسێك مەسەلەی نیشتەجێی خەڵکی مەدەنیی بەلاوە گرنگ بێت لەڕووی مرۆڤایەتییەوە دەکرێ بپرسێ ئەمە چ جۆرە نیشتەجێیەکە کەوا



مەدەنیەکان کراونەتە قەڵغانی مرۆیی و چەکی ژەهر و نەخۆشی لە ژێر پەرستگەدا شاردراونەتەوە. جاری پێشوو، سەدام تەنانەت سەدان کەسی لە ڕەگەزی جۆراوجۆر لە کوەیت گرت و سەرپشکی کردن لە نێوان سزادان و فەوتان یان ڕزگاربوونی خۆیدا. ( بەڕێکەوت، سەیروسەمەرەترین هەواڵی هەفتە بڕیاری خۆبەخشەکانی"قەڵغانی مرۆیی" بوو کە لە عێراق هەڵبێن و دەربازبن. زۆربەی ئەوانە بە ئاشکرا نەیاندەوێرا ئەوەش بکەن، بەڵام هەندێکیان لەدواییدا تێگەیشتن کەوا لەڕاستیدا قەڵغانی چی بوون ).

کارتەر خۆی وا دەردەخست کە "مەسیحییەکە و سەرۆکێکە کێشە و قەیرانی نێودەوڵەتی بەجارێ پەست و نیگەرانیان کردووە". ئەگەر وردتر لە مەسەلەکە بڕوانین بۆمان دەردەکەوێت کەوا "کێ چەندین کێشە و قەیرانی نێودەوڵەتیی سەختی پەست و نیگەران کردووە". ئەوە ئیدارەکەی کارتەر بوو کە تیشکی سەوز و پاشانیش چەك و یارمەتی دا بە سەدام حوسێن کە بە ئاشکرا و یەکلایەنە پەلاماری ئێران بدات لە ساڵی ١٩٧٩ دا ( ڕاستتر ساڵی ١٩٨٠ بوو ـ و )، هێرش و پەلامارێك کە ملیۆن و نیوێك کوژراو و برینداری لێکەوتەوە و زۆربەیان مەدەنی بوون. من نایەتەوە یادم کارتەر بەوە هەرگیز "پەست و نیگەران" بووبێت. بەڕێکەوتیش، ئەو حاڵەتی ئەوکاتەی ئەمەریکای وا وەسف دەکرد کە"یەکلایەنەیەکی بەهێز و گرنگە"، ئەمەش بەشێکە لەو فێڵە شەرعییەی کەوا خودی کاردیناڵ ئێچەگەرایش شەرمەزار نەکات. فێڵی شەرعی، ئەم قسەیەی کارتەر وەك نموونەیەکی یارمەتیدەر دەهێنینەوە کە دەڵێ "هەوڵ و کۆششی ئەمەریکا بۆ گرێدانی عێراق بە هێرشە تیرۆریستەکانی ٩/١١ وە

قەناعەتبەخش نین". ئەمە پێدەچێت کەمتر ڕاست بێت لە ئاست نەخشەدانان بۆ هێرشەکانی ئەم دواییە و بەکارهێنانی وشەی لاوازی "قەناعەتبەخش". بەڵام *نیویۆرک تایمزی* هەمان ڕۆژ راپۆرتێکی لەخۆگرتبوو لەگەڵ بەڵگەی جێمتانە و قەناعەتدا لە بارەی بوونی ژمارەیەکی گەورەی کەسانی سەر بە بن لادن لە سەر خاکی عێراق. کارێکی زۆر گرانە بۆ کەسێك یان کەسانێك بێنە ناو عێراقەوە و بەهەمان شێوەش لێی دەرچن و هیچ بەرپرسێکی بەعسی ناتوانێ بڕیار لە سەر ئاوها پەناگەیەکی ئارام بدات بێ گەڕانەوە بۆ "سەرۆکی فەرماندە".

من وەك کەسێکی شێلگیری گۆڕینی ڕژێم، ناتوانم بڵێم کەوا هیچکام لەم زمان شیرینییە درۆینە و نامەنتیق و ترسنۆکیی مەعنەوییە بێتاقەت و نیگەرانم ناکات. ئەمە وای پیشان دەدات کەوا مەودایەکی قووڵ و چەسپاو لە نێوان ئاین و ئەخلاقدا هەیە. من هیوادارم سەرۆك ئەمەی لەبیربێت بۆ وتاردانی داهاتووی و ئاماژە بەوە بکات کەوا خوا تەرەفگیری ویلایەتە یەکگرتووەکان و ( دەستوورە خوانەناسەکەیەتی ). پسپۆڕە پێشەواکانی بانسروشت ( خوارق ) بە سەرۆك قەشەکانی کانتەربەری و گەلێ لە ڕابی و ئیمام و مێسۆدیستە یەکگرتووەکانی بوش خۆیشیەوە واپێدەچێت هەموو ڕازی بن لە سەر ئەوەی کە مەسەلەکە وانیە. بەهەرحاڵ وادیارە خوا بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەك بزە گرتبێتی بۆ سەدام حوسێن. ئەگەر ئێمە بمانەوێ خۆمان دڵنیا بکەین لە "هاوپەیمانیی خواست و ئیرادە"یەکی ڕاست ئەوە دەبێ ڕ ەچاوی پەیماننامەیەك بکەین لەگەڵ شەیتاندا.



## ئەنجامە ( نە ) خوازراوەکان

# پاشەڕۆژ چۆن دەبێت ئەگەر ئێمە کاری نەکەین؟

## ١٧ ی مارتی ٢٠٠٣

مەترسییەکی ڕاستەقینە هەیە بۆ سەرجەم بێنە و بەرەی عێراق لە ساتەوەختی دەستپێکردنی ئەم قەیرانەی ئێستایەوە لە پاش ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ و ڕێك لە میانەی ماوە درۆینەکەی درێژەپێدان و پاراستنی شەرعیەتەوە کەوا گەیشتووەتە ڕێگایەکی داخراو. ئەمە هەرگیز بەڕاستی ڕەزامەندیی لە سەر دەرنەبڕاوە لە نێوان لایەنە بەڕووکەش ناکۆکەکاندا، کەوا مشتومڕیانە "لە سەری" . ( هەروەها ئەمە لەکێشەی لەپێشتری کوەیتیشدا نەبووە لە ساڵی ١٩٩١دا. ڕەنگە بیرتان بێت کەوا جەیمس بێکەری وەزیری دەرەوە لەو بۆنەیەدا بە ئاشکرا هاواری کرد کەوا پاساوەکە دەکرێ لەیەك وشەدا کورت بکرێتەوە ئەویش "کارە" ). تا ئێستا کەس باسی ئەوەی نەکردووە کە ئەمە جەنگێکی کار دروستکردنە و کەسیش بێنە و بەرەی لە سەر ئەوە نەکردووە کە ئەمە جەنگێکی کار دۆڕاندن بێت ( هەرچەندە ڕەنگە بەو بارەشدا بشکێتەوە ). سەرۆك بەشی خۆی بەرپرسیارێتیی ئەمەی بەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی مەسەلەی یەکەمی دروستکردووە و پاشانیش ئەویتر. بەمجۆرە شێوازەکانی دژە جەنگ کاردەکات بۆ کۆکردنەوەو تووڕدانی زنجیرەیەك مشتومڕی وەهمی و بێبایەخ.

ئەوەی کە ڕوونە لەم مەسەلەیەدا دڵنیابوونە لەوەی کە پشتیوانانی گۆڕینی ڕژێم هێجگار کۆکن لەم ڕووەوە. بە هەموو شێوەیەك بۆم دەرکەوتووە کەوا گەلێك لە موحافزەکارانی نوێ زۆر لەمێژە دەیانەوێت لە سەدام حوسێن ڕزگار بن، تەنانەت لە پێش



١١ ی ئەیلوول و بگرە لە پێش داگیرکردنی کوەیتیشدا! کارێکی ئاسانە بە دوای ئەوراقە ڕەسمییەکان و وتارە گشتییەکاندا بگەڕێین کە تێیاندا، پۆڵ وۆڵفۆویتز، بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٨٧ەوە جەخت لە هەڕەشە و مەترسیی سەدام حوسێن دەکات و هەرگیز خۆی لانەداوە لەم گوناهبارکردنە و دەبێ چی لەوە شەڕەنگێزتر بێت؟

ئەڵبەتە کۆکیی لەگەڵ بۆچوونێکدا گەرەنتیی ڕاستی و دروستیی ئەو بۆچوونە نیە. بەڵام پێدەچێت سەرزەنشت کردنی وۆڵفۆویتز نەشازبێت لەبەر ئەوەی هەموو کات ڕاستڕەو بووە، بەڵکو لەبەر ئەو میوان پەروەری و گوستاخییە لە گەڵ جەردە و ڕێگرەکاندا لە ئەبو نیضالەوە بگرە تا جیهادی ئیسلامی و ئەلقاعیدە، کەوا سەدام حوسێن کردوویەتی بۆ سەلماندنی ئەوەی کە لە سەر هەڵەیە ( نموونەی دواییان زۆر بە ئاشکرا لەپاش ١١ ی ئەیلوولی ٢٠٠١ ەوە دیارە ). بۆیە لابرنی ئەم هەڕەشە فرەڕەهەندە لە سەر خەڵکەکەی خۆی، لە سەر دەرودراوسێکانی، لە سەر ئامانجەکانی دەرەوەی وڵاتەکەی بەدڵنیاییەوە "ئەنجامگیرییەکی ویستراوە" بۆ سیاسەتێك کە دەمێکە کاری بۆ دەکرێت و هیچ نەبێت شتێك بۆ خەڵك بکرێت.

ئەی لەبارەی ئەنجامگیرییە "نەخوازراوەکانەوە" بڵێین چی؟ بەپێی هەندێ نەریتی سەیر و نەشاز تەنها ئەوانەی بەلایانەوە پەسەندە کار بۆ چارەسەری ئەم کێشە و ململانێ درێژخایەنە بکرێت چاوەڕوانی بەرپرسیارێتی وەرگرتنی پاشەڕۆژن. بەڵام لێرەدا خۆلادان نیە لە بەرپرسیارێتی لە هەردوو سەرەوە. ( بۆ نموونە، من نامەوێ بەرپرسیاری مشتومڕ بم لە سەر درێژبوونەوەی ڕژێمێکی فاشیست ).

بەڵام چاوەڕێی کێ بین پێشبینی پاشەڕۆژ بکات؟ مەحاڵ بوونی شتێك خەڵك لە هەوڵدان ناخات. ساڵی ١٩٩١، جیمی کارتەر نامەیەکی کراوەی بۆ سەرۆکەکانی وڵاتانی عەرەب نووسی وتیایدا هانیان دەدا ڕێگریی لە بەزۆر دەرپەڕاندنی سەدام حوسێن بکەن لە کوەیت و ئامۆژگاریی کردن کەوا هێرشێکی پێچەوانە بە سەرکردایەتی ئەمەریکا دەبێتە مایەی ئاژاوە و پشێوییەکی گەورە لەسەرانسەری جیهانی ئیسلامیدا و بێشومار زەرەر و زیانی لێدەکەوێتەوە و لەوانەشە زیادبوونی کاری تیرۆریزمی لێبوەشێتەوە. وا ئێستاش کارتەر هەموو ئەمانە دووبارە دەکاتەوە و ئەمجارەش ڕاست دەکات و لەبەر هیچ هۆیەك نیە کە ناتوانێ بیسەلمێنێ.

وەك تاقیکردنەوەیەك، با سیاسەتێکی کارتەر بە نموونە بێنینەوە و وەك سەرۆك، هانی سەدام حوسێنی دا پەلاماری ئێران بدات لە ساڵی ١٩٧٩دا ( ڕاستتر ساڵی ١٩٨٠ بوو ـ و) و دڵنیای کردەوە کە ڕژێمی خومەینی بەخێرایی دەڕووخێت، کەچی ئەو جەنگە درێژخایەنە لە ئەنجامدا لانیکەم تیاچوونی ملیۆن و نیوێك کەسی لێکەوتەوە و تۆمارێکی ڕەنگە بنەما باپتیستی لە سیاسەتی دەرەوەدا دانا ( باپتیست مەزهەبێکی مەسیحییەتە و لە ئەمەریکادا بڵاوە و کارتەر سەر بەو مەزهەبەیە ـ و) کە بە سەختی ئەو دیدوبۆچوونەی کارتەری خستە بەر تاقیکردەوەیەکی تاڵ چونکە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کەوا جەنگ دوا شتە پەنای ببرێتەبەر. بەهەرحاڵ، لەو زەرەر و زیانە قورس و ترسناکانە ژمارەیەکی هێجگار زۆری "گاردی شۆڕشگێڕی" ئێرانی بوون کە بە شەپۆلی مرۆیی خۆیان بۆ جەنگ تاوەدەدا. ئەمە نەك تەنها زۆربەی خۆبەخشە دڵسۆزەکانی شیعە



ئوسووڵیەکانی لەدەست کردەوە بەڵکو ئێرانی خستە ئاستەنگی کزیی وەچە خستنەوەوە. پاشان ئایەتوڵڵاکان سیاسەتی منداڵی زۆریان جاڕدا و یارمەتیی پارە و ئیمتیازاتیان تەرخان کرد بۆ دایکان لەگەڵ دەسگرۆیی تایبەتدا بۆ ئەوانەی خێزانی گەورەیان هەیە. ئەنجامی ئەو منداڵ خستنەوەیە ئێستا چووەتە بیست ساڵییەوە و لەگەڵ هەموو نیازو مەبەستە ڕووکەشەکانیدا ئایدیای حوکمی ئاینیی ڕەتکردووەتەوە و"شەقامی ئێرانی" پتر بەلای ئەمەریکادا دایدەتاشێ. ئەی ئەوە چۆن دەبێ بۆ ئەنجامگیرییەکی بێ مەبەست یان چاوەڕوان نەکراو؟

یان با تاقیکردنەوەی بیروبۆچوونێکی تر بێنینەوە و ئەمجارەیان لە یەکێك لە ئاگادارکرنەوە خەماویەکانیەوە بێت. هەندێ خەڵکی زیرەك هەن هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کەوا یەکەم تەقاندنەوەی سەنتەری بازرگانیی نێودەوڵەتیی، لە ساڵی ١٩٩٣دا، لەڕاستیدا تۆڵەکردنەوەیەکی کوەیت بوو لەلایەن سەدام حوسێنەوە. ڕەمزی یوسف، بە شێوەیەکی گشتی وا باس دەکرێ کە "ئەقڵی بەڕێوەبەری" ئەو کارە و پیلانەکانی تر بووە و ( ناوبراو خوشکەزای خالید شێخ محەمەدی گۆشکراوی ئەلقاعیدەیە کە ئێستا دەسگیرکراوە ) پێدەچێت بە کرێگیراوێکی عێراق بووبێت و بە ناسنامەیەکی کوەیتیی ساختەی کردبێت کە لە کاتی داگیرکردنی سەدامدا بۆ ئەو وڵاتە بۆی دەرکرابێت. پیاو ناتوانێ لەمە دڵنیا بێت، بەڵام وایدانێ کە ئەمە دژەکردارێکی تیرۆریستیی لەو چەشنەی کە ئێستا هێند بەربڵاوە کەوا پێشبینی لێدەکرێت پتر لە دواڕۆژماندا کاری خۆی بکات وەك لە ڕابردوومان. تۆ بڵێی باشتر نەبوو

لێگەڕاینایە کوەیت بە دەستی سەدام حوسێنەوە بوایە و بەردەوام بوایە لە سەر بەرنامەی ئەتۆمی؟ ئەمە وادەنوێنێ کەوا گومان بورووژێنێ لای ئەوانەی ئێستا مشتومڕیانە لە سەر پشتیوانیی پێشوەخت لە سیاسەتێك تەنها ئەوە دەگەیەنێ کە دوژمنەکانمان شێلگیرتر و خراپتر بکەن. ئەگەر ئەنجامگیری و کۆکبوون ئەوەبێت کە ئەم مشتومڕە ڕەچاوی بکرێت کەواتە دەبێ هەردوو ڕێگاکە ڕەچاو بکەن. کەس ناتوانێ لەبارەی پاشەڕۆژەوە شتێك بزانێ بەڵام دەکرێ حوکمێکی بەرێوجێ بدەیت لەبارەی بەڵگەی ترسناك و ناجێگری بارودۆخی ئێستاوە. سەیرە کە چەپەکان وا بیربکەنەوە کە بارودۆخی ئێستا، هەر لەم ناوچەیەدا و لە نێو هەموو ناوچەکاندا، هێند شیاوی پارێزگاری بێت.

## دەرفەتێك بۆ ئاشتی

### ئەوانەی ڕەخنەیان لە جەنگ دەگرت ڕاست بوون ـ بەڵام نەك بەو شێوەیەی کە چاوەڕوان بوون



### ٩ ی نیسانی ٢٠٠٣

بەمجۆرە دەرکەوت کەوا هەموو درۆشمەکانی بزوتنەوەی دژە جەنگ پاش هەموو شتێك ڕاست دەرچوو، داواکاریەکانیشیان ڕەوا و لەجێی خۆیدا بوو. ئەوان دەیانگوت "نەء بۆ جەنگ لە دژی عێراق" و هیچ جەنگێك نەکرا لە دژی عێراق. لەڕاستیدا بە گشتیی کەمێك "جەنگ" هەبوو. ئەوان هاواریان دەکرد "نەء بۆ خوێن لەبری نەوت" و ئەوەتا سامانی نەوتی عێراقیش لە کات و شوێنی خۆیدا پارێزرا و لە دەستی وێرانکاری ڕزگارکرا و دڵۆپێکیشی لێنەڕژا. لەو نۆ بیرە نەوتەی هەندێك لە تاوانکاری نائومێد ملکەچی فەرمان بوون و گڕیان تێبەردان، تەنها یەکێکیان هەڵویساوە و ئەودوایان کوژێنرانەوە و سەریان قایم کرا بێ هیچ زەرەر و زیانێك. کەواتە "جەنگ ڕابگرن" بانگەواز بوو و، ڕاستێکەشی"جەنگ" ڕاگیراوە. ئەمەش تۆمارێکی هێند خراپ نیە. داواکارییەکی پێشتری دژە جەنگ کە جەختی لە سەر"ماوەی زیاتر بدەنە پشکنەران" دەکرد دیسان زۆر غەیبزانانە بوو و ئەویش لەوەدابوو بە چاکی جێبەجێ بکرێت. بەمرەنگە من خۆشحاڵم کە دەستی دۆستایەتی درێژ بکەم بۆ ناحەزەکانی جارانم و پێکەوە دەست بکەین بە پرۆسەی سارێژ بوونەوەیەکی درێژخایەن. ڕەنگە پیاو بە داواکاریەکی تریان دەست پێبکات لەمەڕ هەڵگرتنی ئابلۆوقەی ئابووری، وا ئێستا پشکنەران زۆر باشن و بەڕاستی لە وڵاتدان و پێویست بە گەمارۆی زیاتر ناکات. من سەرنجی ئەوەم دا کە کوفی ئەنان لە سەرەتای نیساندا جاڕی ئەوەی دا کەوا خەڵکی عێراق پێویستە بڕیار لە سەر حوکومەت و داهاتووی خۆیان بدەن. من

کارم بە سەر ئەوەوە نیە کەوا ئەو هەرگیز پێشتر ئەمەی نەوتووە و بەسیەتی کە ئێستا ئەوە دەڵێ.

چی تر بڵێین؟ بەڵێ دواجار شەقامی عەرەبی بە توندی تەقییەوە. بەڵام تەنها وەك بزووتنەوەی ئاشتی هاتە وەڵام و دەتوانی پەنجەیەك بنێی بە تەلەفزیۆنەکەتدا و تەماشای شەقامەکانی بەغدا و بەسرە و کەربەلا بکەیت چۆن جمەیان دێت لە خەڵکدا. هەروەها ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سەدام حوسێندا دەکێشێتەوە بۆ شەپۆلێك لە تیرۆر و کرداری خۆتەقاندنەوە و بزووتنەوەی لاوانی کراس ڕەش ( ئەندامانی ڕێکخراوە فاشیستەکان کراسی ڕەشیان لەبەر دەکرد ـ و ) کەوا بەدەم بانگەشەی سەدامەوە دەچن. پێشبینیش دەکرێ کەوا ئەوانەی بڕیاری مردنیان دابوو ئێستا مردبێتن. بە ئێمەیان دەوت ڕەنگە بەغدا ببێتە ستالینگرادێکی تر ـ ئاشکراشە بوو بە چۆن ستالینگرادێك. بەڵام ڕێك و ڕەوان لە ستالینگرادا دوای ساڵی ١٩٥٦ هەرچی پەیکەر و پۆرترێتی سەرکردە قارەمانەکان بوو شکێنران و داگیرانە خوارەوە.

ڕاستێکەی هەندێك پێشبینی تر ئەنجامی باشیان نەهێنا و سەدام حوسێن نەیتوانی هیچ ژەهرێك بگرێتە ئیسرائیل ( کە فەلەستینیەکانیشیان کوشت و بڕ دەکرد ) و حوکوومەتی ئیسرائیل ئەو هەلەی نەقۆستەوە بۆ دەرپەڕاندنی دانیشتوانی هەرێمە داگیرکراوەکان و تورکیش نەیانتوانی کوردستانی عێراق بکەنە پاشکۆی خۆیان. ئوسامە بن لادن یان بریکارێکی بە شایەتیی هەمووان بانگەشەی جیهادی کرد، هەرچەندە ئەو هەمیشە ئەوەی دەکرد. لەو ماوەیەدا جیهانی ئیسلامی و پیاوانی ئاینی پێدەچوو



بڕیاریاندابێت کە هەرگیز بڕیار نەدەن لەبارەی ئەوەوە ئایا سەدام بەڕاستی سەلاحەدینی مەزن بووە. کوردە سوننەکان و شیعەکانی نیشتەجێی گەڕەکە هەژارەکان کە لە دژی سەدام شەڕیان کرد و لێی هەڵسان، یەکەم دەرفەت کە بۆیان ڕەخسا، وایدەنوێنێ کە دواکارییان وەك داواکاریی هەر موسوڵمانێکی ترە.

بەڵام ئەمانە تەنها چاووڕاون. ئێمە دەبێ ئاهەنگی زەمینەی هاوبەشمان بگێڕین، هاوشان لەگەڵ مۆزایکی نەخشینی جیاوازیماندا. دووەم وەگەڕخستنی بە کۆمەڵ لە وەڵامی نێودەوڵەتیدا بانگەشەی بۆ دەکرێت و هاوپەیمانیی جەنگ ڕابگرن چەند ڕۆژێکی بەسەردا تێپەڕیوە و وا من تازە لە ڕۆژمێرەکەمدا بازنەم بە دەوری مێژووەکەیدا ڕاکێشاوە. ئەمجارەیان من بەڕاستی دەمەوێ لەوێ بم ئیتر کاتی بێدەنگی نیە و با دەنگمان ببیسترێ. ئەمانە هەموو بە ناوی منەوە کراوە و هەست دەکەم وەك ئەوە وام کە شایەتییەکم لەئەستۆدا بێت.

## مەرایی

## خەڵك سەدام حوسێنی پێ باشترە لە هاڵیبرتۆن

### ١٨ ی نیسانی ٢٠٠٣

لە ڕۆژانی بێهوودەی مشتومڕدا لە سەر ئەوەی هێرش بکرێتە سەر عێراق یان نە، من هاتمە سەر ئەو بڕوایەی کە دەتوانم بەشانسی

٩٩٪ ی چالاکبوون لە بە ئامانج نەکردن و بەرپانەکردنی زیانی ناڕاستەوخۆ، ساختەچییەکی ئاشکرا بدۆزمەوە. لە کۆبوونەوە یان مشتومڕدا، کەسی مەبەست خێرا و بێ ئەوەی کات بەفیڕۆ بدات جاڕی ئەوە دەدا کە بێگومان ئێمە هەموو لە بارودۆخێکی باشتردا دەبین بەبێ سەدام حوسێنی پیاوخراپ و لەم ڕووەوە ساختەچییەکە بە دەم قورگ پاککردنەوەوە بەردەوام بوو لە سەر باسی ئەوەی کە کێشەی ڕاستەقینە ( هەندێ جار تیمۆری ڕۆژهەڵاتە یان هاکا لەناوبردنی دەیان هەزار خەڵکی مەدەنیی بەغدا یان پلانی شارۆن بۆ دەرکردنی تەواوی دانیشتوانی ڕۆخی ڕۆژئاوا لە ژێر پەردەی جەنگێکی ئیمپریالیستی ئەمریکاییدا ). بێگومان هیچکام لە پێشبینیە هیستریائامێزەکان ڕاست دەرنەچوون، بەڵام من ئێستا ناتوانم بڵاوکراوەیەکی ڕاستڕەوە کۆنەپەرستەکان و چەپڕەوە دژە جەنگەکان بخوێنمەوە و چاوم بەوە نەکەوێ کەوا عێراق حاڵی حازر لە بارودۆخێکی خراپتردایە بێ سەدام حوسێن. گومانی من لەوەدایە، کەوا ئەم خەڵکە هەرگیز مەبەستیان نەبووە ئەوەی بەسەریانداهاتووە باسی بکەن و، لەم ڕووەوە بەرجەستە بووە. باشە چۆن بتوانین بڵێین عێراق ئەمڕۆ خراپترە؟ لەبەر ئەوەی کۆنتراکتەکانی ئاوەدانکردنەوەی بەخشراونەتە کۆمپانیا ئەمەریکاییەکان. باشە دەکرێ ئەوە ڕاست بێت؟ بەواتایەکی تر لە سێ ئەڵتەرناتیڤی گونجاو و پراکتیکدا ( کەوا کۆنتراکتەکان دەدرێنە سەرمایەدارە ئەمەریکاییەکان یان هەندێ سەرمایەداری نەناسراوی غەیرە ئەمەریکایی یان ئەوەیە بەرهەمە نەوتیەکانی عێراق چۆن بوون وا بمێننەوە ) و ڕادیکاڵەکان واپێدەچێت سێیەمیان پێ باشتر بێت.



ئەم دیدە، کە بایەخێکی بەربڵاو و سەلمێنراو دەردەبڕێ، بەرەوڕووی هەندێ تاقیکردنەوە دەبێتەوە. با یەکەمجار حاڵەتی ئێستامان لەبیر نەچێت کە پێشتر ئەم دۆخەی ڕەخساندووە. پیشەسازیی نەوتی عێراق تا مارتی ٢٠٠٣ مڵکی حیزبی بەعس بوو، داهاتەکەی بە نهێنی بەش بەش دەکرا بەڵام هەموو تەرخان بوو بۆ بەردەوامی پێدانی ڕژێمێکی میلیتار و دکتاتۆری. تەواوی پیشەسازیی نەوت تێکچووە و داپەپیوە لە ئەنجامی سزاکانی UN دا. بەرنامەی "نەوت بە خۆراك" بە بارێکی هێجگار ساختە و بێشەرمانەدا بەکاردەهێنرا لەلایەن دارودەستەی ڕژێمی سەدامەوە، کەوا بازرگانیی نایاساییان دەکرد بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆیان، لەهەمان کاتیشدا خەڵکیان پشتگوێ خستبوو بۆ ئەوەی بەدەردی برسێتییەوە بناڵێنن، ( بەم بۆنەیەوە، ئێستا دەکرێ ئەو سزایانە بەشێوەیەکی گونجاو هەڵبگیرێن. با ئەوەشمان لەیادبێت کە ئەو بارە قورسە لەلایەن دەمڕاستانی دژە جەنگەوە بەرهەڵستی دەکراو بێ هیچ مەرجێك بەگژیدا دەچوونەوە، هەرچەندە ئەو سزایانە لەلایەن زۆرینەی دەسڕۆیانی ناو UNەوە سەپێنرابوون ). لەو ماوەیەشدا، کۆنتراکتێکی هێجگار زۆر بەخشرابووە کۆمپانیا ڕووسی و فەرەنسیەکان لە سەر بناغەیەکی ڕوونی لایەنگیریی سیاسی. ئەو کاتانەش کە دەسەڵاتدارە بەعسیەکان هەستیان بەخۆیان کرد کەوا سەلامەت دەرناچن هەڕەشەی گرتێبەردانی بیرە نەوتەکانیان کرد، یان وەك لە دوادوایی مارتدا ڕوویدا بەکردەوە گریان تێبەردان.

ئێستا کۆپییەکی *عەرەب تایمز* *Arab Times* لەبەردەستدایە کە لە شاری کوەیت دەردەچێت و لە کاتی سەفەرە

تازەکەمدا بۆ ناوچەکە بڵاوکراوەتەوە. ڕۆژنامەکە باسێکی واقیعی بارودۆخی بیرە نەوتەکانی ڕومێلە دەکات لە ٢٣ ی مارتی ٢٠٠٣ دا و دەڵێ نزیکەی دە بیر لەو ڕۆژەدا گڕی تێبەردرا و ئەمە زۆر لەوە کەمتر بوو مەترسی لێدەکرا و چاوەڕوانی بووین. ( ژمارەیەکی زۆر بۆمب و تەقەمەنی لە سەر بیرەکان دانرابوون، بەڵام یان کارمەندە عێراقیەکان فەرمانیان جێبەجێ نەکرد، یاخود ئەو فەرمانە هەر لەبنەڕەتدا نەهاتبوو یان بیرەکان لەلایەن هێزە تایبەتەکانی بەریتانیا و ئەمەریکاوە زۆر خێراتر لەوەی پلانی تێکدان و وێرانکردنیان جێبەجێ بکرێت کۆنترۆڵ کران ). بەهەرحاڵ، بیرێکی سووتاو مەسەلەیەکی زۆر دزێو و خراپە و هەڵدانەوەی سەرقاپی بیرێکیش، بۆ ئەوەی هەموو نەوتەکەی بڕوات، لەوە دزێوترە. بارودۆخەکە لەلایەن بووت و کووتەوە Boots and Coots گیرایە دەست، کە کۆمپانیایەکی ئاگرکوژێنەوەیە و ناوێکی ئەمەریکاییانەی گاڵتەئامێزی هەیە و بنکەکەی لە شاری هۆستنی ویلایەتی تەکساسە. ئەم بووت و کووتە لە کوردستان و کوەیتیش کاری کردووە، پاش گڕتێبەردانە سامناکەکەی بیرە نەوتەکان لە ساڵی ١٩٩١ داو، بەڵێندەری سانەویی کێلۆگ و براون و ڕووت Kellogg, Brown and Roots ە ( کە ناوێکی ترە ڕەنگە، هارۆڵد پینت دایهێنابێت بۆ کۆمپانیایەکی نەوتی ئەمەریکایی ) و بە ڕۆڵی خۆی ئەمیش لقێکە لە هالیبرتۆن. هالیبرتۆنیش کە پتر لە بووت و کووت ئاوازێکی بەریتانیانەی هەیە، سەروەختێك دیك چینیی جێگری سەرۆك



بەڕێوەی دەبرد. بەمجۆرە لاپەڕە داراییەکانی ڕۆژنامە کوەیتیەکە لەناوجەرگەی شەڕوشۆڕەوە ڕاپۆرتی خۆی دەدا.

چاکە، ئەگەر ئەوە مۆتیڤی راستەقینەی جەنگ دەرنەخات، کەواتە دڵنیام کە من نازانم چی کراوە. بێجگە لەوە بیروبۆچوونی ئەوساتەوەختە بەسەر بۆ ڕێگەپێدانی هەندێ پەرچەکرداری زیادە. جگە لەوەش هێزەکانی دژە جەنگ بڕوایان وایە کە ئاگرەکانی سەدام دەبێ هەموو شوێن بگرنەوەو لە کۆنترۆڵ بەدەربن و ئەوانە بەشێوەیەکی تەمومژ دەبێ گریمانەی ئایدیایەکیان هەبێ لەسەر ئەوەی کامە دەزگا کۆنتراکت بەدەستبێنێ لەجیاتی بووت و کووت. من پێموایە دەبێ دڵنیابین لەوەی کەوا نابێت کۆنتراکت بدرێتە ناوی وەهمی، لەوانەی لەلایەن نائومی کلەین یان هاوپەیمانیی سیاتڵەوە Seattle anti- Starbucks دیاری دەکرێن، بە هیوای تەنها فووکردن لە گڕ و بڵێسە، یان بە کوژاندنەوە و خامۆش کردنیان لە سەر مانترا و ڕێ و ڕەسمی بوودایی. ژمارەی ئەو کۆمپانیا جیهانیانەی توانای دابینکردنی ئاوها شارەزاییەکیان هەبێت زۆر سنووردارن. یەکەمی ئەوانە ئەمەریکاییە و ساڵانێکە لە لایەن ڕێد ئەدێر و دەقە سینەماییەکانی ژێر ڕکێفییەوە بەکاربراوە و( لە لایەن جۆن وەین خۆیەوە بەرهەمهاتووە ) بە ناوی جەنگاوەرانی دۆزەخ *Hellfighters*. موزایەدەچی بەهێزی دووەم بەپێی نووسراوێکی تازە لە ***تایمز*** *Times* ی لەندەنیدا فەرەنساییەکانن. بەڵام ئایا ئەمەش خوێن بە نەوت نیە بۆ بەخشینی کۆنتراکت بەو ئاقارەدا؟ بەهەرحاڵ، ئایا فەرنساییەکان بەشێوەیەکی ئاسایی

قازانجیان لە عێراقدا نەخستووەتە سەرووی مافی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤەوە؟ بۆ تەئکید کردنی حاڵەتەکەش، ئێستاش هەروانین؟

گوناهبارکردنی سەرەکی دژ بە چینی و لەڕاستیدا ڕامسفیلدیش، بەڕەهایی ئەوەیە کە ئەوان نەیانویستووە زۆر ناحەزی سەدام بن، بەڵکو ویستوویانە دۆستی گیانی بە گیانی ئەو بن. کۆنتراکتەکان تەماحی گەورەیان تێدایە و ئەوانیش هەر بناغەیان نەوت بوو، وانیە؟ باشە سعوودیەکان بۆچی هێند نەیاری گۆڕینی ڕژێمن لە عێراقدا ئەگەر لۆبیی ئەفسانەیی نەوت هێند بۆی پەرۆشە؟ باشە ئەوە نیە نەوت هەمیشە کاریگەرە لە سەر هەڵوێستی هەموو کەس سەبارەت بە عێراق؟ من یەکەم کەس دەبم کە ڕازی بم بەو شەفافیەتەی بەڕێوەبەرێتی و تەرخانکردنی داهاتی نەوت یەکەم بایەخیان بدرێتێ. بۆ نموونە، پارەیەکی هێجگار قەبە لە پرۆگرامی نەوت بە خۆراکدا کەوا UN سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی دەکرد، بەکاربراوە. بڕێکی هێجگار زۆری ئەم پارەیە بە زیادە ماوەتەوە و تا ئێستا خەرج نەکراوە و بە شێوەیەکی بیروکراتیانەی ئاڵۆز سپێردراوە بە هەندێ شوێن. بۆ نموونە، خەڵکی کورد هەر چاوەڕێن بزانن چەندیان لەو پارە کاشەی خۆیان بۆ بەرەڵا دەکرێت بۆ بنیاتنانەوەی نیشتمانە کاولکراوەکەیان. بە تەنهاسەنەد و کۆمپیاڵە بەس نین و هەموو ئەوەی کە ئێمە دەیزانین ئەوەیە کەوا گەلێ لە کاربەدەستانی UN بەرەزامەندییەوە لە سەر تەحویل دانیشتوونو پارە و پوولێکی زۆر بە دزییەوە لە بانکێکی فەرەنسیدا دانراوە. لێرەدا هۆکارێکی باش هەیە لەبەر کاری مرۆڤدۆستی هەڵوێستی لێ وەربگرن ئەگەر



بیانەوێ هەندێ کار بکەن لە جیاتی هاتو هاوار بە چەند درۆشمێکی ئاسان و حازر بەدەست.

ئەگەر ئێوە قەناعەتتان بە چەمکی ماتیریالیزمی مێژوویی هەیە و وەك ( بابڵێین ) من، ئەوە دەبێ لە دیالکتیك بکۆڵنەوە خۆ لە دووبارەکردنەوە جوینەوە بپارێزن. تیۆرییەك کە لەڕواڵەتدا بخوازێت هەموو شتێك لێکبداتەوە تەنها بۆ ئەوە باشە کە هیچ شتێکی پێ لێکنەدرێتەوە. لە گواتیمالای ساڵی ١٩٥٤ و لە ئێرانی هەر نزیکەی ئەو دەمەدا و دواتر لە شیلیی ساڵی ١٩٧٣دا ڕاستە کە کۆمپانیای یەکگرتووی میوە United Fruit Company و کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ ـ ئێرانی و پێپسی و ITT هەر هەموو کاریگەریی زۆریان هەبوو لە سەر گۆڕینی ڕژێم. هەندێ جار سیاسەت لەڕاستیدا وەك دە ستنووسێکی شانۆگەریی بێرتۆڵد برێخت وایە کە پیاوە قەڵەوەکە بە شەبقەیەکی قووچەوە پسووڵەی خۆی دەدا و هەموو داوەکان ڕادەکێشێ. بەڵام لە عێراق ئەم سیناریۆ پێشنیار کراوە تەنها منداڵان بڕوایان پێیەتی و ئەمەش تیۆریی بەبەی نەوتە. ئەوە لەبەر خاتری نەوتە بەڕاستیو لەبەر ڕووی گرژ و ترشاوی سعوودییەکانە کەوا سەدام حوسێن لە ساڵانی ١٩٨٠کاندا وەك کەسێکی پەسەند لەلایەن واشنتۆنەوە هێڵرایەوە و نەشیانهێشت ساڵی ١٩٩١ بڕووخێت. هەروەها لەبەر خاتری نەوت بوو کە ئەو بڕیارە مەترسیدارە دەرچوو بۆ ڕاگرتنی پێکەوە ژیانی ئەو دوو خراپەکارە. بەڵام لانیکەم ئێستا خەڵکی عێراق دەرفەتێکی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە سەرەکییەکەی خۆیانیان هەیە و کاری ئێمە دەبێ کەوا کاروباری دارایی و داهات بەشێوەیەکی بەرچاوڕوون دابین بکەین لەجیاتی ئەوەی تەڵخ و نادیار

بێت. ئەمە ناکرێ بەجێبهێڵرێت بۆ ئەو دەزگا نەوتیانەی تا ئێستا ئەو شوێنەیان بەڕێوەبردووە و بگرە ناشبێ هەوڵی بۆ بدرێ ئەگەر گوێمان لە ئاشتیخوازان گرت، ئەوانەی ئێستا زیاد لە هەر کاتێکی تر ناووناتۆرەم لێدەنێن و بە مەرایی کردن ناوزەدم دەکەن.

* * *

## پەراوێز :

لە سەرەتای نیساندا خۆم گەیاندە جێری بروانی پارێزگاری ئۆکلاند، کە ئەو ڕۆژە فەرمانی دابووە دەزگای پۆلیس لە ئامادەباشیدابن. خۆپشاندەرانی "دژە جەنگ" لە هەوڵی ئەوەدا بوون بەندەری ئۆکلاند دابخەن و بیخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە لەبەر ئەوەی کەوا کۆمپانیایەکی ناوخۆیی کۆنتراکتێکی ئیمزا کردووە بۆ یارمەتیدانی کردنەوەی بەندەری ئوم قەسری عێراق. بەمجۆرە ئاشتی تەڵەبان دەیانویست، لە ساتەوەختێکی ناسك و ئەخلاقیدا لەپێناوی خەڵکی تردا نەك خۆیان، تاقە ڕێگەی گەیاندنی یارمەتیی مرۆڤدۆستانە بۆ عێراق دابخەن .. بەڕاستی کارێکی چاکە.

دوا وتە

**لە پاش ڕووخان....**





بۆچی لە شێنەییدا خەڵکی لەوە دەدوێن کەوا لەپاش ڕووداو ژیری و بیرمەندیی ئاسانە؟ کەم کار هەیە هێندەی ئەمە زەحمەت و پڕ داوابێت ( بە پێچەوانەوە کاری مێژوونووس ئاسانە ویەك مەودایە ). بەهەرحاڵ، کاتێ دەتەوێ خۆ بپارێزی لە کلێشەی دڵنەوایی زەرەر و زیانی کۆنترۆڵی ئەمەریکایی سەبارەت بە " گەیشتن لە سروشتی ڕووداو پاش بەرپابوونی"، ڕەنگە هێشتا هەر هەوڵی هاوتاییەکی سیاسی و ئەخلاقی بدەیت. سەر لە بەیانیی ٩ ی نیسانی ٢٠٠٣، شەقامەکانی دێربۆرن و مەشیگان جمەیان دەهات. ئاپۆرەی پەنابەرە ئەمەریکاییە عێراقیەکان ئەرز و ئاسمانیان لێکنابوو، هۆرنیان لێدەداو بە دەم هات و هاوارەوە منەتبارییان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا دەردەبڕی و دەموچاوی وێنەکانی سەدام حوسێنیان دەشێواند. ئەم کارەیان جۆرێك بوو لە ڕەنگدانەوەی ئەو بارەی لە بەغدادا بوو، بەتایبەتی لە گۆڕەپانی فیردەوسی ناوجەرگەی پایتەختدا، کە ئاپۆرەی خەڵکەکە سەربازێکی ئەمەریکاییان کردە هاوکاری خۆیان بۆ ڕاکێشانە خوارەوەی پەیکەرە زەبەلاحەکەی سەدام حوسێن و پاشانیش بە کێشکردنی کەللە سەرەکەی بەجادەکاندا و داگرتنەوە بە تف و شەق. ئەمە بە دەوری خۆی کێبەرکێی کارێکی لەو جۆرەی بەریتانی بوو لە بەسرەدا، کاتێ یەکێك لەو هەزاران پەیکەرە دزێو و سەپێنراوەی سەدام حوسێن لە لایەن گاردە ئێرلەندییەکانەوە لە سەر سەکۆکەی هەڵکەنرا و بە سەر شەقامەکاندا ڕاکێشرا. لە هەندێ ڕووەوە کەش و هەوای دیمەنەکەی بەغدا حاڵەتێکی لەیەکچوو و لەوجۆرەی دەهێنایەوە یاد، ئەویش ڕووخانی

دیواری بەرلین بوو. بەڵام لەڕووی بەراوردی ئەوروپاییەوە بەتەواوی شڕوهووڕکردنی وێنەیەکی هێجگار گەورەی دیواربەندی جۆزێف ستالین بوو لە سەنتەری شاری بوداپێستدا پایزی ١٩٦٥. تەنها پووتە ئاسنینە قەبەکەی بە قێز و بێزەوە مایەوە. ( وێنەیەکی ئەم پارچانە جارێك بەرگی کتێبە مارکسییەکەی سۆشیالیزمی نێودەوڵەتیی ڕازاندبووەوە، کەوا کتێبێکە کاتی خۆی لە بواری نووسینی ئەدەبیدا خزمەتیی کردووەم. بەڵام پێش ئەوە بوو کە چەپڕەوە ڕۆژئاواییەکان ببنە هێزێکی بارودۆخی ئێستا کە ڕێلەتیڤیست و بیلایەنن لە ئاست دیکتاتۆرێتی تۆتالیتاردا ).

لە هەندێ ڕوخساردا، جاکە شۆڕشگێڕەکەی بەغدا لە وێنەدا تەواو بوو( لێرەدا ئاماژەیە بۆ شۆڕشی جاکیی فەرەنسا، کە شۆڕشێکی جووتیارانەی ساڵی ١٣٥٨ بوو لەو وڵاتەدا ـ وەرگێر ). شاخە بەردینی پەیکەرەکانی سەدام ( لێرەدا لێکچووندنێکی گاڵتەئامێزە بۆ شاخە بەردین Stone Mountains ی شاری ئەتڵەنتای ویلایەتە یەکگرتووەکان کە بۆ جەنەراڵ ڕۆبەرت لی دروستکراوە ـ و)، دەرکەوت خشتی هەڵچنراوی بە پەلە دروستکراوەو بە ساختە ڕووکەش کراوە و بە ئاسانی داڕمان و بوون بە گەرد و خۆڵ. عەریفێکی مارینز لە هەلێکدا ئاڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی خستە سەر ڕوومەتی دکتاتۆری ڕووخاو. ئەوانە هەموو لە دێربۆرن و مەشیگان بە جوانی ڕۆیشت بەڵام لە بەغدا هەمووی پیشان نەدا لە ڕاپۆرتەکەی ئەو ساتەوەختەیدا. بەڵام عەریف ئێدوارد چین، کە دیسپلین و پرۆتۆکۆلی خستە لاوە بۆ نمایشکردنی ئەو سیناریۆ نەنووسراوە، خۆی لە خۆیدا چیرۆکێکی باشە. ئەم عەریفە بە ڕەگەز



چینی‌یە و لە ڕیزی مارینزدا بە خۆبەخشی خزمەت دەکات و باوك و دایکی لە دەست دکتاتۆرێتی ترسناکی بورما کە ئێستا میانمارە ـ هەڵاتوون و ژیانێکی نوێیان لە برووکلیندا دەست پێکردووەتەوە. ئەو ئاڵایەی کە خستیە سەر ئەو شوێنە لە ١١ ی سێپتمبەری ٢٠٠١ دا بە سەر پێنتاگۆنەوە دەشەکایەوە، کاتێ کە فڕۆکەیەکی ڕفێنراوی پڕ لە خەڵکی مەدەنی خۆی کێشا بە بەشێکی بیناکەدا و بە سەرنشینەکانیەوە وردوخاش بوو. دەرکەوتووە کە ڕەنگە سی هەزار کەس لە پیاوان و ژنانی جەنگاوەری ئەمەریکایی لە ناوچەی کەنداودا هەڵگری تەنها "گرین کارت green card"ن، کەوا وەك عەریف چین، ئەوراقی بە هاوڵاتی بوونیان بۆ نەگەڕاوەتەوە. گەلێك لەمانە ناوەکانیان چەشنی گوێتەڕێزە و لە شارانی وەك لۆس ئەنجلسەوە هاتوون و ئەگەر لە جەنگدا کوژران ئەوە مافی تەواوی هاوڵاتیبوونیان بۆ دێتەوە. هەندێکی تر کە لە یەکە و فەوجی تردا بوون بە سەرباز و ناوی وەك عەبدوڵایان هەیە خۆیان بەخشیوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان، عێراق، وەك سەرباز و وەرگێڕ. ئەمانە بەم دواییە لە ئۆردووگای تایبەتدا لە هەنگاریا مەشقیان کردووە.

هەڵچوونی هەست و سۆز لە کاتی ڕزگاربووندا ئاشکراترین ئیشارەتە کەوا چ ساتەوەختێکی رزگاربوونە لە وەهم و نائومێدی. تێکشکانی نامۆ و سەرسامکەری پەیکەری ستالین لە بوداپێست کوشتارێکی دڕندانەی بە دوا داهاتو بۆ پۆلیسی نهێنی، بە گومان بوایە یان بە ڕاستی. لە هەندێ گەڕەکی شاریشدا بووژانەوەی گیانی دژە سامی بوو بە هۆی لەناوبردنی گەلێ لەو جوولەکانەی لە پلەوپایەی بەرزی کۆمۆنیستدا بوون. ئەمە لە گەورەیی شۆڕشی

هەنگاریای کەم نەکردەوە بەڵام تاڕادەیەك ناوبانگی شێواند. کەوتنی باستیل خۆی لە خۆیدا ڕێخۆشکەر بوو بۆ حوکمی هەرچیوپەرچی و خراپەکار. لە بەغدا و بەسرە و کەرکووکدا کوشتنی تۆڵەکردنەوە زۆر کەمتر بوو لەوەی کە من هەندێ جار مەترسیم لێدەکرد. بەڵام دواتر و لە قووڵترین ساتەکانی ئیدراکمدا هیچ کاتێ چاوەڕوانی ئەو کوشتنە پڕ هیستیریایەی ئیمام خووئیم نەدەکرد، کە شیعەیەکی نیشتیمانپەروەری گەورە و نەیار بوو لە ئاوارەییدا، ڕێك لە دەرەوەی ئەو مەزارە پیرۆزەی بە دڵسۆزییەوە بۆی گەڕابۆوە. هەروەها پیاو شانازی بە وردەکاریی ڕووکەشانە دەکات کەوا بۆردمان جێگا فەرهەنگیو ڕۆشنبیرییەکانی بەغدای پاراستووە. ( زۆربەی پەیامنێرانی چووبوونە ناو ئەو شارەوە سەرسام بوون لەو زیان پێنەگەیاندنە )، کاتێ کەوا کەس بیری لەوە نەکردبۆوە پاسەوانێك دابنێ لە سەر مۆزەخانەی نیشتمانی، کتێبخانەی نیشتمانی و ئەرشیفە ئیسلامیەکان.

با بابەتێکت لە کتێبی "لۆرانسی عەرەبستان"ی دێڤید لین بۆ بگوێزمەوە و با دیمەنی دەستدرێژی و زۆرگێی لێببوێرین کە هەرزانترین جۆری شۆخی و نەریتی ڕۆژهەڵاتییە. ( "تۆ ڕێك فلۆرەنسی عەرەبستانی"، وەك جارێکیان بڵاوکەرەوەیەکی گاڵتەجاڕ بۆ پیتەر ئۆتووڵ ی نووسیوە ). ئەوەش ڕەنگە وامان لێبکات کەوا گەشتێکی سەخت و لەسەرەخۆی جەنگاوەرانی سەربەستی هەڵبژێرین لە نێو بیاباندا، بۆمبارانی بێبەزەییانەی خێوەتەکانی عەرەب لەلایەن هێزی ئاسمانیی عوسمانییەوە، تێکدانی هێڵی شەمەندەفەری حیجاز لەلایەن گەریلا جەنگاوەرەکانەوە، کوشتو



کوشتاری دوژمنی پاشەکشە کردوو هەروا بۆ کەیف و خۆشی لەلایەن خۆبەخشە دڵگەرمەکانی لۆرانسەوەو هەروەها ئەو لم و زەوییە فشەڵانەی داودی"دۆستە" گەنجەکەی تێدا نوقم دەبوو. بۆ من ترۆپکی فیلمەکە هەمیشە پێچەوانە بوو. با قودس و دیمەشق ببێنینە ئاراوە، هێزەکانی عەرەب دەست دەکەنە شەڕوشۆڕ و خۆڕاتەکاندن و بە بێزارییەکەوە تەماشای هاوپەیمان و پشتیوانە ڕۆژئاواییەکانیان دەکەن. پشێویی، خێڵەکێتی و خۆپەرستی سەرتاپا پرۆژە گەورەکەی داپۆشیوە. لە فلیمەکەدا ئەللێنبی، جەنەراڵی بەریتانی، بە گاڵتەجاڕییەکەوە تەنها تەماشا دەکات وەك ئەوەی شۆڕشو یاخیبوونەکە تووشی شەکەتی بووبێت. دیمەنێکیش هەیە کە بە ڕوونی و لەسەرخۆ کاتێکی تەواو دەداتە خەڵکی ناوخۆ بۆ تاڵان و بڕۆ بۆ تێکشکاندنی داروباریان، پاشان عەرەبەکان شار بەجێدێڵن و لە نێو تەپۆڵکەی لمدا بزر دەبن و لە مێژوو دەردەچن. پیاو دەبێ چاوەڕوانی چیتر بێت؟ لە حوزێرانی ١٩٧٦ دا ماوەیەك لە مۆزەخانەی نیشتمانیی عێراقدا بووم لە بەغدا، بۆ ئەنجامدانی هەندێ لێکۆڵینەوەی ئارەزوومەندانە لە سەر ئەفسانەی گەلگامێش بۆ برادەرێکم کە بەنیازبوو ئۆپرایەك لە سەر ئەو بابەتە بنووسێت. ڕێبەرەکەم پیاوێکی سەنگین و ئاغر بوو بە ناوی مازن الزهاوی و، "بیرمەندێکی" پرۆفێشناڵی ڕژێم بوو ( جارێکیان بردمی بۆ بینینی ئەبو نیضاڵی پیاوکوژ و تێکدەری بەدناو، کە وەك میوانێکی پایەبەرزی حیزبی بەعس لەوێ ژیانی دەگوزەراند )، ڕاستە وابوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوڕێیەکی ناسك بوو. ئەم پیاوە ڕەگێکی کورد بوو و زۆر خۆش مەشرەب بوو، لە خانوویەکی گەورە و جواندا دەژیا نزیك

ڕووباری دیجلە، کە پێشتر سەفارەتی ئەڵمانیای نازی بووە و جارێکیان بانگهێشتی کردم بۆ نیوەڕۆخوانێك لەگەڵ دۆستێکی بڵاوکەرەوەیدا لە نێو خانوویەکی سەر بەلەمدا. پاشان مازنی ئازیز بوو بە وەرگێڕی سەدام حوسێن، لەبەر ئینگلیزییە ڕەوانەکەی و، نەمزانی تا چەند مایەوە. ( دواتر هەواڵم زانی کە زۆر نەمایەوە و کابرا وای بەخەیاڵدا هات لەژێر ئەشکەنجەدا بیکوژێت و پاشانیش ئابڕوویان برد بەوەی کە نێربازبووە ).

من  زۆر بۆ مەرگی ئەو پیاوە و گەلێ دۆستی تری ئازا و ڕۆح سووکی کورد و عێراقی بەداخەوەم. بەڵام وایبۆدەچم ئەو مردنەی پێ باشتر دەبوو لەم تالآن و کاولکاری و پێشێلکردنەی ئێستای مۆزەخانەکە و کتێبخانەی نیشتمانی. باشە کفرە هێندەی بایەخدان بە خەڵك و بە ژیانی خەڵك بایەخ بە کاری دەسکردی مرۆڤ بدەین؟ باشە بەرگری لە چی بکەین کاتێ کە باسی شارستانیەت دەکەین؟

ڕەنگە ئەمە وەك بەشێکی بچووك و بگرە وەك شتێکی پووچیش بێتە بەرچاو، بەڵام بەشێکی بە نرخی کاتی خۆمم لە مانگەکانی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ دا تەرخانکرد بۆ گفتوگۆکردن لە سەر تەنها یەك خاڵ لەگەڵ خەڵکدا لە واشنتۆن. تکایە لەبارەی عێراق یان لەناو عێراقدا چی دەکەن کۆد یان ناوی جفرەی"بیابان"ی مەدەنێ، چونکە هەموو شتێ هەڵەیە لەگەڵ ئەو ناولێنان و ناو دیاریکردنەدا. ئێرە خاکی تەپۆڵکە لم و حوشتر نیە، وەك"گەردەلوولی بیابان" ی بوشی گەورە و "ڕێویی بیابان" ی کلینتن لە بەرزەوە تێیاندەڕوانی. ئەمە کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆز و گەشەکردووە. ئەمە شوێنی بابل و ئوور و منداڵدانی دروستبوونی ئەفسانەکانی شارستانیەتە.



( گلگامێش باسی دروستکردنی کەشتییەك بۆ ڕزگاربوون لە لافاوێکی چاوەڕوانکراو). هەندێ لە شوێنە هەرە بەراییەکانی مەسیحییەت لێرەدان و تا ساڵی ١٩٤٨یش ژمارەی جوولەکەکانی بەغدا زیاتربوون لە قودس. هەروەها ژێربێژیی میللیمان لە برایان گریمەوە نەهاتووە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سندباد و شەهرەزاد و هاروونە ڕەشید. یەك لە پرشنگدارترینی ئەم چیرۆکە دێرینانە، کە لەلایەن سۆمەرسێت مۆم و خەڵکی ترەوە داڕێژراوەتەوە لەبارەی بازرگانێکی میزۆپۆتامیاوەیە کەوا بەیانیان دابەزیوەتە بازاڕ و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە کاتێ تارمایی مەرگی بینیوە بڵمە بڵمی بووە و لە مەیدانەکەدا ئیشارەتی بۆ کردووە، ئەمیش ڕایکردووە بۆ ماڵ و خێرا ئەسپە خۆشبەزەکەی زین کردووە و قیژاندوویەتی بەسەر گەورەی خزمەتکارەکانیدا "وا من هەڵدێم بۆ سامەڕا و لەوێ مەرگ ناتوانێ بمدۆزێتەوە" خزمەتکاریش، پاش ئەوەی ئاغای پەشۆکاوی تێیتەقاند، چووە هەمان بازاڕ بۆ شتومەك کڕین و ئەمیش تەماشای کرد تارمایی مەرگ پەنجەیەکی ڕەق و تەقی بۆ ڕادەکێشێ و دەڵێ "من نەمویست ئاغاکەت بترسێنم، بەڵکو تەنها ویستم بیری بێنمەوە کەوا ئەم ئێوارەیە لە سامەڕا بەیەك دەگەینەوە".

مانگی مارت، کاتێ کە لە ڕێگای کوەیتەوە بەرەو باشووری عێراق خۆم بەکێش دەکرد، بەچەند ڕۆژێکی کەم دوای ئەوەی سوپایەکی زەبەلاحی زرێپۆشی ئینگلیزی ـ ئەمەریکی ـ ئوستراڵی ـ پۆڵەندی پێشڕەوی کرد و بەهەمان ئەو ڕێگەیەدا ڕۆیشت، هەستێکی لەو جۆرەی بازرگانەکە دایگرتم بۆ ڕاگرتنی پێشهاتێکی دوانەخراو. من چاودێریی نزیکبوونەوەی ساتەوەختەکانی جەنگێکم دەکرد کە لە

٢ ی ئابی ١٩٩٠ دا دەستی پێکرد و هێزە چەکدارەکانی سەدام حوسێن لەوبەری سنووری کوەیتەوە تێکشکان و داریان بەسەر بەردیانەوە نەما. بە گریمانە شەڕوپێکدادان لە ٢٧ ی شوباتی ١٩٩١ کۆتایی پێهات، بەگەڕانەوەی رەسمیی سەربەخۆیی بۆ کوەیت و دووکەڵێ بۆ زیاد لە دوانزە ساڵ خایاندی، وەك ئاگرێك بەربووبێتە قووڵیی کانێکی کۆن و ئێستا ئەنجامەکەی دەرکەوێت. من گەشتی ئەو ڕۆژەم، کە لەلایەن مانگی سووری ئیسلامییەوە ڕێکخرابوو، بە چاکی ئەنجامداو کەرەستە و پێداویستیم گەیاندە خەڵکی سەفوان. ئەمە شارچەیەکە لەناو عێراقدا، کە دەکرێ بڵێین ئیمتیازی ئەوەی پێڕا یەکەم سەنتەری دانیشتوان بێت کەوا لە کۆنترۆڵی سەدام دەرباز بوو. ئێرە دەکەوێتە سەر ئەو ڕێگایەی بۆ ئوم قەسر دەچێت، ئەو بەندەرەی کە "هاوپەیمانان" لێی بەنیازبوون بە دۆخێکی سیحریی بە ڕووی پانوپۆڕیی دەریا و دابارینی یارمەتی مرۆڤدۆستانەدا بیکەنەوە. دۆلفین لە نێو ئاوە شینەکانی ئوم قەسردا وەرزشیان دەکرد و بە کەیفیخۆشییەوە بەسەرباز گیرابوون بۆ مین دۆزینەوە. بەڵام لە سەفواندا دیمەنەکە پڕ لە نائومێدی و کارەسات بوو. هەر کە کاروانی فریاکەوتنەکەمان گەیشت، بە وێنەی دروشمەکانەوە بەملاوبەولای ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرەکانەوە من خێرا تێگەیشتم کەوا گەوجییە چاوەڕێی بەخێرهێنان و گوڵباران بکەین.

جارێ یەکەم، ئەو دەشتە برژاوەی دەوروپشتی شارۆچکەکە ڕووتەن دەهاتە بەرچاو و پێدەچوو هەر خەڵکیشی تیا نەبێت. پاشان کۆمەڵێك منداڵ پەیدابوون و دەستیان ڕادەوەشاند و ڕایاندەکرد. فرەی نەبرد، واهاتە بەرچاو وەك ئەوەی خەڵکەکە بەشێوەیەکی



سیحری لە نێو تەپۆڵکە و شیوەکانەوە دەرکەون و لە چەند ساتێکدا ژمارەیەکی زۆری خەڵك چواردەوری کاروانەکەیان گرت و هات و هاواریان دنیای گرتبوو و هێند نزیکبوونەوە ڕێگەیان نەدەدا دەرگای پشتەوەی بارهەڵگرەکان بکرێنەوە. لە پاش شەڕێکی پیس کە دەست و قاچی هەندێکی تێدا شکا فریاگوزارە کوەیتییەکان دەستیان کردە کارتۆن هەڵدان بە سەر ئاپۆڕەی ڕەشەخەڵکەکەدا وەك چۆن ڕەفتار دەکرێت لە باخچەیەکی خراپ بەڕێوەبراوی ئاژەڵاندا. من بیرم نایە دیمەنێکی لەمە خەمناکترم بینیبێت. شەقامی عەرەبی، دژ بێت یان هەوادار، لە هەر دیمەنێکی تری سۆزی قەرەباڵغی جوانتر نیە. خەڵکێکی بەساڵداچوو، چەشنی ئەو منداڵانەی کەمتر شەڕانی بوون، خەڵکەکەیان کەمێك بردە دواوە و کەمێك دەرفەتی قسەکردن ڕەخسا. بە گشتی منداڵان زۆر دڵگەرم بوون و بە پیر ئەوانەوە دەهاتن کە تازە دەگەیشتن. یەکێکیان گوزارشتێکی سەیری کرد لەبارەی هەلیکۆپتەرێکی جەنگییەوە کە بۆردمانی دەکرد و بە پەنجە گەورەی ئیشارەتی بۆ سەرەوە کرد. ( بە گشتی منداڵان کات و ساتی وا خۆشیان هەیە لە بارودۆخی ئاوهادا، بۆیە من ڕقم لەخۆم دەبووەوە کە ئەو هەموو دەموچاوە ترشاو و پەڵە پەڵە و عازەبە گەستووەم دەبینی ). گەلێ کەس لە گەورەکان زۆر نیگەرانی و ناڕەزاییان دەربڕی و پیاوێك بەناڕەزاییەوە دەستی ڕادەوەشاند "بۆچی وەك ئاژەڵ وێنەمان دەگرن؟ ئەم شتە ئاوها دەکرێت" و ئەوجا لە ژێر چاکەتەکەیەوە کارتی بەشە خۆراکی حوکوومەتی عێراقی دەرهێنا و بەیارمەتی وەرگێڕەکەم بۆم ڕوون بووەوە کە ئەمە لیستێکی ئەو خۆراکە کەمەیە، کە وەك باوك لە خێزانێکی چوارکەسیدا، لە حیزبی بەعسی

وەردەگرێ. پیاوەکە بە تووڕەییەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەوی بەهەڵپەیە شتەکان بۆ خۆی زەوت دەکات و ئەو ڕای وانیە ئەمە مامەڵەیەکی ڕەوا بێت و ئەوەشی ڕوونکردەوە کەوا زۆر کوەیتیەکانی خۆش ناوێ. لەوێدا بۆنێکی کەسکوونی ئێرەیی لەو قسانە دەهات و عێراقیەکان چەندین ساڵە ئەوەیان دەدرێ بە گوێدا کەوا دراوسێ عەرەبەکانی باشووریان دەوڵەمەند و قەڵەون و هەر بۆ ئەوە دەشێ تالان بکرێن و ئەو سامانە نەوتەیان لە دەست دەربهێنرێ کە بە میرات بۆیان ماوەتەوە. بۆ ئەم پیاوە و خەڵکی تریش، شووڕەیی بوو دەست پان بکەنەوە بۆ سواڵ و سەدەقەی ئاوها سەرچاوەیەکی بەدڕەفتار و پیس.

"بووش، بووش!" بەردەوام سروودێك بوو لە سەر زاری منداڵان و قیژەقیژیان بوو و بگرە هەندێکیشیان بەمە وێنەگر و کامێرا بەدەستیان جەنجاڵ کردبوو لەهەمان کاتیشدا زیرەکانە منداڵەکانی تریان دەنارده دەوری جانتا و بوتڵە ئاوەکان. ژنێکی کوەیتی، کە نەیویست لە پاسەکە دابەزێت هێندەی زانی مێرمنداڵێك پەلاماری دا و دنیایەك جنێوی سووکی پێدا. کەمێکیش پێشتر، پیاوێك بە ناوی عەجەمی سەعدون خاڵس، کە سەدام کوڕێك و برایەکی کوشتبوو بە کوڵ کەوتە گریان لە بەردەمی هاوکارێکی ڕۆژنامەنووسمدا و وتی:

"ئێوە ئێستا دێن، درەنگ هاتن، بۆچی ئەوەندەتان پێچوو؟" بەڵام دیسان ئەمەش فەسڵێك بوو لە بێدەسەڵاتی و ملکەچی و دژایەتی. من گەلێ لە پیاوانم بینی بە ئاشکرا ستایشی سەدام حوسێنیان دەکرد." ئەو تاقە سەرکردەی موسڵمانە" و " تاقە سەربازی عەرەبە". بەڕاستی ئەمانە هەموو جوینەوەیەکی سەرشۆڕانە



و لاساییکەرەوەی پڕۆپاگەندەی بەردەوامی ڕژێم بوو، بەڵام ئەمانە ماوەیەك دوای ئەوە دەوترانەوە کە سوپاکەی سەدام تێکشکابوو یان هەڵاتبوو و ئەوانیش بە تەمای یارمەتی و خێر پێکردنێکی زیاتر نەبوون.

پیاوێکی تر کە چەفتە و جامانەیەکی سووری لەسەرکردبوو قۆڵی گرتم و وتی"دوێنێ بە چاوی خۆم سەربازێکی بەریتانیم بینی لە سەر ئەم ڕێگایە دەسڕێژی لە دوو منداڵی بچووك کرد و کوشتنی". ئەم شوێنە کەرتی بەریتانیا بوو و پۆلیسی عەسکەریی بەریتانیاش لە شارەکەدا بوون. بۆیە داوام لێکرد باسێکی زیاترم لەو بارەیەوە بۆ بکات و وتیشی" ئەو بە M16 تەقەی لێکردن". من ئەم سکاڵایەی پیاوەکەم گەیاندە ئەفسەرێکی بەریتانی لەو نزیکانە، ئەگەرچی دەیشمزانی کەوا هێزەکانی بەریتانیا M16 یان پێ نیە و تەماشا دەکەم چاوبەستی دەکا و خۆ دەدزێتەوە. پێموت "تۆ واز لە ئەفسەرەکە بێنە، ئەی کوا لاشەکانیان؟" "ئا لەو لایەوە ناشتمانن"، "ئەی کوا پرسەکە یان؟" ،"کات نەبوو بۆ ئەوە". لێرەدا هاوەڵە وەرگێڕەکەم، کە فەلەستینییەکی کەتەی تێکسمڕاو بوو و بە عومەری ناودەبەم دەستی گرتم و وتی:"مستەر کریستۆفەر، وەرە ئەملاوە چیتداوە لەمانە، ئەمانە هەموویان درۆزنن". ئەو عێراقییەی کە ئەم قسانەی کرد، بە دڵنیاییەوە درۆزن بوو و کەسێکی هەژار بوو، لە هەمان کاتیشدا نزم و هیچ

و پووچ بوو، بەڵام شتێك لە ناخمدا دەیویست بەرهەڵستیی ئەنجامگیریەکەی عومەر بکات. یان ڕەنگە بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەمەم بۆ باس بکرێت. خەڵکی شارۆچکەی سەفوان باسێکیان یوەنەکرد و هەروەها بەخێرهاتنیشیان نەکردم و پەڕەی گوڵیشیان بەسەرمدا هەڵنەدا چونکە نەیانبوو و لەڕاستیدا ئەوا لە شوێنێکدا دەژین بیابانە. من لە سەردانی پێشترمدا بۆ عێراق سەرسەرمیان کردووم بە میوانداریی لەلایەن ئەو کەسانەوە کە هیچێکی وام بۆ نەکردوون. لەم گەشتەدا بەپێچەوانەوە هەستم بە نەشیاوی و پەشۆکاوییەك کرد. بەڵام لەم بۆنەیەدا، سەربازان و فریاگوزاران و پەیامنێران لە خەڵکەکە زیاتر بوون. باشە لۆکاڵەکان جەژنیان بۆ خەڵك سازکردبوو وا بێپەروا خواردنیان بۆ هەڵدەدان؟ بەتایبەتی ئەوەی ئەوان زۆر پێویستیان بوو و داوایان دەکرد ئاو بوو؟ لە کۆتاییدا و تەنانەت ئەگەر شێوازەکەشی بێکەڵك بێت یان بارێکی تووڕەیی و لاساری وەربگرێت، شکۆ و شانازی بەشێکی پێویستی ڕێزی خۆگرتنە. وەختیٚ کە من ئەویێم بەجێهێشت کاروانێکی گەورە بەڕێوە بوو و تەواوبوونی بۆ نەبوو و تاقم تاقم ئۆتۆمبیل و ئامێری سەنگەرکەن و تانك و زرێپۆش هاوشانی گەورەترین هێڵی ئیمداد لە تەواوی چیرۆکی جەنگدا و بە هەموو ڕێگایەکدا تا چواردەوری بەغدا درێژبووبۆوە. دەبیٚ ئەوە بگوتریٚ کەوا سەربازانی هاوپەیمان ئاڵای نیشتمانیی خۆیان لە سەر خاکی



عێراق بەرز ناکەنەوە. چاکە، بەڵام هەڵە لە بنەچەیاندا ناکرێت و دانیشتوانی خانووە قوڕە بستەباڵاکان بۆڕەیان لێهەڵدەستێنن بیٚ ئەوەی تەماشای ڕاستو چەپ بکەن.

بیرم دێتەوە کەوا پێشتر شتێکی تاڕادەیەك هاوشێوەم بینیوە. ئەویش لە ڕۆمانیا، ساڵی ١٩٨٩، کاتیٚ کە ڕژێمە کالیگۆلاکەی نیکۆلای چاوچیسکۆ لەلایەن سوپا و خەڵکەوە ڕووخێنرا. من ئەوکاتە لە ترانسلڤانیا بووم و لەگەڵ خۆم هەندیٚ وێنەی فۆتۆگرافی ئەو دکتاتۆرەم هێنایەوە، کە لەگەڵ ئێلینا ژنە ترسناکەکەیدا بە گوللە دابێژرابوون و لە سەر زەوی کەوتبوون. لە یەکەم ڕۆژەکاندا کەس بڕوای بە ڕاستیی ئەم وێنانە نەدەکرد و بە بیری هیچ کەسێکدا نەدەهات کە پیاوێك ئەم هەموو ماوە دوورودرێژە مێشکی میللەتەکەی داگیر کردبوو بە ڕاستی مردبێت و تەنانەت لاشەکەشی ڕابکێشرێت. هەروەها لە زەوییە نزمانەکانی پانوپۆڕی باشووری عێراقدا، تەنها بە ساڵداچووان ڕۆژگاری پێش سەدامیان بیردەکەوێتەوە. کۆڵۆنی کردنی مێشك بە شۆك و تراوما و ڕاچڵەکین هێشتا هەر بەردەوام خێر و سەدەقەیەکی زۆری دەویٚ بۆ ڕەواندنەوەی ئەم مۆتەکە بەئاگاو خەوتووە. ڕێك چەند مانگێك لەمەوپێش، دانیشتوانی سەفوان ناچارکران سەد لە سەد دەنگ بۆ سەدام حوسێن بدەن لە ڕیفراندۆمێکی ڕەسمیدا. ئەمە چی پێدەڵێن کە تەحەمولی ڕێوڕسمێکی ئاوها سادی و ماسۆشی بکەیت؟ دوو ڕێگا هەیە بۆ هێشتنەوەی ئاوها بەرەنگارییەك بۆ ڕێز لەخۆگرتن. یەکەمیان نیشانەی مافیایە، کە واتلێبکات بە درێژایی کات لەگەڵ بەرپرسە لۆکاڵەکاندا هەڵبکەیت و فێری ڕێگەیەکی گوایگووبیت بۆ بزە خستنە سەر لێوان. ئەویتر

نیشانەی ستۆکهۆڵمە کەوا کەمێك خرت و پشی دەرەوەی ئەو "ئەمن و ئاسایشە" دەکەیت کە بەرپرس دەتوانێ دابینی بکات. تەنانەت منداڵەکانی سەفوانیش بابەتەکانی ئەم وانەیەیان لەبەرکردووە.

چەند ڕۆژێکی کەمی پێچوو بۆ تەواوکردنی نیاز و مەبەستە قێزەونە ڕۆژنامەوانییەکەم سەبارەت بە پێ قایم کردنم، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بووە، لە سەر خاکی تازە ڕزگارکراوی عێراق و ئەزموونی کۆتاییم نەگەیشتووەتە ئەو لووتکەیەی بڵێم تەواوە. بەڵام من لەسەرەخۆ منەتباری ئەوەم کە بڵێم وا من لە سەر خاکی "ڕزگارکراو" کاتی تەواوم هەیە. دوانزە ساڵ بەر لە ئێستا، هەموو کوەیت بە زەبری هێز داگیرکرا و بوو بە نۆزدەمین پارێزگای عێراقی پاوانخواز. وڵاتانی عەرەب و ئیسلام پێشتر شەڕیان دەبوو، یەکتریان داگیر دەکرد و زیان و کوشتاری وایان لە یەکتر دەکرد لە چەشنی ئەوەی ئەگەر ڕۆژئاواییەکان بیانکردایە پێیان دەوتن بەربەری، بەڵام تا ساڵی ١٩٩٠ هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی ئاوا بە سانایی قەوارە و بوونی دەوڵەتێکی عەرەبیی تری هەڵنەوەشاندووەتەوە. بیرخەرەوەکان حازربەدەستن و تەنها چەند میلێك لەولای سەفوانەوە کێڵگە نەوتەکانی ڕومێلە دەسووتان. کێڵگەکە خۆی لە سەر سنووری نێوان عێراق ـ کوەیتە و یەکێك بوو لەو دەسکەوتانەی سەدام لە ساڵی ١٩٩٠ دا چاوی تێبڕیبوو. ئەم کێڵگەیە زیاد لە هەزار و شەشسەد بیرە نەوتی تێدایە و دە دانەیان لەلایەن بە عسییە پاشەکشە کردووەکانەوە گڕی تێبەردرا لە یەکەم سەعاتەکانی ئەم جەنگەی ئێستادا و هەندێکیشیان هێشتا هەر ئاگری لێ بەرزدەبێتەوە. گەرمییەکە هێندە بە تاوشت و دۆزەخ ئاسایە کەوا



لمی دەوروبەری دەمی بیرەکانی کردووەتە شووشە و لە هەمان کاتیشدا ئاسمانی تاریك کردووە بە دووکەڵی خنکێنەر ( تەکتیکی گەمارۆی سامناك لەو شێوەیەی سەدەکانی ناوەڕاست، کە خۆی لە هەڵکەندنی چاڵی گەورەی پڕ لە نەوتی ڕەشدا دەنواند لە بەسرە و بەغدا، بۆ بەرگریکردن لە ڕژێم ). بەڵام لە ساڵی ١٩٩١ دا و لە کاتی پاشەکشەدا، سەدام فەرمانیدا ئاگر بەردرێتە زیاد لە شەش سەد بیرە نەوت و لوولە نەوتەکانیشی ڕۆکردە نێو کەنداو و ئەنجام ئاگرێکی بێئامانی لێکەوتەوە.

وێرانکردن و گڕتێبەردانی هیستێریا ئامێزی سامانی گشتی، لە مارتی ٢٠٠٣ دا، بەراورد ناکرێ لەگەڵ دۆزەخە نەوتییەکەی شوبات ـ مارتی ١٩٩١ دا، لە ڕووی قەبارە و ئەندازەیەوە، بەڵام ئەوە یارمەتی دەربڕینی تەواوی ئایدیای ئەو جەنگە دەدات کەوا "هەمووی لە سەر نەوتە". ئالێرەدایە کەوا سەرکردەیەکی سادی ئەگەر نەتوانێ نەوت بۆ خۆی پاوان بکات ئەوە گڕی تێبەردەدا و ژینگەی سەرتاپا هەرێمەکەش ژەهراوی دەکات. پیاو هەمان یادەوەریی تاڵ پیادە دەکات کاتێ کە مامەڵە لەگەڵ لوورەی ئاگادارکردنەوەی تاڕادەیەك ڕۆژانەی بۆمباراندا دەکات لە شاری کوەیتدا. بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو عێراق ساروخی گرتە کۆڵۆنییەکەی جارانی خۆی. تێرمی گشتیی بۆ ئەمانەش "سکۆد"ە و هەمیشە ڕوونیش نیە چ جۆرە چەکێك دەگرنەوە. کاتێ کە دێینە سەر بەرگری کردن لە ساروخ، شاری کوەیت لە ڕووی تیۆرییەوە باشترین پایتەختی بەرگری لێکراوە و جۆری نوێی پاتریۆت، ڕۆکێتی کڵاوەی جەنگی و ئەوانی تریش دەگرێتەوە و تەنها پارچە فەرامۆش دەکات. لەبەر ئەوە ئێمە

نەماندەزانی ئەم ساروخە ئەفسانەییانە سموودن یان ئەبابیل و بە واتایەکی تر ئایا ئەمانە ئەو ساروخانەن لەو مەودایەدا بن کەوا نەتەوە یەکگرتووەکان قەدەغەی کردوون یان ئەوەیە کە بلیکس لەڕاستیدا ئەو ساروخانەی قەدەغە نەکردووە کە بە کوەیتەوە دەنرێن. کاریگەرییەکەشی لەسەر ئەرز تاڕادەیەك هاوشێوە بوو: لەگەڵ یەکەم لوورەی ئینزاردا خەڵکەکە خێرا خۆیان کردە ژێر زەمینەکاندا و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش پێیان لە سەر ئەوە دادەگرت کە چ جیاوازییەك لەمەسەلەکەدا نیە. من ئیستیسنایەکی بچووکی ئەمەم بینی لە دوا دوایی مارتدا، کاتێ کە لە نیوەڕۆدا ئینزار لێیدا بەڵام دنیا یەکپارچە باوتۆز و گەردەلوول بوو، کەس هیچی لە ئاسماندا نەبینی. دەنگی دوو تەقینەوەی گەورە هات، تەنانەت پێش ئینزارلێدانیش و لەم کاتەدا تەماشام کرد چەند پەیامنێرێك لە شەقامەکاندا خۆیان سەغڵەت کردووە و خەریکن ئامێری ماسکی گاز لە سەر دەکەن.

لە کەش و هەوای تێکەڵ و پێکەڵی لم هەڵدان و نەوت سووتاندندا، پیاو دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە هیچ پلان و ستراتیجێك لەلایەن بەغداوە ئامادە نەکراوە. کەواتە مەسەلەی ئەم ساروخ هاوێشتنە چی بوو؟ تاقە ساروخێك لای سەرەوە و لە عێراقەوە هەڵدەدرا مانایەکی نەبوو ئەگەر بارگەی کیمیایی یان بایۆلۆجی پێوە نەبووبێت. بەڵام ئێمە بەردەوام پەلامار لە دوای پەلامار دڵنیا دەکراینەوە لەلایەن بەتەرێیەکی چیکی مەشقپێکراوی تایبەتی پارێزگاریی چەکی کیمیاوییەوە کە مەسەلەکە وانیە و پێچەوانەیە. ناخۆشترین شەو ئەو دوا ساروخە بوو کەمن لەوێ بووم و پێدەچوو



ساروخێکی کرووزی چینی لە جۆری سیلك وۆرم Silk worm توانیبێتی لە ژێر ڕادارەوە تێپەڕببێت و خۆی بکێشێت بە بازاڕێکی ناوجەرگەی شاردا. ( ساروخی سەرکەوتوو ئەوەیە کە یننزار ئاگاداری نەبێت). بەڵام ئەو هەوڵەش هێز و کاریگەریی کەمتر بوو لە ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژ کراو. بە هەمان شێوەش ئەو تۆپبارانە بوو بەسەر پاسە فریاگوزاریەکانی ئێمەدا هاژەی کرد، کاتێ کە لە سەنگەرێکی ڕێگادا وەستابووین و لە شوێنێکی لای چەپمانەوە ناڵەیەکی گەورەی لێ بەرز بووەوە.

ئێمە لە کاتی خۆیدا وەستاین‌و خۆمان کێشایەوە ڕێك لە نزیك دۆڵی میتلاعەوە. ڕاڕەوی میتلاع ڕێگایەکە بە دەربەندێکی دوورودرێژدا کەوا شاری کوەیت دەبەستێ بە باشووری عێراقەوە. ئێرە ساڵی ١٩٩١ بوو بە شانۆی دڕندەییەکی سامناك کە لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە بەرپاکرا. کاروانێکی هێجگار گەورەی عێراقیەکان لە کوەیت دەکشانە دواوە و لێرەوە تێپەڕ دەبوون، پاش خۆبەدەستەوەدانی سەدام حوسێن و تاتوانیبوویان سەلاجە و تەلەفزیۆن و خۆراك و جلوبەرگیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. لەم بیابانەدا فڕۆکە کەوتنە بۆردمان کردنی پێش و پاشی ئەم کاروانی بێ کۆتاییەوە و ڕێگای چوونەپێش و کشانەوەیان لێگرتن و دایانبێژان.

دواتر فڕۆکەوانەکان بە خۆشییەوە باسیان لەم ڕووداوە دەکرد وەك"ڕاوە قەلەموون" و ماوەی چوار سەعات بۆمباران کراون و پارچە بۆمب لە هەموو لایەکەوە داباریوە بەسەر دزە بێدەرەتانەکاندا. ئەوجا پاشماوەکانیان بە چەکی زرێپۆش ونجڕ ونجڕ کردووە و چواردەوریان بووە بە ئاگر. ئەنجامی ئەم قەسابخانەیەش لاشەی پارچە پارچە بوو

بەسەریەكدا كەوتووە بە شێوەیەك تەنها كتێبەكەی میشێڵ كێڵی بە ناوی ڕۆژی شەهید Martyrs’ Day، كە لە سەر"یەكەم" جەنگی كەنداو دەدوێ، باسی دەكات.(مێشێڵ لە ٣ ی نیسانی ٢٠٠٣ دا، لە نزیك فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتیی بەغداوە كوژرا، كاتێ كە لەگەڵ تیپی سێی پیادەی ویلایەتە یەكگرتووەكاندا بوو. مێشێڵ پەیكەری خۆی لە دڵو دەروونی گەلێ دۆستی عێراقیو ئەمەریكیدا بە جێهێشت، بەڵام ئەو كتێبە جوانترین یادگارییێتی ).

لە دۆڵی میتلاعدا، دیسانەوە دركم بەوە كرد كەوا ڕاپۆرتدان لە سەر كۆتایی درێژترین جەنگی كورت یان كورتترین جەنگی درێژ دەكەم، كە ویلایەتە یەكگرتووەكان لە ژیانیدا كردوویەتی. ئەو لە سەفواندا بوو لە ساڵی ١٩٩١دا، لە پاش دەركردنی سەدام حوسێن لە كوەیت و لە كاتێكدا كە خەڵكی شیعەی باشووری عێراق ئینتیفازەیەكی بێئومێدیان بەرپاكردبوو، كەوا جەنەراڵە ئەمەریكاییو عێراقییەكان لە كۆبوونەوەدا بوون بۆ ئاگر بەسێكی سەربازی. تۆماری ڕەسمیی كۆبوونەوەكان تەواوی چیرۆكەكە دەگێڕێتەوە. فەریقی یەكەمی ڕوكن سوڵتان هاشم أحمد، كە نوێنەری لایەنی عێراق بوو، داواكارییەكی هەبوو:

"ئێمە خاڵێكمان هەیە، تەنها یەك خاڵ. ئێوە خۆتان زۆر باش بارودۆخی ڕێگاوبانەكان و پردەكان و ئامرازی پەیوەندیكردن دەزانن. ئێمە داوای ڕەزامەندیتان دەكەین كەوا هەندێ جار هەلیكۆپتەری شەركەرمان دەوێ بۆ گواستنەوەی هەندێك لە بەرپرس و كاربەدستان، كاربەدەستانی حوكومەت یان هەر بەرپرسێك كە



پێویست بێت لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر بگوێزرێتەوە، چونكە تەواوی ڕێگاو پردەكان لە دەستچوون".

بۆ ئەم داواكارییە زیرەكانە، جەنەراڵی سەركەوتوو نۆرمان شوارزكۆف بەسنگفراوانییەوە ڕەزامەندیی پیشاندا و لە وەڵامدا وتی"بە هیچ جۆرێك كێشە نیە" بە مەرجێ ئەم هەلیكۆپتەرانەی سەدام بەسەر پێگە ئەمەریكاییەكاندا نەفڕن. هاشم أحمد بە زەحمەت بڕوای هێنا كە بەخت یاوەرێتی، وەك مەحزەری كۆبوونەوەكان دەریدەخات:

( شوارزكۆف: "من دەمەوێ لە تۆمار كردنی ئەوە دڵنیابم كە هەلیكۆپتەری سەربازی دەتوانێ بەسەر عێراقدا بفڕێت، نەك فڕۆكەی جەنگاوەر و بۆمبهاوێژ".

هاشم أحمد:"كەواتە تۆ مەبەستت ئەوەیە تەنانەت هەلیكۆپتەری چەكداریش دەتوانێ بە ئاسمانی عێراقدا بفڕێت، بەڵام نەك فڕۆكەی جەنگاوەر؟"

شوارزكۆف: "بەڵێ، من فەرمان دەدەم بە هێزی ئاسمانیمان كە تەقە لە هیچ هەلیكۆپتەرێك نەكەن كە بە سەر خاكی عێراقدا دەفڕێت بە مەرجێ بە سەر ئەو شوێنانەدا نەبێت كە ئێمەی تێداین..." ).

هەر لەگەڵ ئەوەدا كە حیزبی بەعس و هەلیكۆپتەرە جەنگیەكانی فەرمانیان وەرگرت بارانی ترس و تۆقین لە ئاسمانەوە دایكرد و بوار درا بە دەستەی تایبەتی ئەمن زیاد لە پەنجا هەزار خەڵكی مەدەنیی شیعە بكوژن و مەزارە پیرۆزەكانی نەجەف و كەربەلا

بۆردمان بکەن و هەموو ئەو شوێنانە بگرنەوە کە دواتر خوێنەران بە ناوەکانیان ئاشنا بوون.

بەڵام بۆ خەڵکە بێدەسەلات و بێحاڵەکەی سەفوان، لەو ڕۆژەدا کە من بینیمن نزیکەی دوانزە ساڵ تێپەڕیبوو بەسەر ئەو هەموو شتەی پێشتر بینیبوویان. ئەفسەرە زل و کەیفخۆش و دۆست و دڵپاکە ڕۆژئاواییەکان بزەیان دەهاتە سەر لێوان و مامەڵەی خۆشیان لەگەڵ خەڵك دەکرد. پاش چەند میلێك هەڵکشان و لە شاری قەلعە سوکەردا، مارینزەکانی ۲۰۰۳ گەیشتن و وەرگێڕێکی ڕێپیشاندەریان لەگەڵ بوو بە ناوی خضیر العامری، کە ساڵی ۱۹۹۱ سەرکردایەتیی ڕاخیبوونیکی کردبوو لەو شارۆچکەیەداو پاشان هەڵاتبوو بۆ ڕزگارکردنی ژیانی خۆی. لەو دەمەوە لە سیاتڵ کاری دەکرد و لەم هێرشەشدا وەك خۆبەخش هاتبوو، پیاوێکی خۆشەویست بوو و دەوروبەری خۆی دەناسی. ئەگەر لەسەر ئەو شیوازە ئامادەکاریی هەواڵگریی بکرایە، ئەودەمە کەمتر تالان و تۆقین و تۆڵە دەکرایەوە. کاتێ کە ئەم دێڕانە دەنووسم وێرانکردنی مۆزەخانەی نیشتمانی و کتێبخانەی نیشمانی لە بەغدا سڕیان کردووم و کارەساتێکە بە پێشێلکاریی و دەست نەپاراستنی مەغۆلەکان لە پیرۆزیی شوێنەواری کۆن بەراورد دەکرێ. کەواتە ئەمە لەپای چی، ئەگەر ئێمە و هاوپەیمانە عێراقی و کوردەکانمان لە ساڵی ۱۹۹۱دا کۆتاییمان بە ڕژیمی سەدام بهێنایە؟

ئەو هاوینە من لە کوردستانی عێراق بووم و کاتێ تەماشای تێبینی و وێنە کۆنەکانم دەکەم مووچڕکەم پێدا دێت. ئەمە هەموو



شتەکانە. قوربانیانی بۆمبارانی کیمیایی شاری هەڵەبجە، کە هەندێك لەوانە برینەکانیان هێشتا هەر دەسووتێت و چڵك و کێمیان لێدێت. دێهات چۆڵ دەکرێت و دەسووتێنرێت بە پاکتاوی ڕەگەزیی سەدام، لە خاکێکی ڕەشداگەڕاودا کەوا دێتە بەرچاو لە نێو دۆزەخدا دێ و دەچێ. ئاوارە ڕووسپییەکان و شێواوەکانی باشوور چیرۆکی ئەو ستەم و داپڵۆسینە دەگێڕنەوە کە ڕۆح ئازار دەدا. بەڵام مەوکیبی ئەو ئۆتۆمبیل و بارهەڵگرانەی بۆ ئاهەنگگێڕان ڕێدەکەن و هاوار دەکەن "بووش،بووش" و وێنەی بوشی گەورەیان کردووەتە جامی سەریارەکانیانەوە. ئاوارەکان لێیان دەگەڕێتەوە و یەکەمجار دەمارگرژ و دوودڵن و پاشان کەیفخۆش دەبن، چونکە ساڵانێکی زۆر ناچاری کۆچکردن بوو بوون. بەرەوڕووبوونەوەیەکی لابەلا بەرپا بوو لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی هێزی مارینزی بەریتانی کەوا چل کۆماندۆیەك دەبوون و پاسی ڕێگاکەیان دەکرد.(کاپتن میشێڵ پەیج و مولازم دۆمینیك مای لە شارۆچکەی ئامێدی سەرنجێکیان دامێ و پێیان وتم: "هەندێ لە تاقمی سەدام ویستیان شتێك دروست بکەن لەم گوزەرەی ئێمەدا کاتێ کە شەو داهات، بەڵام هیچیان پێنەکرا ). بەبێ بوونی ئەوان و سەربازەکانی تر لەوانەبوو هەلیکۆپتەرە جەنگییەکان ئەو ساڵە قڕیان بخستایەتە کوردستانیش. ئەو دەمە هەندێ جار بە کوردستانیان دەگوت "بووشستان"، نیوەی بە گاڵتە و نیوەی لەڕووی ڕێزەوە. بەڵام ئێستا باوەڕ ناکەم تاقە یەك وێنەی بوشی گەورە لەم هەرێمەدا هەبێت. خۆزگە دەمزانی ئێستا هۆشیاری برادەرم و هەموو ئەو پیاوە ئازایانە لە کوێن، کەوا کەم و زۆر لەو دۆڵ و چیایانەدا دەیانگێڕام؟ تۆ بڵێی گاڵتەتان نەیە بەچاودێری و پارێزگاریی زلهێز؟

تۆ بڵێی نیگەرانی ئەوە نەبن کە لەوانەیە ئەمجارەش سەدام دوانزە ساڵی تر حوکم بکاتەوە؟

ئەو دوانزە ساڵە چەپاوکەر و چڵێس خواردیان. ناوقەدی دارەکەی عێراق بۆخۆی ڕزی و چڵوپۆپەکانیشی ژاکان. هەموو ئەم ماوەیە کرمێکی هێجگار زۆر و تێرنەخۆر سەریان کردبووە جەرگی ئەم وڵاتە. بازرگانیی بوو بە فێڵ و ساختەکاری و مافیاکان بازاڕیان بۆ خۆیان قۆرخ کرد، ئابڵووقە و سزاکان ورگی هەژارانیان دا لە مەنگەنە و دەوڵەمەندیان قەڵەو کرد. کۆشکی ئاودەست ئاڵتوون بنیات دەنرا بۆ لاقرتی کردن بە دانیشتوانی گەڕەکە هەژارەکان و خەڵکی بەتۆپزیی بەسەربازگیراو. چینێك لە خەڵکی گەوج و نەفام و نەخوێندەوار و تووڕە و تڕۆ بێ ڕێز پەروەردە کران. کاتێ سەرۆکی فەرماندە ویستی شەعبیەت بۆ خۆی پەیدا بکات، وەك چۆن لە ڕیفراندۆمە قەبە و درۆینەکەی ئەم دواییەیدا کردی، جاڕی لێبووردنی‌دا بۆ دز و ناموس ئەتککەر و پیاوکوژان، کە ئەمانە هەوادار و پشتیوانی سرووشتیی ئەم بوون. ( کەچی زیندانە سیاسییەکان لە شوێنی خۆیان مانەوە و ڕەنگە چەندین ساڵ بخایەنێ بۆ ئێمە تاوەکو تەواوی گۆڕەکانیان بدۆزینەوە ). ئەم کرمانە تا ئاخر ڕۆژ بەردەوام بوون لە سەر ترۆقە و حوکم کردن، بەردەوام گەنگرین و چڵك و کێمیان دەکردە جەستەی کۆمەڵگاوە، پرۆپاگەندەی درۆ، ترس و لەرزی سڕکەری ئاینی بڵاودەکاتەوە. لەولاشەوە منداڵە زۆڵەکانی خەریکی ئەوپەڕی سەرسەرێتی و بێناموسی بوون. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە مرۆڤ لە هەر خەرسارێك ئەقڵێك وەربگرێت ئەوە من دەچمەوە پاڵ ئەوانەی بڕوایان وایە کە دەبوو ڕژێمی سەدام



حوسێن ساڵی ١٩٩١ بڕووخایە. ئەو دەمە هەندێ ساتەوەختی سەخت دەهاتە پێشەوە بەڵام ئێستا عێراق لە پرۆسەی وڵات بنیاتنان ( یان بنیاتنانەوە)دایەو زۆرێك لەوانە دەکرا لە کەش و هەوای مەترسیداری سەربەستی و بڕیاری چارەی خۆنووسیندا بژیایەن.

من پێ لە سەر توخمی مەترسی دادەگرم چونکە هێندە شلوشاو دەهاتە بەرچاوم، پێش بەرپابوونی شەڕ، کەوا زۆرێك لە ڕەخنە گرانی داوای مەحاڵیان دەکرد. ئەوان دەیانگوت دڵنیامان بکەن لە سەرکەوتنێکی سووك و ئاسان و ئێمەش پشتیوانیی خۆمان ڕادەگەیەنین. هەروەها دەیانگوت دڵنیامان بکەنەوە لە چەمکێکی خاوێنی پرۆژەکە، کە هیچ سازش و ناپاکییەکی پێشتر لەکەدار نەبووبێت. لەسەروو هەموو شتێکیشەوە دڵنیامان بکەنەوە کەوا نەوت بەهیچ شێوەیەك مەبەست نیە و جیاناکرێتەوە و گفتوگۆی لەسەر ناکرێت. من لێرەدا ئیتر لەوزەمدا نەماو ئۆقرەم لێ بڕا. وەك جارێکیان فەرەدریك دۆگلاس نووسیویێتی، ئەوانەی داوای ڕزگاری دەکەن بێ هیچ شەڕ و شۆڕێك لەو جۆرەن کە داوای جوانیی زەریا دەکەن بێ نرکە و ناڵەی هیچ ڕەشەبا و زریانێك.( ئەمە بە شێوەیەکی ڕێکتر و هاوچەرخانەتر بەم جۆرەی لێدێت: "نە عەدالەتی و نە ئاشتی" ). ئاوڕێك بۆ دواوە بدەرەوە ئەگەر مەبەستتە و ئەو پێشبینیە وریاکەرەوانە بخوێنەوە کە نوقلانەیان بۆ لێدەدرێت. تووشبوونێکی سەربازی دروست دەبێت، شەقامی عەرەبی هەڵدەسێت و هەوادارانی ئوسامە بن لادن سەرکردایەتیی دەکەن و ئاوی دڵی خۆیان دەدەن بە تۆڵەکردنەوە. ئیسرائیل ئەم هەلە دەقۆزێتەوە بۆ پاککردنەوەی ڕۆخی ڕۆژئاوا و غەزە لە فەلەستینیەکان. تورکیاش باکووری عێراق داگیر

دەکات. چەکی کیمیایی و دەمارەگاز و زۆر لەوانەش کە سەدام نەیبوو، بێجیاوازیی بەکاردێت. لاشەی خەڵکی مەدەنی لە هەموو لایەك کەڵەکە دەبێت. بەدەر لە هەر وڕێنەیەکی ئەدەبی، من تەنها ئاماژە بۆ بەڕێز سکۆت ڕیتەر دەکەم، کەوا قاڵبووی کۆڕی تێکۆشانی"ئاشتییە" و لە دووەم هەفتەی هێرشی هاوپەیماناندا دەنووسێ:

"ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆڕدەخوات و کلکی دەخاتە ناوگەڵی و ئێرە بەجێدەێڵێ. ئەمە جەنگێکە ئێمە ناتوانین بیبەینەوە. ئێمە ئەو ئامراز و کەرەستە سەربازییەمان نیە بتوانین بەغدای پێ بگرین و لەبەر ئەم هۆیە من باوەڕم وایە کە نوشستی هێنانی ویلایەتە یکگرتووەکان لەم جەنگەدا گومان هەڵناگرێ".

ئەو چەند ڕۆژە کەمەی لەو ناوەدا بووم هاوزەمان بوو لەگەڵ شلۆقییەکی بەرچاوی هێرشی هاوپەیمانان و داڕووخانێکی خێرای وورەی دامودەزگاکانی ڕاگەیاندندا.( یان وردتر بڵێین بەرزبوونەوەی وورەی گەلێك لەوانەی خۆیانو ناوبانگیشیان خستبووە ناو سیاریۆیەکی بەزینەوە ). من کە سەرکێشی دەکەم لەم ڕووەوە دەڵێم دەبێ خۆم لەو میزاجە بەدوور بگرم چونکە لە ڕووی سیاسییەوە من لە بەرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و کوردیدام، بیبەنەوە یان بیدۆڕێنن و تائێستاش هەروام. ئەوان تا ئێستاش هەر نەیانبردووەتەوە، ئەگەر بێینە سەر ئەم لایەنەیان و ڕەنگە ئەم جارەیان، یان ئەم نۆرەیان، نەیبەنەوە. بەڵام دەرفەتیان لەپێشە و لەپێناوی هەمووماندا چوونەتە شەڕەوە. با تەنها سەرنجێکی پڕ لە لاقرتی بدەینە تاقمی بێمانای دژە جەنگ سەبارەت بەوەی کە دەڵێن بەڵگەیەك نیە بۆ سەلماندنی



پەیوەندیی نێوان سەدام حوسێن و تاقمی چەتەی نێودەوڵەتیدا. سەدان جەنگاوەری توندڕەو لەپێناوی ڕژێمدا لە وڵاتانی ترەوە هاتوون وەك پیاوکوژی ئیسلامی و لە پشتی قەڵغانی مرۆیی دانیشتوانی ناوخۆدا خۆیان حەشارداوە. تەنانەت ڕۆبەرت فیسکیش کە سەرسەخترین پەیامنێری دژە بوشە، ڕاپۆرتی ئەوەی داوە کە هەندێك لەم توندڕەوانە لە ئوتێلی فەلەستین مێریدیاندا خۆیان قایم کردووە، کە جێگەی دەزگا نێودەوڵەتیەکانی ڕاگەیاندنە و بۆ سەرنەکەوتنیان دەگرین. زۆر باشە، ئێستا کێ بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەم پەیوەندییەی لە نێوان سەدام و هێزەکانی جیهاددایە دوێنێ دەستی پێکردووە؟ دۆزینەوەی سەدان پشتێنی خۆکوژی بەڵگەیە، وەك من لەم مەسەلەیە گەیشتبێتم. دۆزینەوەی ئەو پشتێنانە لە قوتابخانەیەکدا ـ تۆ بڕوانە لە قوتابخانەیەکدا ـ لە بەغدا بەڵگەیە بۆ نیازی شەڕخوازییان. گرتنی خۆشبەختانەی ئەبو عەباس، بکوژی قارەمانی لیۆن، ئەمیش بەڵگەیە کەوا سەدام حوسێن لەڕاستیدا بەشێکە لە تەوەری شەڕخوازی و بوو بوو بە پەنادەر و مەشقپێکەر و پارەدەری خڵتە و هەرچیوپەرچیی سەر گۆی زەوی و ئامۆژگاریی وەهم و خەیاڵی جەنگی داگیرکاری و دەسکەوتو ناپیرۆزی دەکرد، بۆ سەر موسڵمان وەکو یەك. سەیر لەوەدا نیە کە ئەو لەکۆتاییدا لە مەسەلەکە کرایە دەرەوە بەڵکو لەوەدایە کە ئەم ماوە زۆرە ڕێگەی پێدرا گەنگرین و خراپەکاریی خۆی بڵاوبکاتەوە.

بەڵگەی ئەم دەساڵە و زیاتری کاتی بەفیڕۆدراو لە هەموو شوێنێکی کوەیتدا بەدیدەکرێت و تا ئێستاش سامناکییەکەی هەر لەبەرچاوە، تەنانەت پاش تێپەڕبوونی دوانزە ساڵیش.( "شەقامی"

کوەیت بێ هیچ دوودڵی و گومانێك دەیویست ئەم جەنگە بکرێ ). ئالێرەدا جێگە و شوێن هەبوو وەك زیندان و ژووری ئیعدام کردن بەکاردەهێنرا بۆ هاوڵاتیانی عەرەب و موسڵمان . ئێرە ئەو شوێنەی لێیە کەوا شێخ ئەحمەد ئەلجابیر، ئەو پیاوەی کە لە سەرکردایەتیی ئەم وڵاتەدا لە هەمووان زیاتر لایەنگری فەلەستینیەکان بوو، لەلایەن داگیرکەرە بەعسییەکانەوە کوژرا. لێرەیە کۆمیتەی هاوڵاتیانی کە تا ئەمڕۆش بەدوای زانیاریدا دەگەڕێ لە سەر سەدان کەسی دیلی جەنگی کوەیتی کە بەچاوبەستراوی ڕاپێچ کران و جارێکی تر کەس نەیبینینەوە. ئالێرە بوو کتێبخانە و مۆزەخانەکانی کوەیت تاڵان و وێران کران. عێراق بەڵێنی قەرەبووکردنەوەی دا و حیسابی ئەمە و تاڵان و چەپاوەکانی تری لە UNدا کردەوە و ئێستاوئەوساش جێبەجێی نەکرد. کەواتە بۆ هەموو ئەمانە بوو، نەك تەنها لەبەر ئارەزووی نەخۆشی بەدەستهێنانی چەکی کۆکوژ، کە سەدام سزایەکی وێرانکەری کێشا بە کۆڵی وڵاتە بێبەختەکەیدا.

لەمانە هەموو بۆگەنێکی پیس بەجێماوە و بە شوێن کەسێکی ناسراو و دەرکەوتوویانەوەیە. علی حسن المجیدی ئامۆزای خودی سەدام حوسێن، کرا بە بەرپرسی کوەیتی داگیرکراو بۆ ئەو حەوت مانگە پڕ لە دڕندەیی و ستەمکارییە. ئەو ئەم پلەو پایە چەپەڵەی بە هۆی ئەوەوە پێبڕا کە فەرمانی پاکتاوی ڕەگەزی دەرکرد بۆ کوردستانی عێراق لە نێوان ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ دا و لەو ماوەیەدا شانازیی بە بەکارهێنانی بەرفراوانی تەکنیکی کیمیاوییەوە دەکرد بۆ داپڵۆسینی دانیشتوان . دەتوانی لەو کاسێتە بەدناوەوە گوێت لێبێت چی بەدەم ئەو کابرایەدا دێت: "هەر هەموویان بە چەکی کیمیایی



دەکوژم، کێ دەتوانێ قسە بکات؟ کۆمەڵی نێودەوڵەتی؟ داکیان دەگێم...". بەداخەوە، ئەو ڕاوبۆچوونە نزمەی لە بارەی کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە ڕاست بوون – یان بەلایەنی کەمەوە ئەوکاتە وابوو. نازناوەکەی "عەلی کیمیایی" لە میدیاکاندا زۆر خۆش دێتە سەر زمان. ئەم کابرایە بە پێی هەموو لیستێکی"داوا کراوانی" مافی مرۆڤ لە جیهاندا داواکراوە، لە بەر کوشتن و ئەشکەنجەدان و دەستدرێژی کردنە سەر شەرەف و ناموسی خەڵك. لە شوباتی ٢٠٠٣ دا دانرا بە فەرمانەی هەرێمی باشووری عێراق و لەجیاتی سەدام هەموو کار و فەرمانێکی بەدەست بێت. ڕێگایەکی ئاسان بۆ گۆڕینی گوزارش و دەربڕین، لە شەقامە سیخناخەکانی سەفواندا، ناوهێنانی ئەم کابرایە بوو، کەوا کارێکی وایدەکرد لەپڕ ترس و نائارامیی دەموچاوی خەڵکەکەی دادەگرت.

کوردستان، کوەیت و ... پاشان کاوکردنێکی بێبەزەییانەی داب و نەریتی خۆڕسك و سەربەخۆی عەرەبی زۆنگاوەکانی نزیك بەسرە، کە دووکەڵی خەستی وێرانکردنی خاکی باوباپیریان لە کەشتیی ئاسمانیی ئیندیڤەرەوە Endeavor بەدیدەکرا. شوێنێك هەیە لە سەر ڕێگەکەی سەروو سەفوانەوە جێگەیەکی ئەم بنەماڵە تاوانکارەیە و هەرگیز بیرناچێتەوە. لە سەرەتای نیساندا، لە شوێنێکی دەرەوەی بەسرە، علی حسن المجید بەر ساروخێکی ڕێنمالیزەر درا و ( هیوادارم و باوەڕم وایە ) لەتوپەت بووبێت. ئەم ساروخە وردتر ئامانج دەپێکێت لەوانەی لە مبارانەکانی ساڵی ١٩٩١ دا بەکاردەهات. ملیۆنان عێراقی و کورد لەدڵی خۆیاندا بەم بۆنەیەوە ئاهەنگیان گێڕا ( دواتر ڕوون بووەوە کە علی حسن المجید

نەپێکراوە و دوای ئەوە بە ماوەیەك دەسگیر کرا ـ و). لە نزیك تکریتی زێدی ئەم تاقمەوە شارێکیتر دەکەوێتە ڕۆخی ڕۆژهەڵاتی دیجلەوە سەروەختێك شارێکی جوان و دڵڕفێن بووە و مەزاری دوو ئیمامی گەورە و منارەیەکی پێچەڵێچی تێدایە کە یەکێکە لە سەرسوڕهێنەرەکانی ناوچەکە. لە سەدەی نۆیەمدا و وەختێ کە زۆرێك لە ئەورووپاییەکان پۆشاکی چەرمیان لەبەردا بووە ئەم شارە پایتەختێکی درەوشاوەی بنەماڵەی عەباسییەکان بووە. من دەڵێم "سەروەختێك شارێکی دڵڕفێن" بووە، چونکە ئێستا بووە بەو شوێنەی کە زۆرترین پشکنینی تێدا ئەنجام دەدرێت لە عێراقدا و بە پێی دانپیانانێکی ڕەسمی لە شوێنێکیدا چوار هەزار تەن گازی خەردەل و VX و سارین و توخمە کیمیاییە مۆتەکەکانی تری تێدا بەرهەمهێنراوە. ئەگەر مەراقتە بزانی، ئەو شارە ناوی سامەڕایە و زۆر دەمێکە چاوەڕێی پێگەیە.

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بەرایی | ٧ |
| پێشەکی ـ دووربینی | ١٠ |
| ماکیاڤیللی لە میسۆپۆتامیادا | ٤٠ |
| جەنەراڵی سەرتەخت | ٤٦ |





| | |
|---|---|
| تیرۆریزم | ٥١ |
| دژە ئەمەریکایی | ٥٧ |
| ئیمپریالیزم | ٦٢ |
| فرەلایەنی و یەکلایەنی | ٦٨ |
| چەکی کۆکوژ و پشکنین | ٧٣ |
| نەگریس | ٧٨ |
| خۆپارێزی و بەربەست | ٨٣ |
| گۆڕینی ڕژێم | ٨٨ |
| ئاوارەیی و مەملەکەتان | ٩٣ |
| ئەمە بجوو | ٩٩ |
| کاوبۆی | ١٠٨ |
| سەربازگیری | ١١٣ |
| ئەو مشکەی نەڕاندی | ١١٨ |
| پشکنینی پشکنینەکان | ١٢٤ |
| تەپڵ کوت | ١٢٩ |
| تورکیا هیچ ناڵێت | ١٣٥ |
| پەرسای درۆینە | ١٤٢ |
| ئەنجامە نەخوازراوەکان | ١٤٨ |
| دەرفەتێک بۆ ئاشتی | ١٥٣ |
| مەرایی | ١٥٦ |

| دوا وتـــــه | ١٦٣ |
|---|---|
| نـــــــاوەرۆک | |

# زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان لە ساڵی ٢٠٠٤

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | ساڵی دەرچوون | وەرگێر |
|---|---|---|---|---|---|
| رۆشنبیرو دەسەڵات | عەرەبی | سعدالدین ابراهیم | رۆشنبیری | ٢٠٠٤ | هەڵكەوت عەبدوللا |
| شانۆ لە چەند وتارێكدا | عەرەبی | عەونی كەڕومی | شانۆیی | ٢٠٠٤ | پەروەر نەجمەدین |
| ستراتیژیی سەربازیی | فارسی | ریچارد كاگلەر | سیاسی | ٢٠٠٤ | دلێر میرزا |
| نامەیەك دەربارەی لێكبوردن | فارسی | جۆن لۆك | فەلسەفی | ٢٠٠٤ | شۆڕش جوانڕۆیی– فەرشید شەریفی |
| مەولاناخلیدو تەریقەتی نەقشبەندی | فارسی | سەید گاهر هاشمی | فیكری | ٢٠٠٤ | دلێر میرزا |
| سێ شانۆ نامە | عەرەبی | جان كۆكتۆ ئۆین ج. ئارنۆ میشێل دی. ئۆنامۆنۆ | شانۆی | ٢٠٠٤ | هەورامان قانع |
| راپۆرتی برۆدی | فارسی/ | خۆرخە لویس | چیرۆك | ٢٠٠٤ | یاسین عومەر |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | عەرەبی | بۆرخس | | | |
| بیرەوەرییەكانی هەڵەبجە | كوردی | بەكر حەمە صدیق | مێژووی | ٢٠٠٤ | بەكرحمە صدیق/ كوردی<br>دلێرمیراز/ فارسی<br>م. حسن عبدالكریم/ عەرەبی<br>فوئاد تاهیر/ ئینگلیزی |
| رەهەندەكانی ناسیۆنالیزم | فارسی | كۆمەڵێ نووسەر | نەتەوەیی | ٢٠٠٤ | ئارام جمال |
| ریفراندۆم باشترین شێوازی خەباتە | سویدییەوە | تۆم گولبێری | سیاسی | ٢٠٠٤ | ئیدریس ئیبراهیم |
| شانۆی پانتۆمایم | عەرەبی | بورهان قەرەداخی | شانۆی | ٢٠٠٤ | بورهان قەرەداخی |
| گوڵەزەر | عەرەبی | جەنگیز ئیمتاتۆف | رۆمان | ٢٠٠٤ | جەوهەر كرماج |
| پاژنەی ئاسنین | عەرەبی | جاك لەندەن | رۆمان | ٢٠٠٤ | كەمال غەمبار |
| خەناوكەیەك بۆ سەر میناز | فارسی | ئەحمەدخان ئەبوبەكر | رۆمان | ٢٠٠٤ | ئەبوبەكر خۆشناو |
| ئەندامێكی میت | توركی | محەمەد ئەیمور | سیاسی | ٢٠٠٤ | ئارام عەلی عەزیز |
| كورتترین رێگەی سەركەوتن | فارسی | رۆبیرت ئۆریلی | دروونناسی | ٢٠٠٤ | سالار عەبدلرەحمان |
| كۆماری مهاباد | كوردی | عەبدوڵلاّ ئەحمەد رەسول | مێژوویی | ٢٠٠٤ | سەلمان عەلی |
| چوار وتاری شیشرۆن | فارسی | رحمەت الله مقدم مراغەی | فەلسەفی | ٢٠٠٤ | شۆڕش جوانڕۆی– كامل ئەحمەد بەگ |
| جوغزە گەچینە | عەرەبی | برێخت | شانۆ | ٢٠٠٤ | عومەر عەلی ئەمین |
| نیوەكەی تری جیهان | عەرەبی | چەند نووسەرێكی بیانی | چیرۆك | ٢٠٠٤ | نوری سەعید قادر |
| مافەكانی ژن لەدەتپێكەوە | فارسی | نای بن سەعدون | رۆشنبیری | ٢٠٠٤ | كارزان محەمەد |
| بەناو ئیسلامەكان | عەرەبی | د.رەفعت ئەلسەعید | فیكرییە | ٢٠٠٤ | حەسەن عبدالكریم |
| سەرچاوەكانی زانی و نەزانی | فارسی | كارل پۆپەر | فیكرییە | ٢٠٠٤ | ناسڕ سەلاّحی |
| دەوڵەت و كۆمەڵگەی مەدەنی | فارسی | ئەنتۆنیۆ گرامشی | فیكرییە | ٢٠٠٤ | مامەند |
| كاریگەریی هەڵچوون | عەرەبی | هیمداد مەجید عەلی | یاساییە | ٢٠٠٤ | دلێر میرزا |
| خاكەكە ماچ كە | ئینگلیزی | ئەلیزابیپ لایارد | رۆمان | ٢٠٠٤ | عەزیز گەردی |
| ئازارەكانی هونەرمەندێك | عەرەبی | یوسف رانسیس | هونەرییە | ٢٠٠٤ | ئاری بابان |
| جینۆساید لە عێراقدا | ئینگلیزییەوە | میدڵ ئیست ووّچ | سیاسییە | ٢٠٠٤ | محەمەد حەمەساڵح تۆفیق |
| لۆكاچ | فارسییەوە | ئیمری جورج | فیكرییە | ٢٠٠٤ | مەنسوری |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | تەیفووری |
| ئەلف و بێ کوانتەم | ئینگلیزی | ف. ریدنیك | فیزیایی | ٢٠٠٤ | د. بایەزید حسن عبدالله |
| قبور غیر هادئە | ئینگلیزی | هیومان رایتس | دمافی مرۆڤ | ٢٠٠٤ | محمد حمە صالح توفیق |
| هونەری جەنگ | عەرەبی | سۆن- تزو | عەسکەریی | ٢٠٠٤ | رئووف حەسەن |
| لەنێو دڵی شانۆدا | | | شانۆیی | ٢٠٠٤ | مەحمود زامدار |
| یەکبوونی قەومی کوردو ماد | فارسی | حەبیبوڵڵای تابانی | فارسی | ٢٠٠٤ | جەلیل گادانی |